# ئەرەستۆ

# بانگهێشت بۆ فەلسەفە

# ئەرەستۆ

# بانگهێشت بۆ فەلسەفە

## (کتێبێکی دۆزراوەی ئەرەستۆ)

وەرگێڕانی

**سەنگەر حاجی**

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

هەولێر - ٢٠١١



دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **بانگهێشت بۆ فەلسەفە (کتێبێکی دۆزراوەی ئەرەستۆ)**
- ئەرەستۆ
- وەرگێڕانی: سەنگەر حاجی
- نەخشەسازی ناوەوە: ڕێدار جەعفەر
- بەرگ: حەمیدە یوسفی
- ژمارەی سپاردن: (٤٥٣) لە ساڵی ٢٠١١
- نرخ: (١٥٠٠) دینار
- چاپی یەکەم: ٢٠١١
- تیراژ(٥٠٠) دانە
- چاپ: چاپخانەی ڕۆژهەڵات (هەولێر)

زنجیرەی کتێب (٥٥٧)

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

## گووتە نەمرەکانی ئەرەستۆ:

– ((مرۆڤەکان، بەهۆی سروشتەکەیانەوە، هەموویان بۆ مەعریفە تێدەکۆشن)).

(ئەرەستۆ، میتافیزیک، ئەلفا)

– ((دروستکراوەکانی خوداو سروشت شتی پووچ نین))

(ئاسمان)

- ((تەنیا یاسا حاکم و دەسەلاّتدارە، ئەو یاسایەی، کە گووتەکەی دەربڕی حیکمەت و تێفکرینە. کێیە دەتوانێت نوێنەرایەتی پێوەری وردمان بۆبکات و بۆمان ببێتە ڕێنیشاندەر جگە لەمرۆڤی دانا؟)) (پرۆتریپتیقۆس)

- ((ئەو پەندەیی دەڵێت: چەقۆ مەدە دەست منداڵان، واتای ئەوەیە هێز مەدە دەست پیاوی خوێڕی))

- ((ئەو کەسەی بەهەموو توانایەوە بەدوای حەقیقەتدا دەگەڕێت، ئەوە، کە کامڵترین ژیانی شیمانە بۆکراوی هەیە))

- ((ژیانی خاڵی لە وردبوونەوە لەمرۆڤ ناوەشێتەوە)) (بەرگری سۆکرات (ئەپۆلۆژیا))

# پێشەکی

کتێبێکی ونبووی ئەرەستۆ! لەدەستچوو لەگەڵ ئەو گفتوگۆیانەی، کە لەگەنجییەتیدا نووسیبوونی، جگە لە ناوەکانیان و چەند کۆپلەیەکی پەرت و بڵاو هیچی دیکەیان لێ نەماوەتەوە. ڕاستە هەندێك لە نووسەرە پێشینەکان ناونیشانە ڕاستەقینەکەیان زانیبوو ((پرۆترێپتیقۆس))[1] و هەندێکیان چەند کتێبێکی دیکەیان داناوە کە هەمان ناونیشانی هەیە، کە داوای فەلسەفاندن و پێویستی فەلسەفە دەکات بۆ ژیانێکی بەختەوەر. ئەوەش ڕاستە، کە ئەوان ئەو دەربڕینەی، کە تارۆژی ئەمڕۆشمان لەناو کتێبە فەلسەفییەکاندا باوە لێیانەوە وەرگرتووە- ئەویش ئەم دەربڕینەیە، کە دەڵێت: ((فەلسەفاندن پێویستە، لەوکاتەشدا دەبێت فەلسەفاندن بکەین، یانیش پێویست نییە، ئەو کاتەش هەردەبێت فەلسەفاندن بکەین بۆ ئەوەی پێویست نەبوونەکەی بسەلمێنین، لەهەردوو بارەکەشدا دەبێ فەلسەفاندن هەربکەین))[2] ..، بەڵام ئەم کتێبە زیاتر لە بیست و سێ سەدە لەڕیزی ونبووەکاندا مایەوە.. حاڵەتەکە لەنیوەی کۆتایی سەدەی چوارەمی بەر لەزایین هەتا نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم وەکو خۆی مایەوە تا ئەو کاتەی زانایەکی ئەڵمانی کتێبێکی لەبارەی گفتوگۆکانی ئەرەستۆ بڵاوکردەوە و تێیدا پرسیارێکی لەبارەی ناوەرۆکی ئەو کتێبە ونبووە و ئامانجەکەی خستەڕوو. لێکۆڵینەوە لەم پرسیارە سەرگەردانەوە دەستیپێکرد و تایەکەی سەد ساڵی تەواو سووڕایەوە تا کتێبە ونبووەکە پێکهێنرایەوە، کە لەژێر دەستتدا دەیبینی.

* * *



ئەگەر چاومان لەو پێرستە کۆنانە پۆشی، کە دانراوەکانی (مامۆستای یەکەم)[٣] یان ژماردووە، لەچاخە کۆنەکاندا دوو دەق دەبینینەوە کە ناوی ((پرۆترێپتیقۆس)) ی ونبووی بەناوهێنانێکی ئاشکرا تێداهاتووە، ئەسکەندەری ئەفۆدیسی (دەورووبەری دووسەدە پاش زایین) گەورەترین شرۆڤەکاری ئەرەستۆ دەڵێت[٤]: ئەرەستۆ تێیدا پرسیار لەبارەی پێویستی فەلسەفاندن دەخاتەڕوو بۆئەوەی بگەیە بەختەوەری و ژیانێکی ئاکاریی چاك، یان پێویست نەبوونی فەلسەفاندن، ئەسکەندەر ئەوە دووپاتدەکاتەوە، کە ئەو بەڵگەی لەسەر پێویستی فەلسەفاندن پێشکەشکردووە، کاتێك ئەوە دەخاتەروو، ئەو کەسەی بەرەنگاری فەلسەفە دەبێتەوە بەبەهانەکەیەوە ئەوە دەسەلمێنێ کە کاری فەلسەفاندن دەکا. خەمی ئەرەستۆ ئەوەبوو بەرگری لەراستی ئەو دەربڕینە بکا کە ئەفلاتون لە گفتوگۆی ((بەرگری)) دا لەسەر زاری سۆکرات هێناویەتییەوە[٥]: ((ژیانی خاڵی لە گەڕان و وردبوونەوە ژیانێکە لەمرۆڤ ناوەشێتەوە، ئەگەر بە ئەرگۆمێنتی دیکەش بەسەری ببا، کە لەتاقیکردنەوەی ژیان و تێڕوانینی بۆ ژیان وەریگرتووە)). هەرچی دەقەکەی دیکەیە، کە باسی ئەم کتێبەی تێداکراوە دەگەڕێتەوە بۆ (زینۆن) ی داهێنەری بەرهەیوانیی (دەورووبەری ٣٣٦ بۆ ٢٦٤ پ.ز) کەلەمامۆستا سەگییەکەی ((کراتیس)) (یان (ئۆکراتیس) ی قوتابی دیوجینیسی سەگیی) دەگێڕێتەوە[٦]، کە رۆژێك لە دوکانی ((فلیسکوس)) ی هاوڕێ پینەچییەکەی دانیشتبوو، کراتیس کتێبی ((پرۆترێپتیقۆس)) ی ئەرەستۆی بۆ دەخوێندەوە، کە پێشکەشی (لسیمیسون) ی پاشای قوبرسی کردبوو تێیدا پێی گوتبوو: ((هیچ کەس وەکو تۆ بارودۆخ ئامادەی نەکردووە بۆ ئەوەی ژیانی پێشکەشی فەلسەفە بکا، تۆ دەوڵەمەندی، و دەتوانی پارەی پێویست بدەی بۆ ئەوەی وەدەستی بێنی، تۆ پێگەیەکی دیارت هەیە)). پینەچییەکە گوێی لەوە گرتبوو، کە هاوڕێکەی بۆی دەخوێندەوە بێ ئەوەی خۆی لەکاربکا. کراتیس پێیگووت: ((فلیسکۆسی ئازیز پێموایە من کتێبێکت بەهەمان ئەو ناونیشانە پێشکەش دەکەم، بەڕای من تۆ زۆر لەوکەسە زیاتر سەوداسەری فەلسەفەی کە ئەرەستۆ کتێبەکەی پێشکەشکردووە))..

ئەگەر چیرۆکی فەیلەسوفە سەگییەکە راست بێ یان بەخەیاڵی خۆی چنیبێتی، ئەوا مەژگەکەی لە خوێنەر شاراوە نییە. ئەو دەرۆزەکەرە خەمگینە — کە چاخە کۆنەکان

گەڕانەکانی لە گوند و ئامۆژگارییەکانی بۆ هەژاران بە زوهد و دواتر گەڕانەوە بۆ ژیانی ئاسایی بەخۆوە بینیوە- ویستوویەتی بڵێ: پینەچییێکی دەست و پێ سپی تواناداترە بۆ ژیانی فەلسەفی لە پاشایەکی خاوەن دەسەڵات و پێگەیەکی بەرز و دەوڵەمەند. لەوە گرنگتر ئەوەیە ئەگەر ((پرۆترییپتیقۆس)) ی ئەرەستۆ لەناوخەڵکی نەناسراوبایە لەنیوەی کۆتایی سەدەی چوارەمی بەر لەزایین، ئەوا چیرۆکەکەی نەدەگێڕایەوە و دوای ئەویش زینۆن لەدوای نەدەگووتەوە.

هەرچۆنێك بێ ئێمە جگە لەم دوو دەقە کە باسی کتێبەکەی ئەرەستۆیان تێدا هاتووە هیچ دەقێکی دیکەمان لەبەردەستدا نییە، هیچ یەکێکیش لەم دووانە سوودێکمان پێناگەیەنن لەوەی، کە تێیدا گوتراوە. سەدەکان تێپەڕین و نەوەکانی بەدوادا هاتن، تا زانای ئەڵمانی ج.برنایس (لەکتێبێکدا لەساڵی ١٨٦٣ لەبارەی گفتوگۆکانی ئەرەستۆ لەبەرلین بلاویکردەوە) کێشەی ئەم کتێبەی خستەروو و پرسیاری لەبارەی ئامانج و ناوەرۆکەکەی کرد. چاوی لێکۆڵەران دەستییان بە شونهەڵگرتنی کتێبەکە کرد و دەنگدانەوەیان لەنووسراوە بەردەستەکانی ئەرەستۆ و نووسراوی ئەو پێشینانەی، کە ناونیشانی کتێبەکەیان بردبوو و هەوڵی لاساییکردنەوەی شێواز و فیکرەکانیان دەدا، گوێ لێ دەبوو. کارەکە وەکو خۆی مایەوە تا زانای ئینگلیزی بایووتەر[٧] ئەو تاریکییەی ڕەواندەوە، کەدەوری بابەتەکەی دابوو و ئەوەی سەلماند کە کتێبێك بەهەمان ناونیشان، کە هی لیامبلخیوس (لەشوێنپێهەڵگرانی ئەفلاتونی نوێیە ٢٧٠-٢٧٣ز)، پاژێکی گەورە لەخۆدەگرێ کە دەقاودەق لەکتێبەکەی ئەرەستۆ وەرگیراوە. ئەمەش هەوڵی زانایانی لە وڵاتە جیاوازەکانی جیهاندا بەدوادا هات بۆ لێکدانەوەی دەقەکە و لێکۆڵینەوەی شێواز و بابەت و ناواخنەکەی و دڵنیابوون لەوەی، کە هی ئەرەستۆیە. قسەکانمان زۆر درێژە دەکێشن ئەگەر بمانەوێ بەدوای ناوەکانیان و وردەکاری ئەو جیاوازیانەدا بچین، کە لەنێوانیاندا[٨] هەبوو و تا ئێستاش ماوە، لەم پێشەکییەدا ئەوەمان بەسە، کە لایەنە گشتییەکانی مێژووەکەی باس بکەین و شیکاری کتێبەکە و دەرکەوتنی و ناواخنەکەی بخەینەڕوو.



* * *

ئەرەستۆ کتێبەکەی پێشکەشی پاشایەکی قوبرسی نادیار کردووە، کە ((سیمیون))ە. وادەردەکەوێ ئەو بەو پێشکەشکردنە لێدانێکی لێهاتووانەی لە ڕکابەرەکانی داوە و ئەوەی سەلماندووە، کە ئەویش هاتۆتە ناو ئەو مەیدانەی، کە پێشتر تەنیا هی ئەوان بوو. هەرچەندە بارودۆخی سیاسی ئەو سەردەم پەیوەندی ڕاستەخۆی بەناواخنی کتێبەکەوە نییە، ئەوا ئامانجی سەرەکی لەپشت ئەم کتێبە گەڕاندنەوەی تیری ڕکابەرەکانییەتی (بەتایبەتی ئیزۆکراتیس[٩] خاوەنی گگووتاری ((ئەنتیدۆزیس))، کە تێیدا ڕەخنەی لەپرۆگرامی فێرکردن و پەروەردەکردنی ئەکادیمیا گرتبوو و سەرۆکی یەکێکە لەو دوو قوتابخانە فەلسەفیە ڕکابەرانەی لەئەسینادا هەبوون ئەوانەی هێرشیان کردە سەر مەعریفەی تیۆری، ئەوەیان بەگەنجان گووت کە فەلسەفە — بەوەی کە، مەعریفەیەکی پەتییە- لەژیانی کارەکیدا نەپێویستە و نەهیچ سوودێکیشی هەیە، و بەختەوەری بەتەنیا لە جێگیری ڕەوشت و کرداری چاکدایە.

بۆیە ئەو بانگهێشتە ڕوونەی کە کتێبەکە لەخۆی گرتووە بۆ بەپیر فەلسەفەوە چوون، لەراستیدا بانگهێشتێکە بۆ گەنجە ئەسینییە ململانێکەرەکان لەبەردەرگای هەردوو قوتابخانە ڕکابەرەکە و پاڵنەرێکە بۆیان بۆ ژیانی تێفکرین، کە تاکە ژیانە شایەنی مرۆڤ بێ.

* * *

ئەرەستۆ بانگهێشتەکەی بە ئاماژەکردن بۆ گرنگی فەلسەفە و پرسیارکردن لەبارەی فەزیلە و چاکە دەستپێدەکا، ئەوە دەردەخا، کە هیچکامیان وەدەست نایێن تەنیا لەرێگەی مەعریفەیەکی کتومت وەك خۆیان نەبێ، بێ ئەو مەعریفەیە بوونی خاوەنداریەتی دەرەکی لە سامان و هێز و پێگە مەترسیدارن و هەڕەشە لەمرۆڤ دەکەن و زیانی زیاتر پێدەگەیەنن

نەك سوود. ئەو مەعریفەیەیە، کە نرخی چاکەکان زیاتر دەکا. لەراستیدا، ئەو نرخەکەی لەم زیاترە، چونکە ئەو تەنیا لەبەر ئەم نەهاتووە، بەڵکو ئەو لەخودی خۆیدا نرخە، بگرە ئەو ئەو نرخەیە، کە بەها بەهەمموو ئەوانەی دیکە دەدا، بەمەش مەبەستی یەکەم کۆتایی پێ دێ بە سەلماندنی ئەوەی، کە فەلسەفە شیمانە بۆکراوە.

پاشان مامۆستای یەکەم لەگەڵ رکابەرەکانی ئەوانەی، کە گومانیان لەو ئەنجامە هەیە و ئەوە لەناو گەنجان بلاودەکەنەوە، کە فەلسەفە لەژیانی کارەکیدا هیچ پێویست نییە و بێ سوودە ، تێکدەگیرێن. وا وەڵامی ئەو بەرهەڵستییە کۆنانە دەداتەوە بەوەی خودی فەلسەفە شایەنی ئەوەیە بەدوایدا بگەڕێی، چونکە چاکترین خێرە، کە رەنگە مرۆڤ بتوانێ پێی بگا. لەکاتێکدا، کە مەبەستی سروشتی مرۆڤ مومارەسەکردنی عەقڵ بێ، ئەوا ژیانی عەقلانی تایبەت بە وردبوونەوە و تێڕوانین ئەرکی ڕاستەقینە و واجبی یەکەمیەتی، بەهۆیەوە دەگاتە کەماڵی خۆی و بەختەوەری دەدۆزێتەوە. ئەگەر هەندێك ئەو ژیانە بەوە تۆمەتبار دەکەن، کە بێ سوودە، ئەوا ئەرەستۆ ئەوە دەردەخا، کە ناکرێ لە بایەخی کەمبکرێتەوە لەلای یاساداڕێژەران و سیاسییەکان، بەمەش ئەوە دەسەلمێ، کە فەلسەفە ((بەسوودە)).

ئەرەستۆ لەسەر ڕێگای بانگهێشتەکەی بەردەوام دەبێ بۆ بەرگریکردن لەفەلسەفە، ئەوە دەردەخا، کە بەختەوەری مرۆیی لەسەر چالاکیی عەقڵ وەستاوە و فەلسەفاندن مەبەستی ژیانی مرۆییە بەهۆی هەمان سروشتییەوە، ئەو ژیانەی، کە خاوەنەکەی پێشکەشی عەقڵی دەکا، خۆشترین چێژو پاکترین خۆشییە، کە هەبێ، چونکە چالاکیی عەقڵ تاکە چاکەیە، کە پشت بەئەوانی دیك نابەستێ و هیچ داواکارییەکی دەرەکیشی نییە. بەم شێوەیە ئەرگیۆمێنتەکان لە کۆپلەی کۆتایی (ب١١٠) کۆتاییان پێدێ، کە تێیدا شەپۆلی گەرموگوڕی بەرزدەبێتەوە تادەگاتە لوتکەی هەرەبەرز. فەلسەفە مرۆڤ بەرزدەکاتەوە بۆ سەرزەوی و بۆسەر ونبوون و بەشداریکردنی لەنەمری و خواوەندیەتی بۆ دەرەخسێنێ، وای لێدەکا لەنێوان هەموو دروستکراوەکانی خودادا ئەو لەخودا بچێ...



* * *

ئەمە کۆی فیکرە سەرەکییەکانە لەکتێبەکەدا، کە بێگومان دەربڕی بەرگریکردنێکی راستگۆیانەیە لەفەلسەفە کە لەچەمکی نوێماندا لەوە نزیك دەبێتەوە جۆرێك بێ لە بانگەشەی ئەدەبیی فەلسەفی.. بێگومان خوێنەر هەستی بە ئاوازە گوگووتارییەکەی کردووە، کە لەپاژەکانییەوە بەرزدەبێتەوە (بەتایبەتی لەهەردوو برگەی ب٤٣،٤٤) تاڕادەی ئەو هەراو زەنایەی، کە دەنگی لۆژیك کزدەکا! بەڵام ئەم دەنگە بەرزە هەندێکجار ناتوانێ گەرمی ئەو سۆزە کزبکات کە تێیدا دەگەڕێ و دەیکاتە شایەتییەکی دانپێدانانی راستگۆ، کە فەیلەسوف نموونەی باڵای خۆی لەژیاندا تێدا تۆمار کردووە. هەرچەندە شێوازی کتێبەکە چاودێری ڕۆحی گەنجان دەکات و بەتەواوی جیاوازە لە شێوازی کتێبە فێرکارییەکانی ئەم دوواییانە، کە بەبابەتی بوون و وشکییەوە دەناسرێنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا رەنگدانەوەی تێفکرینی کەسێکی هەراشە و بەڵگەیە بۆ شارەزایی لەژیان و خەڵك و تواناداریی لەسەر ئەرگیۆمێنت و قنیات پێکردن. رەنگە شرۆڤە پتەوەکەی ناواخنی ئەو کتێبە ئەو هەستەمان بۆ دووپاتبکاتەوە و ڕێخۆشکەربێ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی لەزەینماندا خول دەخوات لەبارەی کاتی دانانی کتێبەکە و پێگەی لەناو کتێبەکانی مامۆستای یەکەم و گەشەسەندنە عەقڵی و ڕۆحییەکەی..

* * *

## بانگهێشت بۆ فەلسەفە

١- ئەرەستۆ کتێبەکەی بەو پێشەکییە دەستپێدەکا، کە چیرۆکەکەیمان زانی. دواتر یەکەمین بابەتی سەرەکی تێدا دەخاتەڕوو: بەختەوەری لەژیان لەسەر بارودۆخی ڕۆحی چاکەوە دەبێ (ئەوەش وەك ئاماژەمان پێکرد بابەتێکە ئەفلاتوون پێشتر لەسەر زاری سۆکرات لە گفتوگۆی بەرگریدا دەریبڕیوە، هەروەك ئەرەستۆ لەم برگانەی خوارەوە بۆی دەگەڕێتەوە(١٠))، وەك ئەوەی هەبوونی چاکەی دەرەکی بەبێ بوونی بنەمای ئاکاریی بۆخۆی شەڕە.

٢- ئەرەستۆ لەبارەی ((فەلسەفاندن)) ەوە دەدوێ، دەڵێ فەلسەفاندن دوو بابەت دەگرێتەوە: لەلایەکەوە پرسیارێکە بەوەی ئاخۆ دەکرێ مرۆڤ فەلسەفاندن بکا، و

لەلایەکی دیکەشەوە بەخشینی ژیانە بەفەلسەفە. بابەتی سەرەکی دووەمیش لەخۆدەگرێ، پێویستی فەلسەفاندن و نرخەکەی لەژیانی سیاسی و کارەکیدا دەردەخا[11]. ئەگەر پیشەوەران و خاوەن کارە دەستییەکان باشترین ئامراز لەڕێی تێبینی وەدەست دێنن، ئەوا لەسەر سیاسەتمەدارەکان و پیاوانی ولاَت پێویست دەبێ، کە کۆمەلێك پێوەری هەبن، کە لە سروشت و حەقیقەت وەریگرتبن و بەسەر هەموو ئەوانەدا پەیڕەوی بکا کە دادوەر و جوان و بەسوودن.

هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ ئەو کەسەی، کە ژیانی خۆی بۆ فەلسەفە تەرخاننەکردووە و حەقیقەتی نەناسیوە، بگاتە ئەو پێوەرانە، کە لەمەعریفەی تیۆرییەوە بەپرەنسیپ و هۆیە یەکەمییەکان وەرگیراون، بەلاَم ئەوە، کە ڕێگەمان پێدەدا هەموو کارەکانی خۆمان ڕایی بکەین.

ئەرەستۆ بەردەوام دەبێ لە پێشکەشکردنی نموونە لەژیانی کارەکی و ماددی بۆ ئەوەی ئەوە دووپاتبکاتەوە، کە هەموویان دەستبەرداری مەعریفەی تیۆری نابن. شتە بەرجەستەکان تەنیا ئامرازن، و پێویستە لەسەرمان داوای مەعریفە بکەین بۆ ئەوەی چاك بەکاریان بێنین.

ئەو ئەرگۆمێنتەی بۆ سەلماندنی ئەو بابەتە هێناویەتییەوە هەنگاو دەهاوێ: شتەکان لەڕێگەی پیشەیی بوون و سروشت، یان لەڕێگەی ڕێکەوت و بەخت گەشەدەکەن[12]، کرداری گەشەکردن لەسەر هێلێك دەڕوا لە گەردوونەوە ڕەنگناداتەوە بۆ گەشەکردن و دواتر بۆ وەدەستهێنانی مەبەست و پاشان شیبوونەوە و ئینجا گەندەلی[13]، ئەو کردارێکە دەربڕی حەقیقەتێکی ((بەمەبەست))ە، کە بە ئەنگوستیلەکەی هەموو ڕێبازی ئەرەستۆ مۆردەکا. سروشت خۆی سەرچاوەی هەموو چاکەو جوانییەکە، شێوەی داهێنانەکانی جوان دەبن بەپێی ڕاست ڕۆیشتنی کردارە سروشتییەکەی پێشوو لەسەر ڕێگاکەی، هەروەك بەرهەمی هونەر و پیشەی مرۆڤ جوان دەبێ بەپێی ئەوەی، کە لاسایی سروشت دەکاتەوە و ئەوە کامل دەکا، کە لەسروشتدا بەکەموکوڕییەوە ماوەتەوە.

قسە دەگاتە سەر پێ پلیکانەی گەشەسەندنی سروشتیی زیندوو. سروشت بۆ خۆی یارمەتی دەری ئەوەدەبێ، کە دەبێ ئامانجی بەرزی مرۆڤ وەدەستهێنانی لێهاتوویی عەقل



بێ، کە ناوی دەنێین حیکمەت یان وردبینی (ب١١-١٢)، بەپێی هەمان سروشتیش ئاستی جیاوازی لێهاتوویی عەقل و توانای بیرکردنەوە هەیە. ئەم ئاستانە قالدرمەیەك لە بەها پێکدێنن لەسەر لوتکەکەی ئەو فیکرە چوارمەشقی دانیشتووە کە چالاك دەکرێ و بۆ خودی خۆی هەلدەبژێردرێ. سروشت سستەم و ڕێکخستن بەڕێوەی دەباو ئاگای لەسنوور دەبێ و نایبەزێنێ، ئەو عاقلەو هیچ شتێك بە ڕێکەوت ناکا (ب٢٢-٣٠ ئەمە فیکرەیەکە نوێنەرایەتی کڕۆکی فەلسەفەی ئەرستۆیی دەکا و لەزۆربەی کتێبەکانی مامۆستای مرۆڤایەتیدا هاتووە!) ئایا کارێکی قورسە خەلکی بگەنە ئەو مەبەستە بەرزە؟ ئەرەستۆ جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ژیانی فەلسەفی، یان هەلوێستێکی فەلسەفی لەژیاندا هەرگیز ئامانجێکی نەکردە نییە. بەلکو قورسی وەدەستهێنانی فەلسەفە بەڕای ئەو زۆر کەمترە لەو سوودەی، کە دەیڕەخسێنێ و ئەو خۆشییەی، کە لێیەوە هەلدەهێنجین (ب٣١). لەڕاستیدا، ئاگاداری هەیە لەبارەی داد و دادوەری هەروەك زانیاری هەیە لەسەر سروشت و هەموو بوونەکان و ئێمەش وردە وردە دەتوانین وەدەستیان بێنین (ئەوانەش بەمانا ئەرستۆییەکە ئاکارناسی و زانستی سروشتن). مەسەلەکە لەکۆتاییدا مەسەلەی تێڕوانین و زانستی تیۆری پرەنسیپ و ڕەچەلەکە.[14]

ئەو زانستە پەتییە پێش هەموو ئەو زانستانە دەکەوێ، کە لەدوای شت و ئامراز و بەرجەستەکانەوە دێن، هەروەك پێش هۆی ئەنجام دەکەوێت و مەرج پێشکەشی ئەوە دەکات، کە پەیوەندی پێیەوە هەیە و پشتی پێ دەبەستێ. مەعریفەی یەکەم و سادە، کە لەسروشتدایە سادەتر و ئاسانترە لەمەعریفەی هەرشتێکی دیکە، چونکە هەموو شتێك بێجگە لەخۆیان لەو توخمانە پێکدێ و لەسەری بنیاتدەنرێن. پاشان هەموو ئەو شتەی، کە چاکەیە دیاریکراو و ڕێکخراوە. لەهەمووی گرنگتر ناسینی هۆ و هۆکار و توخمە یەکەمینییەکانە، یان — وەك ئەمڕۆ دەیلێین- ناسینی ((بنیاتی)) بنچینەییە بەشێوەیەك ئەولەویەت هەمیشە بۆ سادەیە لەبەرانبەر لێکدراودا، بەجۆرێك پێش ئەو بنەمایانە بکەوێ، کە لێیەوە هەلدەهێنجرێن.

لەپال لقی زانستی دیکە زانستی چاکیی ڕۆح (یان لێهاتوویی و باشی ب٣٢-٣٧) هەیە. هەبوونی توانای بیرکردنەوە و لێهاتوویی عەقل بەپێی پرەنسیپی مەبەست

چاکترین خێرن، کە دەکرێ مرۆڤ هەیبێ. کێ دەتوانێ پێوەرێکی وردی خێرمان بۆ بەرجەستە بکا و ببێتە ڕێنیشاندەرێکی باش بێجگە لە لێزانی حەکیم؟ پێویستە مرۆڤ جیاوازی بکا لەنێوان ئەوەی چاکەیە و ئەوەی پێویستە. هەتا ئەگەر ئەوەشی بۆ سەلما، کە هەبوونی حیکمەت و لێهاتوویی عەقڵ و تێفکرین لەژیانی کارەکیدا سوودی پێ ناگەیەنن (بەڵکو زۆربەی کات زیانی پێگەیاندووە و هەروەك تاقیکردنەوەی ژیانی ڕۆژانە بۆمانی دووپاتدەکاتەوە!) ئەوە مانای ئەوە نییە، کە تێفکرین لەناو خودی خۆیدا بایەخی خۆی هەڵنەگرتووە، و شایەنی ئەوە نییە لەهەر بارێکدا بەچاکتر دانەنرێ و هەڵنەبژێردرێ (ب٣٨-٤٤). ئەرەستۆ لەکۆتایی ئەو بەشەدا دەگەڕێتەوە بۆ هەمان ئەو ئەرگۆمێنتەی، کە لێیەوە دەستی پێکردبوو (ب١١) مەبەستداری ئەو سروشتەیە، کە ڕووە و وەدەستهێنانی پتەوترین و جوانترین و بەرزترینی دەبا (ب٤٥).

٣- لەگەڵ هەموو ئەو مەترسیانە تێڕوانینی عەقڵی بۆ بنەچەی شتەکان و بنەماکانیان کارێکی سوودمەندە بۆ ژیانی کارەکی[١٥]. سیاسەتمەدار وەك پێشتر لەسەری پێویستە هەندێك ئادگار و پێوانە کۆبکاتەوە، کە لەسروشت و حەقیقەت وەریدەگرێ و لە بڕیاردان لەسەر ئەوەی دادورەی و، حەق و، جوانە پشتی پێ دەبەستێ (ب ٤٧-٥١)، هەرچەندە ناسینی پێوانەکان بەس نییە. واقیعییەتی ئەرەستۆ و شارەزایی لەژیان و خەڵکی وایلێدەکا فەلسەفاندن بۆ کارەکیی بکا وەك ئەوەی فەلسەفاندن بۆ تێفکرین دەکا، بۆیە بێ پێچو پەنا دەڵێ پێویستە پێوەرەکان بکرێنە کردار، و تێفکرین لە پۆشاکی کرداردا بەرجەستە بکرێ. فەلسەفە لای ئەو وەدەستهێنانە بۆ حیکمەت و پراکتیزەکردنیەتی (ب٥٢-٥٣)، تێفکرین بەراستیی کردارە نەك تەنیا وردبوونەوە، مەعریفەیەکە بەرهەمهێنراوە بۆ بەدواداچوون و داهێنان.. ڕاستە ئەو مرۆڤەی ژیانی خۆی بۆ تێفکرین تەرخاندەکا و پێشکەشی فەلسەفەی دەکا لەلایەن خەڵکییەوە نە پاداشت و نە دەستحەقی پێنادرێ، بەڵام بەسەریدا زاڵ دەبێ و بەختەوەری خۆی لە خۆ پێ سەرقاڵکردن و لاواندنەوەیدا دەبینێتەوە (ب ٥٥-٥٧).



٤- ئەرەستۆ پرسیار دەکا: ئەرکی فەلسەفە چییە؟ بۆچی گەیشتن بە حیکمەت مەبەستی سەرەکی ئێمە بوو؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بە قسەکردن لەبارەی جەستە و ڕۆح دەستپێدەکا. لە ڕۆحدا بەرز ئەوەیە کە عەقڵ و لێهاتوویی تێفکرینی وەدەستهێناوە. ئەو پاژە بچووکە (وەك ئەوەی ئەفلاتون لەکۆماردا وەسفی دەکا) عەقڵ (نوس) ە، ئەو بەتەنیا یان لەپلەی یەکەمدا خودی ڕاستەقینەی ئێمە دەردەبڕێ (ب ٥٩-٦٢). هەرچی ئەرکی سەرەکی فیکرە، ئەوا گەیشتنە بە حەقیقەت (ب٦٣-٦٦) و ئێمەش لەڕێی وردبوونەوەی فەلسەفییەوە هەوڵی وەدەستهێنانی دەدەین، و کاتێکیش تەنیا لەپێناو خۆی داوای دەکەین دەگەینە بەرزترین پلەی ڕامان (ب ٦٦-٦٩). دواتر ئەرەستۆ دەچێتە سەر قسەکردن لەسەر زانست و بۆچوون. زانست و مەعریفەی ورد چاکترن هەڵیانبژێری لەچاو بۆچوونێکی ڕاست. چاکترین شتیش بۆ هەڵبژاردن لای مرۆڤ تێفکرینی فەلسەفییە، بۆیە هەموو خەڵکی بەدوای مەعریفەدا دەگەڕێن (هەروەك دەربڕینە بەناوبانگەکەی گووتاری ئەلفا لەکتێبی میتافیزیکدا وا دەڵێ)، ئەو بەشە لەم کتێبەدا لە بڕگەی (ب٧٠) تا (ب٧٧) دەگرێتەوە.

٥- ژیانی عەقلانی لەپاڵ هەموو ئەمانەدا ژیانێکە پڕە لەخۆشی، و خەڵکی ئاقڵ داوای دەکەن بەدوایدا دەگەڕێن بۆ چێژوەرگرتن لە خۆشییە ڕاستەقینەکان و دڵڕفێنییە سەنگینەکان. (ب ٧٨-٩٢). لێرەدا مامۆستای یەکەمین دەبینێ دەرفەت ڕەخساوە بۆ ئەوەی قسە لەبارەی بیرۆکە سەرەکییە ناسراوەکەی بکا لەسەر هێز و کردار، و زۆربەسادەیی دەیخاتە ڕوو، تا خوێنەرێکی ئاسایی لێی تێبگا، جیاوازی دەکا لەنێوان کەسی نووستوو و بەئاگا، لەنێوان ئەو کەسەی دەبینێ و ئەوەی لەتوانایدایە ببینێ، لەنێوان ئەوەی زانایە بەشیمانەوە و ئەوەی، کە مەعریفەی خۆی بەکاردێنێ و پراکتیزەی دەکا، بۆ ئەوەی ئەمە بەوە کۆتایی پێ بێنێ، کەپێگەی کردار زۆر بەرزترە لە پێگەی هەڵچوون، و چاکترین کاری ڕۆحیش تێفکرینە و بەرزترین پلەی تێفکرینیش فەلسەفاندنە، بۆیە هەموو ژیان دەبێتە هی ئەوانەی کرداری پەتییان هەیە، واتە دەبێتە پشکی فەیلەسوفان. ئەوانەن، کە بەمەبەست دەگەن، چونکە ئەوانن کرداری

فەلسەفی ئەنجام دەدەن- لەسەر ئەو بنچینەیەی کە زانستی سنووردار لەسەر هیچ شێوەیەك نەبووە!- لەهەردوو ژیانی تێفکرین و کرداریشدا داوای حەقیقەت دەکەن.

(ب ٧٩-٨٦) لەکاتێکدا، کە ئەو کردارە ئەو پەڕی ڕەهایی هەیە لە هەموو کۆتێك و ئەوە، کە خۆشیی دەڕەخسێنێ، ئەوا ڕوونە کە فەیلەسوف کاملترین ژیان دەژیێ و خۆشترین خۆشیشی هەیە.

لەو ترۆپکە بەرگریکردنە توندە لە فەلسەفە لوتکەیەکی دیکەی دژ دەردەکەوێ ئەوەی، کە ئەرەستۆ پێمان دەڵێ: بەلام بەداخەوە خەلکی بەرژەوەندی خۆیان نازانن و هەوڵ و ماندووبوونی زۆر دەدەن لەپێناو شتی کویرك و خالّی لەهەموو بەهایەك (ب ٨٧-٩٢).

٦- ژیانی چالاك لەشێوەی دروستی خۆیدا بەمشێوەیە دەبێ — واتە ژیانی عەقلانی- مەرجی پێویستە بۆ گەیشتن بەبەختەوەری. لێرەدا ئەرەستۆ بانگهێشتی هەموو خەلکی دەکا بۆ داواکردنی بەختەوەری بۆ ئەوەی سەرلەنوێ ئەوە دووپاتبکاتەوە، کە فەلسەفاندن ژیانی تەواو بەختەوەرییە، یان لایەنی کەم سەرکەوتووترین هۆکارە بۆ گەیشتن پێی (ب ٩٧-١٠٢).

٧- ئەرەستۆ ئەرگۆمێنتێکی دیکەی ڕەوانبێژیی دێنێتەوە و ئاوازێکی رەشی پێ دەستپێدەکا، کە لەئاوازە خۆشیی ئامێز و ئاهەنگییەکەی پێشتر ناچێ. ئەو هەڤبەرێك دەکا لەنێوان ژیانی خەلکی ئاقلّ و ژیانی ئەو کەسانەی خەمی ژیانی خۆیان تەنیا لە ژیان چڕدەکەنەوە جا بەهەر نرخێك بێ.. تێڕوانینی بازی خەمبار تووشی لەپڕمان دەکا، کەبەسەر دۆلّی تارماییەکانەوەیە. ئەو شتانەی، کە لەچاوی خەلکییەوە مەزن دەردەکەون، ڕاستییەکەیان ئەوەیە تەنیا یاری سێبەرن.

کۆتایی ئاوازە خەمۆکەکە دەگا و لە دەسەلاتداران و شاعیرانی کۆنەوە ئەوە وەردەگرێ، کە ژیانی مرۆڤ لێخۆشبوونێکە لەگوناهێکی گەورە، کە وەدەستمتنهێناوە، بۆ ئەوەی لەکۆتاییدا بگاتە دلّە تاریکەکە خۆی و وێنەیەکی لەبیرنەچووەوەی ئەو زیندانیانە دروستبکات، کە لاشەی مردووەکان بەخۆیانەوە دەنووسێنن و بەشێوەیەك دەمووچاویان دەکەوێتە بەرانبەر یەك، و ئەندامەکانیشیان بەیەکەوە دەنووسێن[16] (ب ١٠٥-١٠٧).



ئایا مامۆستای یەکەمین ویستوویەتی لەژیانی ئاسایی خۆمان ڕابکەین، کە پڕیەتی لە تەماع و سامان و دەوڵەمەندی و ناوبانگ و شتی دیکە لە بەخشراوە دەرەکییە لەخشتەبەرەکان بۆ ئەوەی لەسەریانەوە بچینە سەر شوێنی تایبەت بەفەلسەفاندن، یان تاقیکردنەوە و خوێندنەوەکانی بەسەریدا زاڵ بوونەو ملکەچی ئەم وێنە ئازارهێنە بووە؟ وەلامەکە هەرچییەك بێ، ئەوا وشەکانی کۆتایی توندترین بەرگرین، کە دەکرێ لەبارەی فەلسەفەوە وێنا بکرێن: هیچ شتێکی خودایی لەمرۆڤدا نییە تەنیا یەك شت نەبێ، کە شایەنی ئەوەیە بۆی ماندووبین، ئەویش عەقلّ و بیرکردنەوەی حەکیمانە (یان فەلسەفاندن)ە.

ئەو ژیانەی خالّی دەبێ لە وردبوونەوە ژیانێکە خالّی دەبێ لەهەموو بەهایەك و شایەنی مرۆڤ نییە.. (ب ١٠٨-١١٠)

* * *

ئەرەستۆ کەی ئەم کتێبەی داناوە؟ ئایا داهێنانێکی گەنجانەی ((سادەیە))، یان داهێنانێکی پیاوانەی ((ئالۆز))؟ ئایا بەلگەیەکمان لەسەر کاتی نووسینی هەیە، یان تەنیا مەزەندەیە؟ ئایا لەکاتی نووسینیدا قوتابییەکی بەوەفای ئەفلاتون بوو، یان توانیبووی لە هەژموونی ئەو دەربچێ و بیر لەخۆی بکاتەوە و بنیاتی ڕێبازەکەی بەرزبکاتەوە؟ ئایا هێشتا گەنج بوو، یان پیاوێك بوو لە پێستێکی ڕسکاودا دەرکەوتبوو؟

کۆمەلێك پرسیارن، کە وادەردەکەوێ ئێمە بەدلنیاییی تەواوەوە وەلامەکانیانمان دەستناکەوێ. ئەوەی لەدەستماندێ ئەوەیە بۆچوونی زانایان بخەینەڕوو، کە هێشتا و تا ئەمڕۆ لەسەر لێواری بۆچوون و لێکدانەوە و مەزندە دێ و دەچێ...

* * *

بۆچوونی زۆربەی لێکۆلەران لەوکاتەوەی، کە زانای ئەلمانی ((ییگر)) کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی لەبارەی ئەرەستۆوە لەسالّی ١٩٢٣دا نووسیبوو- ئەوەبوو، کە ئەرەستۆ هەموو ئەو کاتەی، کە بەقوتابیەتی و مامۆستایی لەئەکادیمیای ئەفلاتوندا

بەسەری بردبوو، کە نزیکەی بیست ساڵ دەکا- هەموو ئەو ماوەیە و تا ئەفلاتون مرد وەکو قوتابییەکی بەوەفای مامۆستاکەی مایەوە، لەهەموو ئەو نووسینانەی ئەوکات نووسیونی پێی کاریگەرە و بەشداری لە بلاوکردنەوەی تێفکرین و زانیارییەکانی کردووە. هەموو ئەو نووسراوانەی لەژیانی ئەکادیمیادا نووسیبوونی لەناوچوون و لەشیعرەکانی و گفتوگۆکانی سەردەمی گەنجی هیچ نەمابۆوە تەنیا چەند کۆپلەیەکی لێرە و لەوێ نەبێ، کە گرنگترینیان ((ئەویدیمۆس)) و ((لەبارەی فەلسەفە)) و ئەو گفتوگۆیانەیە، کە ئێستا لەبارەیانەوە دەدوێین: ((پرۆترپتیقۆس))(١٧). ((بیگر)) بانگەشەی ئەوەدەکا، کە کتێبی کۆتایی وەکو پرۆگرامێکی خوێندن بوو بۆ ئەکادیمیا، و بانگەشەیە بۆ ئەو نموونە بالاّیەی، کە ئەفلاتون موژدەی دابوو و داوای دەکرد پەیڕەوی ڕێگاکەی بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، ((پرۆترپتیقۆس)) ئەو ئاڵوگۆڕە تۆماردەکا، کە تووشی نەوەی نوێی گەنجانی ئەکادیمیا هاتبوو و تێڕوانینی بۆ ژیانی عەقلانی گۆڕین. ئەفلاتون مکوڕبوو لەسەر وەدەستهێنانی نموونەی بالای فەلسەفە لەژیاندا، بەلاّم بەهەموو فەلسەفەکەیەوە هەوڵی ئەوەی دەدا واقیع چاکبکات و لەگەندەڵی رزگاری بکا، و مەشخەڵێکی ئاگری نموونەیی و راستییە نەمرەکان بگوازێتەوە بۆ تاریکایی ژیانی کارەکی. هەرچی نەوەی گەنجان بوون، ئەوا نرخی ژیانیان لە وردبوونەوەی ناوەوە و خۆشی تێڕوانین و تێفکرینی پەتی دۆزیبووەوە، بەمەوە نموونەی چاکسازیی سیاسی و ئاکاری لای ئەفلاتوون گۆڕا بۆ وردبوونەوەی عەقڵیی بە ڕۆحی ئایین ئاودراو. — ((بیگر)) جەخت لەوەدەکاتەوە، کە ئەرەستۆ لەم کتێبەدا لەسەر زەوییەکی میتافیزیکی جیاواز ڕاوەستاوە لەوەی، کە لە کتێبە فێرکارییەکانی دوواییدا دەیبینینەوە، و فیکرە سەرەکییەکانی فیکرەی ئەفلاتونین و مۆرکی مامۆستا گەورەکەی چ لەزمان و چ لەبابەتەکانی پێوەدیارە، بگرە کتێبەکە لە ئەرگۆمێنتەکەیدا تیۆری نموونە دووبارەدەکاتەوە و ئاماژە بەبۆچوونە دووابییەکانی ئەفلاتون دەکات بەوەی، کە ژمارەن، ڕێبازی ئەفلاتون لە خستنەرووی ئاکاردا وەکو ئەندازەییەکان وەردەگرێ. ئەمە هەمووی بەڕای ئەو ئەوە دووپاتدەکاتەوە، کە ئەرەستۆ لەم کتێبە و لەتەواوی گفتوگۆ لەبەین چووەکانی دیکەدا لەبەرانبەر ئەفلاتوندا بەوەفا بووە، ئەو نەبۆتە ((ئەرستۆتالی)) تا مامۆستاکەی نەمردوو لەژیانیدا بە قەیرانێکی ڕۆحی بەهێزدا تێنەپەڕی.



بەلاّم تێڕوانین بۆ فەلسەفەی ئەرەستۆ گۆڕا دوای بانگەشەکەی ((بییگر)) لەبارەی ئەو بۆچوونانەوە. هەندێك لەزاناکان — لەناویاندا مامۆستا ((ئینگمار دیرنگ))، کە کتێبێکی گەورەی لەبارەی تێفکرینی ئەرەستۆ داناو ئەو دەقەی ئێستا ئێمە پشتی پێ دەبەستین لێی کۆڵیەوە و بلاّویکردەوە- سەلماندیان ئەو بۆچوونانەی ((بییگر)) بۆیان چووە نەبۆ کتێبەکانی ئەرەستۆ دەگەڕێنەوە و نەبۆ کلتوری کۆن لەکتێبی مێژوونووسان و ژیاننامەنووسان. ئەوەی دەخەمەسەر، کە زمانی ئەرەستۆ و زاراوە سەرەکییەکانی نەگۆڕاون لەوەتەی کتێبی ((توبیقا))، یان ئەو بابەتە جەدەلیانەی نووسیوە، کە سەلماوە بیست ساڵ پێش ئەم کتێبە نووسراوە کەلەبەردەستمانە(١٨). لەهەموو ئەمانە گرنگتر ئەوان بەڵگەی زمانەوانی و بابەتییان پێشکەشکردووە بەوەی ((پرۆترپیتیقۆس)) لەو کتێبانە نییە، کە ئەرەستۆ بەگەنجی نووسیونی، ئەو زیاتر لە پازدە ساڵی لەگەڕان و لێکۆڵینەوە لەئەکادیمیادا بۆ نووسینی بەسەربردووە، و کتێبەکەش لە دەورووبەری ٣٥٠-٣٥١پ.ز نووسراوە، بەو واتایەی لەوکاتەی کە ئەرەستۆ تەمەنی سی و چوار یان سی و پێنج ساڵی دا بووە و لەلوتکەی تێفکرین و چالاکی عەقڵیدابووە، و لەهەمان ئەوکاتەدا بووە، کە ئەفلاتون نامەی حەفتەمی خۆی نووسیوە(١٩). ئەگەر مەحاڵ بێ ئەو مێژووە بە بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە بسەلمێنین، ئەوا بەڕای ((دیرنگ)) ئەوە زیاتر لەڕاستییەوە نزیکە لەئەوانی دیکە. گرنگ ئەوەیە کتێبەکە بیرۆکەیەکی باشمان لەسەر بیرکردنەوەی ئەرەستۆ لەو قۆناخە بەپیت و ڕشتەی ژیانی پێ دەدا، ئەگەر هاتوو ئەوەمان بیرکەوتەوە، کە چاوی پێدانەخشاندۆتەوە و بەپێچەوانەی کتێبە فێرکارییەکانی دیکەی، و ئێمە کتێبێکی دیکەمان نییە هەمان ئەو بانگەشەیە لەخۆ بگرێ کە ئەم کتێبە هەڵیگرتووە، و گفتوگۆی ((سیاسەتمەدار))، کەوا هەستدەکرێ ((یامبلیخۆس)) لێی وەرگرتووە لەناوچووە و تەنیا کۆپلەکی کەم نەبێ کە هیچ ناسەلمێنێ لێی ماوەتەوە..

وەك گوتم هێشتا زانایان بۆچوونیان لەبارەی ((پرۆترپیتیقۆس)) و ڕێکخستنی پاژەکانییەوە جیاوازە، ئەوەش لەوکاتەوەی ((بییگر)) هەوڵە بەرایییەکانی خۆی دەستپێکردووە تا ئەمڕۆ، بەلاّم لەسەر بنەچەی ئەو دەقە جیاوازنین، کە پاژی گەورەی لای ((یامبلیخۆس)) هاتووە (لەکتێبێکدا، کەهەمان ناونیشانی بۆ هەڵبژاردووە) و مێژوونووسی گریکی

((ستوبایوس)) و لەیەکێك لەهۆنینەوەکانی ((ئۆکسیرێنیکۆس)) بەژمارە ٦٦٦-٤[٢٠]. زیاتر لەسەدەیەك تێپەڕی بەسەر بیردۆزەکەی پێشتر باسمان کرد، کە ((بایووتر)) لەگەڵ دەقی ئەو کتێبەی، کە لای یامبلیخۆس دۆزیبوویەوە و بۆ ئەرەستۆی دەگەڕاندەوە پێشکەشی کرد. کێشمەکێشەکان لەسەر ئەم بیردۆزە بەردەوام بوون بەدرێژایی ئەو ماوەیە بەر لەوەی یەکێك بیر لە ڕەخنەگرتن بکاتەوە لەدەقەکە بەشێوەیەکی مەنهەجی، یان دەست بە شیکاری وشەکانی و شێوازەکەی و ناوەڕۆکی واتاکانی و بەراوردکردنی لەگەڵ هاوتاکانی لەگەڵ هەموو کتێبەکانی، کە گومانیان لێ ناکرێ. ئێمە نامانەوێ بچینە ناو ئەو لێکدانەوە ڕەخنەییە بێزارکەرانە لەبەر ئەو هۆیانەی پێشتر باسمانکرد، و ئەوەندە بەسە، کە ئاماژەیەکی کورت بە گرنگترین ئەو هەولانە دەدەین.

ڕەنگە مامۆستای سویدی ((ئینگمار دیرینگ)) گرنگترین لێکۆلەر بێ، کە خۆی بۆ ئەم کتێبە تەرخانکردبێ، دوو توێژینەوەی گەورەی پێشکەشکرد[٢١] لەبارەی هەمان کتێب و لەبارەی ئەرەستۆوە و تێفکرین و لێکدانەوەکەی خستە ڕوو، و دەقە گریکییەکەی پێشکەشکردوو وشە و شێوازەکەی شیکردەوە و لەگەڵ کتێبە ئەرستۆییە پشت پێ بەستراوەکان و شێوازەکانی و فیکرە سەرەکییەکانی بەراوردی کرد، و هەروەك لەگەڵیدا وەرگێڕانی ئەو دەقەشی پێشکەشکرد، کە جیاوازی لەسەر هەیە. ئەو دەقەی ئەو پێشکەشیکردووە و دووبارە دایڕشتۆتەوە ٦٤٠٠ وشە لەخۆدەگرێ و پێرستێکی بۆ حەفتسەد وشە دانا و بۆی دەرکەوت، کە تەنیا دوازدە وشە بوونیان نییە لەناو کتێبە ڕەسەنەکانی ئەرەستۆدا، هەرچەندە وشەی باون لای ئەفلاتون یان لای نووسەرانی دیکەی سەردەمەکە. لەوەش گرنگتر بەڵگەی تەواوی پێشکەشکردووە، کە شێوازی کتێبەکە بەوردترین وردەکارییەکانییەوە شێوازی ئەرەستۆییەو هیچ گومان لەوەدا نییە. هەتا ئەو بابەتانەی، کە ((یامبلیخۆس)) بە ئەنقەست هەوڵی کورتکردنەوەی دەقە ڕەسەنەکە دەدا، یان بەشێوازی خۆی دەریبڕیوە تا ئەو ڕادەیەی هەندێکجار لەشێواز و تێفکرینەکانی مامۆستای یەکەم دەرچووە — بەلاّم ئەمە هەمووی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو ئەفلاتونییە نوێیە زۆربەی جار، کە ئەمە گومانی تێدا نییە کۆپلەی درێژی وەکو خۆی لەئەرستۆ



وەرگرتوون، جا لەم کتێبەدا بێ کەناوی هاتووە، یان لەو کتێبانەی دیکە، کە خۆی بلاّویکردوونەتەوە (ئەو کتێبە بلاّوکراوە یان نازانستییانەن بەمانا وردەکەیان، کە مەبەست لێی تەواوی ڕۆشنبیران بوو بەجیاکردنەوەیان لە کتێبە ((نهێنی ئامێز))، یان فەلسەفییە رووتەکان کە لە لۆقیۆندا دەخوێندران). هەروەها لێکۆلەری سوێدی مەزندەی ئەوەی کرد، کە ئەو کورتکردنەوە و ڕێکخستنەوەیەی یامبلیخۆس کردوویەتی تێکی نەداوە لەگەڵ ئەوەشدا قەڵبکردنی دەقەکە یان لێکدانی لەگەڵ دەقی ئەفلاتونی و نا ئەفلاتونی کارێکە بەو نامۆیە، بۆیە شیمانەی ڕەسەنی دەقەکە گەورەتر دەبێ لەشیمانەی ڕەسەن نەبوونی، لەکاتێکدا مەحالە وەك پێشتر گوتمان بەیەقینی یەکلایی بکرێتەوە[٢٢]، هەروەك هەوڵە جیاوازەکان بۆ ڕێکخستنی دەقەکە هەر بەهەوڵی لەو جۆرە دەمێننەوە کە لەیەکتری جیاواز نابن تەنیا بەو پێیە نەبێ، کە هەریەکەیان لەوبەڵگە زانستی و ڕەخنەیی پێشکەشی دەکا، و بەو پێیەی کە پشت بە بەڵگەو ئارگۆمێنت دەبەستن — ئەمەش هەمووی بەڵگەی ئەوەیە کە خودی زانستیش هەوڵدانە، و هەوڵدانی مرۆییش دەمێنێتەوە و تەنیا درۆ و پەلەپەل و بانگەشەکردن بۆ یەقینێکی ڕەها تێکی دەدا...

ئەوە —بەکورتی- هەوڵی ((دێرینگ)) بوو، کەبە دووبارە ڕێکخستنەوە و بەدواداچوونی دەقە ئەرستۆییە ڕەسەنەکە کۆتایی پێهات، و ئێمە پاژی هەرە گەورەی کتێبەکە، یان گفتوگۆیە ونبووەکەمان هەیە، بگرە ئێمە دەتوانین سەرەتاو کۆتاییەکەی دیاری بکەین وەکو ئەوەی لە یەقین بچێ، هەروەك دەتوانین شێواز و ڕێبازەکەی لە دانانی بەڵگەوە[٢٣] دابنێین و لەپەندی پێشینانیشەوە نموونەی بۆ بێنینەوە..هتد لەچوارچێوەی فەلسەفەی ئەرەستۆییدا بەشێوەیەکی گشتی..

*     *     *

ماوەتەوە ئاماژە بە دوو هەوڵی دیکە بدەین بۆ بنیاتنانەوەی دەقەکە و بەدواداچوونی، کە هەردوو مامۆستا ئە.هـ.کروست، و. ج شنفیس ئەنجامیان داوە. یەکەمیان بۆ بەدواداچوون و لێکدانەوەی دەقەکە بەئاشکرا دوای ((دیرنگ)) کەوتووە و

هەندێك دەستكاری كردوو كە شایەنی باسكردن نییە[٢٤]. هەرچی دووەمینیانە تەنیا دەقە گریكییەكەی بلاوكردۆتەوە وەك ئەوەی بۆی دەركەوتووە بەبێ هیچ وەرگێڕانێكی نوێ و كۆمێنتێكەوە، ئەوەش لە نامەی دكتۆراكەی دایە، كە لەساڵی **١٩٦٦** پێشكەشی زانكۆی میونخی كردووە[٢٥]. ڕێكخستنی دەقەكە لەم لێكۆڵینەوەیەدا زۆرجیاوازە لە چاپەكەی ((دیرینگ)). دانەرەكە — لەپاڵ ئەو دەقەی، كە كاریگەرە بە یامبلیخۆس- پشت بە بابەتی جیاواز دەبەستێ لە تێكستە ناسراوەكانی ئەرەستۆ لە كتێبە فێركارییەكانیدا (وەكو ئاكاری ئەویدیمی، ئاكاری نیقۆماخی و سیاسی، و گووتاری ئەلفا لەكتێبی میتافیزیكا)، بەڵكو دەقی دیكەشی لە كتێبی دانەرانی جیاوازەوە خراوەتەسەر- وەكو ((برۆتریبتیقۆس))، كە ئەیزۆكراتیس (هاوسەردەمی ئەرەستۆ) بەخاوەنی دانراوە و پێشكەش بە دومینیقۆس كراوە — لەپاڵ نووسراوەكانی سترابۆ[٢٦]و گالینۆس[٢٧]، و دیۆجینیس لائیرتۆس[٢٨]، و سینزیۆس، و ستوبایۆس. لێكۆڵەر هەموو ئەو دەقانە دەباتە ناو دەقەكەی یامبلیخۆس و هۆنینەوەی ئەكسیرنیكۆس، كە هەریەك لە ((دیرینگ)) و ((فلاشار)) پشتییان پێ بەستووە، ئەمەش بەبێ هیچ بەڵگەیەكی قنیاتپێكەر، كە ڕێگە بە چوونە پاڵ، یان كۆكردنەوەی بدا لەگەڵ ئەو دەقە.. ڕەنگە دەقەكان نزیك بن لە فیكرەكانی كتێبە ڕەسەنەكە، بەڵام دانانی لەناو ئەو كتێبەدا كارێكە پرسیاری زۆر دروست دەكا و یارمەتی تێگەیشتن و قنیات پێكردنیش نادا.

گومانی تێدا نییە بڕیاردان لەسەر ئەم جۆرە هەولانە و بەرزكردنەوەی یەكێكیان لەسەر ئەوەی دیكەیاندا كارێكە پێویستی بە شارەزایی هەیە لەزمانە ڕەسەنەكە، كە ئەرەستۆ پێی نووسیوە و ئاگاداری ورد لە وردەكارییەكانی ڕێبازەكەی و زانینی ڕاستەقینەی گەشەسەندنی تێفكرینەكەی، ئەمەش كۆمەڵێك كارن — نەك تەنیا یەك كار- نووسەری چەند دێڕێك ناتوانێ بانگەشەی ئەنجامدانیان بۆ خۆی بكا. هەوڵدانەكەی بۆ پێشكەشكردنی ئەم بانگەشە پێویستەی بۆ فەلسەفە بۆ خوێنەری عەرەبی هەمیشە وەك لاوازترین هەوڵ دەمێنێتەوە و لەهەمووشیان خاكەڕاترە، هەرچەندە ئەمە هەموو ئەوە بێ، كە لەتوانایدایە لەسنووری زانست و ماندووبوونی و كەمی ئەو سەرچاوانەی، كە لەبەردەستی دابوون پێشكەشی بكا!



* * *

لەكۆتاییدا وا پێویستدەكات باسی هەندێك تێبینی بكەم لەشێوازی بەعەرەبی كردنی دەقەكە و لەسەر دووانی لەو پەراوێز و كۆمێنتانەی وەك پاشكۆ لەگەڵیدان، لەگەڵ ئەو زیادكردنانەی، كە بینیت خراونەتە سەر دەقەكە بەمەبەستی پتر ڕوونبوونەوەی.

دەقەكەم خوێندەوە و ئەو گەنجینەیەی، كە تێیدایە سەرنجی ڕاكێشام. چەند جارێك خوێندمەوە بەر لەوەی پاڵنەرێكی پێویستم لا دروست بێ بۆ وەرگێڕانی بۆ عەرەبی. لەسەرەتادا فیكرەكەم ڕەتدەكردەوە بەهۆی ئەو ماندووبوونەی، كە ڕەنگە بۆمی دروست بكات و زانینی ئەوەی، كە زانیاری فرۆتەنی من لەسەر زمانی گریكی ڕێگەم پێنادا ڕووبەرووی دەقەكە و كێشەكانی و سەرەڕۆییەكانی ببمەوە (ئەو زمانە بەر لە بیست ساڵ فێرببووم و تاڵی ژیان تێكی دابوو)، بەڵام خۆشەویستیم بۆ دەقەكەو سەرسامیم بە گەورەیی نووسەرەكەی هیچ دەرفەتێكییان بۆ نەهێشتمەوە، كە دوودڵ بم. دەستم بەوەرگێڕانی كردوو هەموو وشەیەك و دێڕێكیشم بەراورد دەكرد لەگەڵ وەرگێڕانە ئەڵمانییە نوێكەی بەردەستم. ئەگەر ئەوە بەمافی خۆم بزانم و بڵێم، كە من دەقەكە ڕەسەنەكەم گواستۆتەوە — بە هاوێركردنی ئەو چەند دەربڕینە كەمەی لەپەراوێزەكە ئاماژەم پێكردووە- ئەوا وەكو ئەمانەت دەبێ دانبەوەدابنێم، كە ئەگەر ئەو وەرگێڕانە ئەڵمانییە نەبووایە، كە مامۆستا ((دیرینگ)) كردوویەتی، ئەوا لە یەك دەربڕین دڵنیا نەدەبووم، كە وەرمگێڕاوە و جورئەتی ئەوەشم نەبوو ئەو هەوڵە بدەم. بۆیە پێم چاكە سوپاس و پێزانینی خۆم بۆ ئەم زانا بەڕێزە بنووسم، چاكیی لەسەر من و ئەم كتێبەی لەبەر دەستی تۆدایە ناتوانرێ ئەو وشانەی بۆ بدۆزییەوە، كە مافی خۆی بدرێتی..

پشتم بە شرۆڤەكانی ساخكەرەوەی دەقەكەو بلاوكەرەوەكەی بەستووە و بۆ نووسینی پەراوێز و كۆمێنتەكان پەنام بۆبردوون. نەمویست باری خوێنەر بە وشەی گریكی قورس بكەم، پێویست نەبوو ئەوە بكەم و بەوەندە قنیاتم كرد، كە ئەو وشانە لە پەراوێزدا بنووسمەوە، كەناكرێ دەستبەرداریان بین بۆ تێگەیشتن لەزاراوە بنچینەییەكانی

ئەرەستۆ، بەلاّم لەهەمان کاتیشدا نەمتوانی پێویستی لێکۆڵەری تایبەتمەند بە فیکری گریکی بەشێوەیەکی گشتی و فیکری ئەرەستۆ بەتایبەتی پشتگوێ بخەم کە پێویستییان بەوردەکاری زیاتر هەیە، بۆیە ئەو کۆمێنتانەم زیاد کرد کە بووەتە پاشکۆی دەقەکە و بەزۆری پشتم بە کۆمێنتەکانی خودی بلاّوکەرەوەکە بەستووە، لەگەڵ چەند خستنەسەرێکی کەم، کە سوپاسگوزاریم کەم ناکاتەوە بۆی، بەڵکو زیاتری دەکا. ئارەزووی زۆرم هەبوو تا وردەکاری زیاتر بنووسم. دەمتوانی بگەڕێمەوە سەر ئەو سەرچاوانەی ئاماژەمان پێکرد (بەتایبەتی گفتوگۆکانی ئەفلاتون و بەتایبەت تریش کۆمار) بۆ پتر قوڵبوونەوە لەفەلسەفەی ئەرەستۆیی و ناسینی ئەو ((باوان))انەی، کە دەقی ئەم کتێبە و زۆرێك لە دەربڕینەکانی لێهاتووە، بەلاّم من کارەکەم تەنیا لەچەند لایەنێکی گرنگ لەبارەی فەلسەفەی ئەرەستۆ چڕکردەوە، تا خوێنەر وێنایەکی هەمەلایەنی لەبارەی ڕەگ و بەری دارەکە هەبێ، تا بەپێی توانا ئەم کتێبە بە چوارچێوەی گشتی تێفکرینی مامۆستای یەکەم و گەشەسەندنی ببەستێتەوە.

ئارەزووم بۆ روونی و سانایی بۆ خوێنەر پالّیان پێوەنام ئەو وشانە بخەمە نێوان دوو کەوانە کە دەربڕینەکانی ئەرەستۆ بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کە بە وردییەکی ماندووکەر و کورتبڕیی زۆرەوە دەناسرێنەوە. هەروەك پابەندبوومە بەو ژمارە بۆ دانانە زانستییەی، کە بلاّوکەرەوە و ساخکەرەوەی کتێبەکە بۆ بڕگەی کتێبەکە دایناون، و ئەوەش دابێك بووە کە لەهەموو چاپە پشتپێبەستراوەکانی ئەرەستۆ و نووسەرە کلاسیکییەکانی دیکەش چاویلێکراوە. بەر لەهەرشتێك و دوای هەموو شتێکیش ئەوەم لا گرنگە، کە خوێنەر — لەپاڵ سوودە زانستییە رووتەکەی- شتێك لە چێژ و خۆشیی عەقلّی وەدەست بێنێ، ئەوەی، کە مامۆستای یەکەم ستایشی دەکرد و لەسەر ئەوە بوو بیکاتە مەبەستی ژیان لەسەر ئەم زەوییە. هیوام وایە خوێنەری ئەم کتێبە ئەوەی لێ وەدەست بێنێ، چونکە توانای فەلسەفاندنی هەیە، واتە لەسەر تێفکرینی گشتیی ئازاد، کە زۆر پێویستیمان پێی هەیە لەگەڵ بەردەوامی ناخۆشی و ئازارەکان..



## پەراوێزەکان

١- Ho Protreptikos پرۆترپتیقۆس شتێکی قنیات پێکەر، یان ئارەزوو بزوێنە، کارەکەی (پرۆتریبیۆن)ە واتاکەی داوای شتێك دەکا و پێی لەسەر دادەگرێ. ئەفلاتون بەکاریهێنابوو بۆ پێداگرتن لەسەر فەلسەفە، هەروەك زیاتر لە نووسەرێکی کۆن لەئەرەستۆی خواستۆتەوە و پێی کاریگەر بووە بەتایبەتی یامبلیخۆس.

٢- دەقی ئەم دەربڕینە لەکتێبەکەدا نەهاتووە، بەڵکو هەندێك لەدانەرەکانی دوایی لە ناوەرۆك و واتاکەی وەریانگرتووە- تەماشای کۆمێنتەکان بکە.

٣- بۆ نموونە ناوی کتێبەکە لای ئەندرۆنیکۆسی رودیسیی سەرۆکی یازدەیەمی لۆقییەکان و پۆلینکەری کتێبەکانی ئەرەستۆدا هاتووە- لەو کتێبەی لەبارەی دانراوەکانی ئەرەستۆ نووسیویەتی، هەروەك لەو کتێبانەشیدا باسکراوە کە دیۆجینیس لائرتی (لە سێیەکی یەکەمی سەدەی سێیەمی پاش زایین) گواستونیەتیەوە لەو بەشەی کە لەبارەی ئەرەستۆوە نووسیویەتی لە بەشی پێنجەم لەکتێبە بەناو بانگەکەیدا (ژیانی فەیلەسوفە بەناوبانگەکان و بۆچوونەکانیان)، ل٢٥١، لە وەرگێڕانە ئەلّمانییەکەی ئەتوئبلت، کتێبخانەی فەلسەفی، هامبۆرگ ١٩٦٧.

٤- لە لێکدانەوەی بابەتی جەدەلی و توبیقای ئەرەستۆ، ٢، ٢، ل١٤٩ (والیس).

٥- بەرگری، ٣٨ ئـ هەروەها سەیری کۆپلەی کۆتایی ئەم کتێبە بکە (ب ١١٠).

٦- دەقی چیرۆکەکە لە فەرهەنگی زانیاری ستویایوس دا هاتووە، ٢ چاپی هنزە و بەژمارە (٥٠) لە کۆپلە و دەقەکە پەرتبووەکان لە گفتوگۆکانی ئەرەستۆ و کتێبە ونبووەکانیدا کە فالسەر (فۆرەنسا) ١٩٤٣ و روس (ئۆکسفۆرد ١٩٥٥) بلاّویان کردنەوە. ئەو هێشتا سەرچاوەیە بۆ لێکدانەوەی زانایان و دووبارە بنیاتنانەوەی دەقەکە و ساخکردنەوە.

٧- ئەمەش لەتوێژینەوەیەکدا، کە لەگۆڤاری فیلۆلۆژی، ژمارە ٢ ی ساڵی ١٨٦٩ لەلاپەڕە ٥٥-٦٩ بلاّویکردۆتەوە و کۆمەڵە دەقێکی پێشکەشکردوون، کە زانای ئەڵمانی فرنر بیگر — خاوەنی کتێبی بەناوبانگ لەبارەی ئەرەستۆ و مێژووی گەشەکردنی- پشتی پێبەستووە لە ساخکردنەوە و لێکدانەوەی دەقەکە. پاشان بەردەوام بوو لە هەوڵی دیکە بۆ پێداچوونەوەی ئەو بنیاتە و بەدواداچوون لە گێڕانەوەی پاژەکانی بۆ ئەرەستۆ.

8- T.Bywater; On a lost dialogue of Aristotle, Journ. Of philosophy (1869).p.55-69.

ئاشکرایە، کە بەرەنگاربوونەوەی ئەو جیاوازیانە پێویستی بە تەماشاکردنێکی وردی دەقە گریکییەکە و دەرخستنی جیاوازی لە تێگەیشتنی شێواز و وشەکان هەیە، ئەوەش بلاّوکردنەوەی دەقە رەسەنەکەیە لەتەنیشت وەرگێڕانەکەی، ئەوەش نە بارودۆخی چاپکردن یارمەتیمان دەدا بیکەین نە حاڵەتی توێژینەوە لە فەلسەفەی ئەرەستۆیی لە جیهانی عەرەبیدا (لای کوردانیش بەهەمان شێوەیە- و.کوردی). ئەو دەقەی کە پێی گەیشتین — لە ساخکردنەوەی مامۆستا ئینگمار دیرینگ و وەرگێڕانەکەی- لەم بارەیەوە دەوڵەمەندی کردین، ئەوەی دەیەوێ بەدوای مێژووی توێژینەوەکەدا بچێ، دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ نووسینی مامۆستا و.ج.رابینوفتس کە لەبارەیەوە نووسیوە:

W. G. Rabinowitz; Aristotle's Protrepticus and the sources of its reconstruction,I, Berkeley 1957,1-22.

٩- لە کۆمێنتەکاندا زیاتر لەسەر ئیزۆکراتیس ببینە..

١٠- تەماشای ئەو بڕگانە بکە: ب٥٢، ٦٨، ٩٣، ٩٦.

١١- سەیری ئەو ئەنجامانە بکە کەلە هەردوو بڕگەی (ب٤٦-٥١) کورتیاندەکاتەوە.

١٢- ئەوانیش بەڕیز: تخنه Techné ، و فیزیس physis، و تیخیه Tuché ن.



١٣- بگەڕێوە بۆ ئەو پەراوێزەی بووەتە پاشکۆی بڕگەی (ب١٢) لە دەقەکەدا.

١٤- سیۆریا Theoria زاراوەیەکی سەرەکییە لە زمانی فەلسەفەدا، لەبنچینەدا واتای سەیرکردن و تەماشاکردنی نواندنی دەدا، دواتر وایلێهات واتای تێفکرین و وردبوونەوە و لەسەرخۆچوون و دیتن بە چاوی ڕۆح دەگەیەنێ...

١٥- تێبینی دەکرێ، کە بنەچە، یان بنەما (ئەرخیە Arché) لای ئەرەستۆ بەبەردەوام بنەچەی شتێك یان کۆمەڵێك شتە، کە بەخۆی هەڵناستێ و هەرگیز بەتەنیا نییە (سەیری کتێبی سروشت ١-٢، ١٨٥ ئـ ٤) بکە.

١٦- رەنگە ئاماژە بێ بۆ دابێك، کەلەسەردەمی ئەودا لای هەندێك گەلی دیکە هێشتا ئەنجامدەدرا، پێشتریش لەبارەی کلتییەکان و هەندێك هۆزی کێوی لەسەر دەریای رەش دوا لە بارەی ئاکاری نیکۆماخیەوە (لە گووتاری سێیەم و حەفتەمدا).

١٧- تێبینی دەکرێ، کە شێوەو ناوەرۆکی گفتوگۆ لای ئەرەستۆ بەتەواوی جیاوازە لە لای ئەفلاتون. لای یەکەمیان کەسایەتی پێشکەش نەکردوون، کە بەزۆری لەگەڵ سۆکراتدا گفتوگۆ دەکەن، بەڵکو لەسەر شێوەی نامە، یان گوگووتار بۆ هەندێك کەسی داڕشتوون، رەنگە گفتوگۆ لەسەر شێوەی ئەفلاتونی لەسەروبەندی کۆتایی خۆیدابێ و گفتوگۆ تێیدا زۆر کورتە و سنووری دەستپێکی قسە و بارودۆخی مەسەلەکە نابەزێنێ، دواتر دانەرەکە ڕای خۆی لە گوگووتارەکەدا شیدەکاتەوە هەروەك ئەفلاتون بۆچوونی سۆکرات شیدەکاتەوە ((یوسف کرم، تاریخ الفلسفه الیونانیه، الگبعه السادسه، ص١١٤)).

١٨- ئەوە بۆچوونی دی ستریکەر E. De Strycker ە لە توێژینەوەی لەبارەی وێناکردنەکانی ئەرەستۆ و زاراوەکانی لە تۆبیقادا لە بلاّوکراوەکانی سیمیناری سێیەمی ئەرەستۆدا-ئۆکسفۆرد ١٩٦٨ دا دەرکەوت.

١٩- ئەفلاتون ئەو نامە گرنگەی نووسیوە- کە زەحمەتە جەرگبڕەکەی دەگێڕێتەوە بۆ پراکتیزەکردنی نموونە سیاسی و ئاکارییەکەی لە سیراکۆزەدا- کاتێك لەدەیەی هەشتەمی تەمەنی دابوو. بگەڕێوە سەر دەقەکە بەتەواوی لەکتێبەکەم: ((المنقد- قراءة لقلب افلاتون))، دار التنویر، بیروت-١٩٩٥.

٢٠- بێجگە لە لێکۆلەر و.ج.رابینۆفتس، لەو باسەی کە پێشتر باسمان کرد، کەس بەدەرنییە لەوبۆچوونە کە پشت بەستن بە هەر دەقێك لەو دەقانە و سەلماندنی ڕاستی ساخکردنەوەیان رەتدەکاتەوە تەنیا لەکاتێکدا نەبێ، کە ناویان بەئاشکرابێ یان، بە ڕوونی ئاماژە بەوە کرابێ، کە بەرهەمەکە هی ئەوە، ئەمەش بۆچوونێکە هیچ گرانییێکی نییە لە بەدواداچوونی سەرچاوەکان و پێداچوونەوەی زمانی دەقەکان و هەڵسەنگاندنیان.

٢١- بەم ریزبەندە: پرۆترپتیقۆسی ئەرەستۆ، هەوڵێك بۆ بنیاتنانەوەی —جوتیبۆرگ ١٩٦١، ئەرەستۆ، تێفکرین لێکدانەوەی خستۆتە روو، هیدلبرگ ١٩٦٦، و پرۆترپتیقۆسی ئەرەستۆ، دەقە گریکیەکە و وەرگێران و کۆمێنتکردنی (زنجیرەی دەقی فەلسەفی، کلوسترمان، فرانکفورت ساڵی ١٩٦٩).

1- Aristotle’s protrepticus. An attempt at reconstruction, Göteborg, 1961.

2- Aristotles. Darstellung und interpretation seines Denkens, Heidelberg, 1966.

3- Der protrepticus des Aristoteles. Klostermann Texte, Frankfurt-M, 1969.

٢٢- فلاشەر H.Flasher یش لەلێکۆلینەوەیەکی دا بەناونیشانی : ئەفلاتون و ئەرەستۆ لە ((پرۆترپتیقۆس)) ی یامبلیخۆس پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکا. گۆڤاری ئەمەریکی بۆ زمانەوانی، ٤٨- ل٥٣-٧٩، ١٩٦٥.

٢٣- روونە، کە ئەرەستۆ عادەتەن لە گریمانە، یان پرسیارێك و خاڵێکەوە دەستپێدەکات، دواتر رووە و دروستکردنی ئەرگۆمێنتێکدەچێ تا بگاتە ئەنجامێك، دەگەڕێتەوە و لە خاڵی دووەم و سێیەمەوە دەستپێدەکاتەوە بۆ گەیشتن بە ئەنجامێك، کە لێیانەوە وەرگیراوە، لەهەموو ئەو داوە نزیك لەیەکانەوە دەگاتە پێناسەیەکی کۆتایی، یان ئەنجامێکی کۆتایی، کە هەموو تۆڕی چنینی فیکری لە ((گرێ)) یەکی قنیات پێکەر لەخۆ دەگرێ...



٢٤- ئەمەش لەو لێکۆلینەوەی، کە چاپخانەی زانکۆی نۆتردام (ویلایەتی ئەندیانای ئەمەریکی) ساڵی ١٩٦٤بۆی بڵاوکردۆتەوە:

25- A. H. Chroust; Aristotle: Protrepticus, A. Reconstruction. Univ. of Notr Dame Press (Indiana) 1964, p110.

G. Schneeweiss; Der protreptikos des Aristotales Dissertation München, Bamberg 1966, s 338.

٢٦- مێژوونووس و گەریدەی گریکیی بەناوبانگ، لە دەوروبەری ٦٤ پێش.ز تا دەوروبەری ٢١ پاش.ز.

٢٧- لەسەدەی دووەمی پاش زایین ، بەناوبانگترین پزیشکی سەردەمی کۆن دوای ئەبۆکراتی دامەزرێنەری زانستی ئەرکی ئەندامەکان.

٢٨- لەسەرەتای ئەم پێشکەشکردنەوە ناوی هاتووە.

بەدوای مەعریفە داچوونت سیمیسۆن[١] ی ئەزیزم، و هەوڵدانت بۆ بەرزی و ژیانی بەختەوەر کۆمەڵە بابەتێکن لەڕێی گوێ لێبوونەوە دەیانزانم، من باوەڕم وایە (ب١) ئەو لێهاتووییەی[٢] تۆ هەتە هی هیچ کەس ئەوەندە ڕەسەن نییە، کە یارمەتیت دەدا بۆ پێشوازیکردنی فەلسەفە، تۆ دەوڵەمەندی، بەجۆرێك، کە دەتوانی بۆ فێربوونی فەلسەفە پارە خەرج بکەی[٣]، هەروەها تۆ پێگەیەکی لێوەشاوەت هەیە، زۆرینەی خەڵك باوەڕیان بەوە هەیە، کە ژیانی بەختەوەر پشت دەبەستێ بە هەبوونی شتە دەرەکییەکان، و ئەوان بێ پاساو (ناچنە سەر ئەم بیروباوەڕە)، ئێمە تێبینی ئەوە دەکەین، کە هەندێك خەڵك لەهەموو کارەکانیاندا سەرکەوتوو دەبن سەرەڕای ئەوەی کە گێلن. بێگومان تۆ لەژیانتدا باری دیکەت بینیوە کە پێچەوانەی ئەمە تێیدا ڕوویداوە. دەتوانی، بەهۆی زانیاریت لەبارەی ڕابردووەوە، یان لەتاقیکردنەوەی تایبەتی خۆت ژمارەیەك لەو واقیعانە بیرخۆت بێنییەوە، کە خۆبەگەورە زانین هۆیەك بوو بۆ کەوتن[٤]:

پیاوم ناسیون زیادەڕۆییان کردووە لە باوەڕبوون بە سامان و بەخت و هێز، بۆیە بەلادان ڕووە تەنگ و چەڵەمە لەناوچوون. بەپێی ئەو توانا سەرکەوتنەی، کە پێشتر هەیانبوو قوولّی هەستەکانیان زیاتر دەبێ لە داتەپین و بێ بەختی و هەست بەشەرمەزاری دەکەن بەوەی بارودۆخی ئێستایان (ب٢) یارمەتیان نادا بۆ هەڵستانەوە بەوەی وەکو ئەرکێك (پێویست) لەسەرخۆیان دەبینین.

کاتێك، کە دەستمان لێدەدا[٥] ئەو بەختەی ئەو خەڵکەی کۆکردۆتەوە شکستی هێنا، پێویستە ئەم جۆرە قەدەرانە وەلابنێین و بزانین، کە بەختەوەری لەژیاندا ناوەستێتە سەر هەبوونی سامانێکی زۆر، بەڵکو پشت دەبەستێ بە حاڵەتێکی ڕۆحی چاك[٦] و لەوەی، کە پەیوەندی بە جەستەشەوەیە بەهەمان شێوەیە. مرۆڤ هیچ یەکێك بە پیرۆز وەسف ناکا بەوەی ((بەختی لەلایەن خوداوەندەوە پیرۆز (موبارەك) کراوە)) هەر لەبەرئەوەی جلکێکی بەهاداری پۆشیوە، بەڵکو ئەو سیفەتە دەداتە ئەو کەسەی، کە تەندروستی و میزاجێکی ساغی هەیە، هەتا ئەگەر لە ئاڵووالای دەرەکی هیچی نەبێ[٧]. بەهەمان شێوە مرۆڤ وەسفی کەسێك بەبەختەوەر ناکا، تەنها ئەگەر کەسێکی ڕۆشنبیر نەبێ، و وەسفی کەسێك ناکا بەوەی بەختەوەرە تەنها ئەگەر کەسێکی گران و سەنگین بێ، بەڵام ئێمە ئەو سیفەتە دەدەینە ئەو



کەسەی دیمەنی دەرەوەی جوان و بەهادارە بێ ئەوەی لەناوخۆیدا هیچ نرخێکی هەبێ. ئەوە لەسەر ئەسپیش ڕاست دەکەوێتەوە، هەرچەندە ئەسپ لغاوی زێڕو (حلا) ی گرانبەهای هەبێ، ئەوا هیچ نرخێکی دیکەی پێنادەین مادامەکی جگە لەوە بۆ هیچ شتێکی دیکە دەست نادا و ئەسپێکی دیکە بەپەسندتر دادەنێین، کە خەسڵەتی چاکی (لێ چاوەڕوان دەکەین)[٨] (ب٣) پاشان عادەتی ئەو کەسانەیە کە داتەپیون[٩] ئەگەر سامانێکی ئێجگار زۆریان دەستکەوت ئەوا نرخی ئەو سامانە بەبڕێك مەزندە دەکەن زۆر زیاترە لەومەزندەیەی، کە چاکەی ڕۆحیان پێ دەدا، ئەوەش خراپترین شتە (کە دەکرێ وێنا بکرێ). ئەگەر پیاوماقوڵێك بەشێوەیەك خۆی دەرخا، کە لە خزمەتکارەکانی پلە نزمتربێ دەبێتە گاڵتەجار، هەروەها لەسەرمان پێویست دەبێ ئەو کەسانەی، کە وەدەستهێنانی سامان لەسەروی ڕەوشت و ئاکاریان دادەنێین لەگەڵ داڕزاوەکانیان[١٠] دابنێین. (ب٤) ڕاستییەکەی ئەمە حەقیقەتەکەیە، وەکو ئەو پەندەی باوە: زێدەڕۆیی لوت بەرزی بەرهەم دێنێ، ئەگەریش کەموکوڕی لە پەروەردە[١١] بەهێز و دەسەڵاتەوە بەسترایەوە، ئەوا شێتی بەرهەمدێنێ. ئەوانەی، کە ڕۆحیان خراپ بووە نە دەوڵەمەندی و نەهێز و نەجوانی سوودیان پێ ناگەیەنن، بەڵکو هەرچەندە ئەو بابەتانە زیاتر ڕەخسان زیانەکانی بۆسەر خاوەنەکەی قوڵتر و هەمەجۆرتر دەبن، ئەمە ئەگەر بە تێفکرین و (حیکمەت)[١٢] نەیبەستینەوە. ئەو پەندەی دەڵێ: ((چەقۆ مەدە دەست منداڵ))، مەبەستی ئەوەیە هێز مەدە دەست تێکدەران[١٣] (ب٥) تێفکرینی فەلسەفی[١٤] — ئەوەیە کە هەموو لەگەڵمان هاوڕا دەبن- بەرووبوومی هەولێکی ڕشت و لێکۆڵینەوەیە لەسەر ئەو شتانەی، کە فەلسەفە ئامادەمان دەکا بۆ لێکۆڵینەوە لێیان، بۆیە لەسەرمان پێویستە — بێ پەنابردنە بەر بەریەکەوتنی وشەیی- فەلسەفاندن بکەین.

(ب٦) وشەی ((فەلسەفاندن)) لەلایەك مانای ئەو پرسیارە دەگەیەنێ، کە ئایا پێویستە لەسەر مرۆڤ فەلسەفاندن بکا، هەروەك لەلایەکی دیکەوە مانای ئەوە دەدا، کە خۆمان تەرخابکەین بۆ فەلسەفە. (ب٧) کاتێك قسەکانمان دەبردە سەر ئەو کەسانەی، کە مرۆڤن نەك ئەوانەی، کە سروشتێکی خوداییان هەیە، ئەوا پێویستە بۆ ئەو ئاگادارکردنەوانە[١٥] (ئەوانەی پێشوو) ئاگادارکردنەوەی دیکەی بەسوود بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و زانستی بخەینەسەر.

لەم بارەیەوە دەڵێین: (ب٨) ئەوەی دەکەوێتە بەردەستمان بۆ ئاسانکردنی لایەنەکانی ژیان، وەکو جەستە و ئەوەی خزمەتی جەستە دەکا، وەکو جۆرێك لەئامراز دەکەوێتە بەردەستمان، بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەش بە مەترسییەوە بەستراونەتەوە، دەبێتە هۆی هێنانە ئارای ئەنجامێکی پێچەوانە (لەسەر دەستی) ئەوانەی کە بەچاکی بەکارناهێنن، بۆیە پێویستە لەسەرمان هەوڵبدەین مەعریفەیەك وەدەستبێنین یارمەتیمان بدا بۆ بەکارهێنانی هەموو ئەو ئامێرانە بەشێوەیەکی دروست، هەروەك لەسەرمان پێویستە بەشێوەیەکی گونجاو هەوڵی وەدەستهێنان و پراکتیزەکردنی ئەو مەعریفەیە بدەین.

ئەگەر بمانەوێ کاروبارەکانی وڵات بەشێوەیەکی دروست بەڕێوەببەین و ژیانی تایبەتیمان بەشێوەیەکی سوودمەند پێکبێنین، ئەوا پێویستە لەسەرمان ببین بەفەیلەسوف. (ب٩) هەرچۆنێك بێ مەعریفە هەمەجۆرە، مەعریفە هەیە چاکییەکانی ژیان بەرهەم دێنێ، مەعریفەش هەیە بەکاریدێنێ. دابەشکردنێکی دیکە هەیە، هەندێك جۆری مەعریفە هەن خزمەتدەکەن و گوێڕایەڵن، هەندێك جۆری دیکە هەن فەرمان دەدەن، جۆری کۆتاییش لەپلەی هەرە بەرزدان، و تێیدا چاکە دەگاتە رسکانی راستەقینەی خۆی. لەکاتێکدا ئەوە تاکە جۆرێك بێ، کە دەگاتە بڕیاردانی دروست و عەقڵ بەکاردێنێ چاکە دەخاتە بەرچاوان — مەبەستمان لێی فەلسەفەیە- ئەوە، کە دەتوانێ سوود بەهەموو جۆرەکانی دیکەی مەعریفە بگەیەنێ و بەپێی یاساکانی سروشت ئاراستەیان بکا[١٦]، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە لەسەر پێویستیی فەلسەفاندن.

بەجۆرێك تەنیا فەلسەفە بڕیاری دروست و تێفکرینی بێ گوناه (لەهەڵە)[١٧] لەخۆدەگرێ کە توانای دیاریکردنی ئەو کارانەی هەیە، کەلەسەرمان پێویستە ئەنجامیان بدەین، یان وازیان لێبێنین. (ب١٠) لێگەڕێن با پرسیارەکەمان قوڵتربکەینەوە و لە رووی مەبەستەوە لێی وردبینەوە بۆ ئەوەی بگەینەوە هەمان ئاگادارکردنەوە (ئەوەی پێشوو)[١٨].

(ب١١) لەنێوان ئەو شتانەی بنیاتدەنرێن (و پێکدەهێندرێن) ئەوەی، کە یارمەتی (بوون) یەکتری دەدەن بۆ پلاندانی (عەقڵی) و تواناداری (ئادەمیزاد بۆ دروستکردن)[١٩] — وەکو بارودۆخی ماڵ و کەشتی، کە مەرجییان تواناداری و



پلاندانانە-، لەکاتێکدا ئەوانەی دیکە لەرێگەی تواناداری مرۆییەوە بنیاتنانرێن (بۆ دروستکردن)، بەڵکو بەیارمەتی سروشتەوەیە. سروشت رەسەنەکەیە[٢٠] لە گیانلەبەر و رووەکەکان، هەموو گەشەکردنێکی لەمجۆرە بەپێی سروشت ئەنجامدەدرێ، بەلاّم هەندێك شتیش هەن، کە لەڕێی رێکەوتەوە بنیاتدەنرێن. ئێمە لەبارەی هەموو ئەو شتانەی، کە نە لەڕێی دروستکردن و نە لەڕێی سروشت و نەلەڕێی پێویستییەوە بنیاتدەنرێن (دەڵێین) : لەڕێی رێکەوتەوە بنیاتنراوە. (ب١٢) ئەوەی کە لەڕێی رێکەوتیشەوە بنیاتنراوە نە ئامانجی هەیە و نە مەبەست[٢١] (لە پێکهاتن و بنیاتنانییەوە)، بەلاّم ئەو شتانەی، کە مرۆڤ بنیاتیان دەنێ ( لە دروستکردنەوە) ئامانج و مەبەستی خۆی هەیە، (چونکە ئەوەی توانای هەیە بۆت دەردەخا، کە بۆچی و بە چ ئامانجێك نووسیویەتی)، (خودی) ئەو ئامانجەش چاکترە لەو شتەی، کە لەپێناویدا بنیاتنراوە[٢٢]. من لەبارەی ئەو شتانەوە قسەدەکەم، کە هۆیەکە خۆی لەخۆیدا تواناداریيەکەیە نەك تەنیا بەشێوەیەکی رووکاری، چونکە بەدڵنیاییەوە چاکبوونەوە هۆی تەندروستییە بەر لەوەی هۆی نەخۆشی بێ، و هونەری بیناسازی هۆی (بنیاتنان) ی ماڵە نەك هۆی کاولکردنی[٢٣]. هەموو ئەوەی لەڕێی تواناداری مرۆییەوە بنیاتدەنرێ لەپێناو (وەدەستهێنان) ی ئامانجێکی دیاریکراو بنیاتدەنرێ، ئەمەش مەبەستەکەیەتی و (بۆ ئەویش) باشترین شتە، بەلاّم ئەوەی، کە بەڕێگەی رێکەوتەوە بنیاتدەنرێ لەپێناو هیچ ئامانجێکەوە بنیات نانرێ. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە هەندێك شتی چاك لە ڕێکەوتەوە بێنە ئارا، هەرچەندە هیچ چاکەیەك لەڕێی چۆنییەتی ڕێکەوتەوە نییە، چونکە ئەوەی، کە لەڕێی ئەوەوە بنیاتدەنرێ هەمیشە دیارینەکراوە. (ب١٣) ئەوەی، کە بەپێی سروشت بنیاتدەنرێ لەپێناو ئامانجێکی دیاریکراو بنیات دەنرێ بەشێوەیەك ئەنجامە سروشتییەکان هەمیشە گونجاوترن لە ئەنجامە هونەرییەکان، ئەوە سروشت نییە، کە لاسایی دروستکردن (مرۆیی) دەکاتەوە، بەڵکو ئەوە کە لاسایی سروشت دەکاتەوە، هەروەك تواناداری مرۆیی (لە دروستکردندا) رەنگە بۆ بەهاناوەچوونی سروشت و تەواوکردنی ئەوە دۆزرابێتەوە، کە بەکەموکورییەوە جێی هێشتووە[٢٤]. بەجۆرێك لەنێوان بوونەکان وا دەردەکەوێ، کە سروشت بەتەنیا و بەبێ

بەهاناچوونی دەتوانێ تەواوی بکا، لەلاکەی دیکەیەوە ناتوانێ (تەواوی بکا) تەنیا بەماندووبوون نەبێ، یان لەبەرانبەری بەتەواوی دەستەوەستان دەبێ. ئەوەش لەکاتی هاتنەئارای بوونەوەری زیندوو روون دەبێتەوە. هەندێك بەبێ کەمترین (بڕ) ی چاودێری لەرەگەکان بوونەتەوە، جا ئەو زەوییەی دەکەوێتە سەری هەرچییێك بێ، بەڵام ئەوەی دیکە پێویستی بە هونەری کشتوکاڵ هەیە، هەروەها هەندێك لەبوونەوەرە زیندووەکان دەتوانن بەخۆیان بەتەواوی گەشەبکەن و گەورەبن، بەپێچەوانەی ئەو مرۆڤەی پێویستی بە ڕێژەیەکی زۆر لەلێهاتوویی هەیە بۆ پاراستنی (ژیانی خۆی)، ئەو ڕاستەوخۆ دوای لەدایك بوون پێویستی پێی هەیە، و پاشان پێویستی پێیەتی بۆ تێرکردنی. (ب١٤) ئەگەر تواناداری مرۆیی (بۆ دروستکردن) لاسایی سروشت بکاتەوە، ئەوا ڕوونە، کە مەبەستیی بەرهەمەکانی توانای مرۆیی کارێکە پشت بە سروشت دەبەستێ. بۆمان هەیە بڵێین: هەموو ئەوەی بەشێوەیەکی دروست بنیاتنراوە، لەپێناو ئامانجێك (دیاریکراو) بنیاتنراوە. هەموو ئەوەی بۆ جوانیمان دەبا، بەشێوەیەکی دروست بنیاتنراوە، هەموو ئەوەی بنیاتدەنرێ، یان بنیاتنانی بەتەواوی تەوابووە کاتێك کردارە سروشتییەکە بەشێوەیەکی یەکسان تەواو دەبێ شتێکی جوانی لێ بەرهەم دێ. بەڵام ئەوەی ناوازەبێ بەسروشت، ئەوا پیسە و دژی ئەوەیە، کە لەگەڵ سروشتدا گونجاوە. بنیاتنان[٢٥] ی یەکسانی گونجاو لەگەڵ سروشت بەم شێوەیە تەواو دەبێ لەپێناو بەئەنجامگەیاندنی ئامانجێکی دیاریکراو. (ب ١٥) دەتوانین ئەمە (لەتێبینیەکەوە) بەجودا لەسەر هەر بەشێك لەبەشەکانی جەستەمان دیارییبکەین. بۆنموونە ئەگەر لەبرژانگەکان وردببینەوە دەبینین، کە (لەخۆوە) و بێ ئامانج دروستنەبوونە، بەڵکو بۆ پاراستنی چاوەکان و رەخساندنی سانەوە بۆیان و ڕێگرتن لەهەر شتێکی دەرەکی، کە بچێتە ناویان. ئێمە، کە دەڵێین: شتە سروشتییەکان بۆ ئەوە پێکهاتوون[٢٦] تا ئامانجێکی دیاریکراو وەدەستبێنن، یان کاتێك دەڵێین شتە دروستکراوەکان[٢٧] بۆ مەبەستێك بەرهەم هاتوون، هەمان مەبەستمان هەیە. کاتێك کەشتییەك دروست دەکرێ بۆ ئەوەی کاڵا لەڕێی دەریاوە بگوازێتەوە، ئەوا بێگومان ئامانج لەدروستکردنی پێشکەشکراوە. (ب ١٦) هەموو بوونەوەرە زیندووەکان (یان لایەنی



کەم) چاکترین و بەرزترینیان لەسروشتەوە و بەگونجان لەگەڵ سروشت دروستبووە. بەرگرتن لەوەش هیچ واتایەکی نییە، کە زۆرینەی گیانلەبەرەکان لەدژی سروشتەوە دروستبوون، واتە بۆ تێکدان و زەرەروو زیان پێگەیاندنی. چاکترین بوونەوەری زیندوو (ئەوانەی، کەلەسەر زەوی دەژیێن) مرۆڤە، ئەوەش بەڕوونی واتای ئەوەیە، کە ئەو گەشەیەکی سروشتی کردووە و گەشەکەی لەگەڵ سروشتدا گونجاوە. (ب١٧) ئەگەر بەردەوام ئامانج چاکتربێ لەشتەکە (کە هەموو شتێك لەپێناو ئامانجێك پێکدەهێندرێ —یان بنیاتدەنرێ- ، هەروەك بەردەوام ((بۆچی))[٢٨] لەهەموو شت چاکترە و بگرە لەڕووی چاکەوە لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە، ئەگەر بێتو ئامانجی گونجاو لەگەڵ سروشت دوایین شت بێ، کە پێی دەگەین لە سووڕانەوەی سروشتیی گەردووندا[٢٩] کاتێك ئەوە بەرۆیشتنێکی بەردەوام ڕووە و کامڵ بوون دەڕوا[٣٠]، ئەگەر دانمان بەوەدانا، کە جەستە یەکەمین شتی مرۆڤە دەگاتە کەماڵ و دواتر ئەوە، دێ، کە پەیوەندی بەڕۆحەوە هەیە، و چاکترین کەماڵیش بۆ گەردوون (گەشەکردن) هەموو کات دواتر لەجۆرێك لەئاراستەوە دێ، ئەگەر بەوە قایل بووین، کە گەشەکردنی ڕۆح دەکەوێتە دوای گەشەکردنی جەستە[٣١]، دوایین (لێهاتوویی) ڕۆحیش لێهاتوویی عەقڵە[٣٢] (ئێمە وا تێبینی دەکەین، کە ئەو لێهاتووییە بەسروشتی خۆی دوایین شتە کەلای مرۆڤ پێکدێ، بۆیە ئەوە تاکە چاکەیە، کە پیری داوای هەبوونی دەکا)، ئەگەر بەمانە هەمووی قایل بووین بۆمان دەردەکەوێ کە لێهاتوویی عەقڵ بەپێی سروشتی خۆی ئامانجی ئێمەیە، و بەکارهێنانیشی مەبەستی کۆتایی ئێمەیە، کە لەپێناویدا گەشەمانکردووە. ئەگەر ڕاستبێ، کە ئێمە هەین[٣٣] بەپێی سروشت، ئەوا ئەوە ڕوون دەبێتەوە ئێمە بۆیە دەژین تا بیر لەشتێك بکەینەوە و فێرببین.

(ب١٨) لێگەڕێ با بپرسین بۆ چ بابەتێك لەبابەتەکانی فیکر (ئەوانەی کە هەن) خودا ئێمەی دروست کردووە؟ کاتێك ئەمەیان لە فیساگۆرس پرسی ئاوا وەڵامی دایەوە: ((بۆ ئەوەی بیر لەئاسمان بکەمەوە))[٣٤]. وا ڕاهاتبوو، کە خۆی بە (مرۆڤ) ێك دابنێ لە ئاسمان رادەمێنێ و ئەو لەپێناو ئەو مەبەستەوە هاتۆتە ژیان. (ب١٩) هەروەها لە ئەنکساگۆراسی دەگێڕنەوە/ کە پرسیاری لێکراوە لەبارەی ئەو ئامانجەی

که دەکرێ مرۆڤ لە لەدایك بوون و ژیانییەوە پێی بگا، وا وەڵامی دایەوە: بۆ ئەوەی بیر لە ئاسمان و ئەستێرە (هەڵاتووەکان) و مانگ و رۆژ بکەمەوە، وەك ئەوەی بەدەر لەوانە هیچ شتێك شایەنی خۆ بۆ ماندووکردن نەبێ[٣٥]. (ب٢٠) بەمشێوەیە فیساگۆرس بەڕاستی دەیگووت[٣٦] هەموو مرۆڤێك، خودا، بۆیە دروستی کردووە تا بزانێ و بیربکاتەوە و وردببێتەوە. جا بابەتی ئەم مەعریفەیە (سستەم) ی گەردوون بێ یان هەر سروشتێکی دیکە، ئەمە بابەتێکە، کە دواتر دەیپشکنین، ئەوەی ئێستا گوتمان بەسە بۆ ئەوەی ببێتە بنچینەیەك پشتی پێ ببەستین. مادامەکی مەبەست — بەحوکمی سروشت- لێهاتوویی عەقڵە، ئەوا باشترین شت بەکارهێنانیەتی لە (پلاندانان و بیرکردنەوە). (ب ٢١)، بۆیە پێویستە مرۆڤ هەموو شتەکانی دیکە فێرببێ لەپێناو ئەو چاکەیەی کە لەخودی مرۆڤدا پێکهاتووە، لە (کۆی) ئەو چاکەیەدا (هەڵدەستێ بەئەنجامدانی) کاری گەورە لەپێناو (کاری) ڕۆحی (و کار لە) چاکیی دەکات لەپێناو لێهاتوویی عەقلاندن، چونکە ئەوە لەهەموو شتێك چاکترە.

(ب ٢٢) ئەم فیکرەیەی دێ دەمانباتە سەر هەمان ئامانج (ئەویش ئەوەیە ئەوەی بیەوێ بەختەوەر بێ بێگومان دەبێ فەلسەفاندن بکات). (ب ٢٣) کاتێك، کە سستەم تەواوی سروشتی گرتۆتەوە، ئەوا هیچ شتێك بەرێکەوت ناکات، بەڵکو هەموو شتێك ڕووە و ئامانجێکی دیاریکراو ئاراستەدەکات. ئەو کاتێك رێکەوت (و رێککەوتن)[٣٧] دووردەخاتەوە پێداگرە لەسەر وەدەستهێنانی ئامانجەکە (یان مەبەستەکە) بە بڕێك، کە لەسەرووی هەموو هونەرێکی مرۆییدا بێ، هەروەك دەزانین دروستکردنە مرۆییەکان[٣٨] لاساییکردنەوەی سروشتن. کاتێك، کە مرۆڤ بەپێی سروشتی خۆی لە ڕۆح و جەستە پێکدێ، و ڕۆح لە جەستە بەبایەخ تربێ. وەك ئەوەی ئاست نزمەکان لەژێر چاکەکان ریز دەکرێن لەپێناو گەیشتن بەئامانجێکی دیاریکراو. ئەوا بوونی جەستە لەپێناو بوونی ڕۆحدایە. ئێمە دەزانین، کە ڕۆح لە پاژێك پێکدێ، کە عاقڵە لەگەڵ پاژێکی دیکەی بێ عەقڵ و ئەو پاژەی، کە بێ عەقڵە بایەخی کەمترە (لەعاقڵەکە). لەوەوە ئەمە هەڵدەهێنجین، کە بوونی پاژە بێ عەقڵەکە لەپێناو پاژە عاقڵەکەیە. پاژە عاقڵەکەش



عەقڵی تێدایە[٣٩]. (ب ٢٤) چالاکیی عەقڵ بیرکردنەوەیە[٤٠]، بیرکردنەوەش لەسەر تێفکرین لەبابەتە فیکرییەکان بەئەنجامدەگات[٤١] لەرووێکەوە چالاکی (ئەندام) بینین دیتنی بینراوەکانە. بەمشێوەیە فیکر و عەقڵ هەموو شتێکن، کە مرۆڤ هەوڵیان بۆ بدا[٤٢]، هەموو ئەو شتانەی، کە ماونەتەوە شایەنی ئەوەن، کە مرۆڤ بۆ ڕۆح هەوڵیان بۆبدا و عەقڵیش بەرزترین بابەتە لەرووی نرخەوە لەبواری ڕۆحەوە، هەموو شتێکی دیکە (تەنیا) لەپێناو ئەودا دەبێت. (ب ٢٥) هەندێك چالاکی عەقڵی ئازادییەکی تەواویان هەیە، ئەوانیش ئەو چالاکییانەن لەپێناو خۆیاندا وەدەستدێن[٤٣]. هەرچی ئەو چالاکییانەی، کە زانیارییەکان لەپێناو هەرشتێکی دیکەدا بەرهەمدێنن لە خزمەتکارەکان دەچێ. هەموو ئەوەی لەپێناو خۆیدا ئەنجامدەدرێ لەڕووی بایەخەوە لەسەرووی ئەوانەیە، کە دەبنە پێناوێك بۆ شتێکی دیکە، بەمشێوەیە ئازاد بەبایەخترە لە نائازاد.

(ب ٢٦) ئێمە کاتێك لە هەڵسوکەوتماندا پەنا دەبەینە بەر بیرکردنەوە[٤٤] بە بەخشراوێك ڕێی ڕاستمان نیشاندەدرێ هەتا ئەگەر بیرکەرەوەکە بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆشی لەبەرچاو گرتبێ و شێوازی کارەکەی و ڕەوشتی لەڕێگەی ئەم تێڕوانینەوە دیاریکردبێ. (لەوکاتدا) ئەو جەستەی خۆی بەکاردێنێ هەروەك چۆن خزمەتکارەکەی بەکاردێنێ، بەڵکو ناچار دەبێ دەرفەتێکی زۆر بۆ ڕێکەوت بکاتەوە، ئەو بەگشتی ڕووە و ئەو کارانە دەڕوا، کە بیرکردنەوەیان (عەقڵ) بەڕۆڵێکی بنچینەیی تێدایە، هەتا ئەگەر کارەکە پێویستی بەوە هەبوو، کە جەستە وەکو ئامێر بەکاربێنێت(٤٥). (ب ٢٧) بەمشێوەیە دەبینین بیرکردنەوەی پەتی و رووتکراوە لە ئامانج رێزدارتر و بەنرخترە لەو بیرکردنەوەی کە(تەنیا) خزمەتکارە (بەکارهێندراوە) بۆ گەیشتن بە شتێکی دیکە. بیرکردنەوەیەی پەتی شەرەفی خۆی لە خودی خۆی وەردەگرێ، و حیکمەت (عەقڵ) ئەو شتەیە، کە شایەنی ئەوەیە (لای مرۆڤ) هەوڵی وەدەستهێنانی بدات، هەروەك زیرەکی کرداری لەژیان[٤٦] شایەنی ئەوەیە، کە لەپێناو کردار (یان هەڵسوکوت) دا هەوڵی بۆ بدەی. کەواتە چاکە و شەرەف بەر لەهەر شتێکی دیکە هاوڕێن بۆ بیرکردنەوەی فەلسەفی، ئەگەر هاوڕێش نەبوون بەهۆی سروشتی هەرجۆرێك لەو دوو جۆرەی

بیرکردنەوەیە وەك ئەوەی بڕیاری لەسەر دراوە، کەواتە بەشێوەیەکی گشتی هەموو وێناکردنێك پەیوەست نییە بە شەرەفەوە، بەڵکو لە بیرکردنەوەی مامۆستای دانا بەتەنیا ئەوە چاوەڕێ دەکەین[٤٧] —کاتێك ئەو بیرکردنەوەیەی ڕووە و بنەمای باوی گەردوون دەڕوا- نزیك بێ لە حیکمەت و بەمانای وشەکە ببێتە حیکمەت[٤٨].

(ب ٢٨) مرۆڤ ئەگەر درککردنی هەستی و عەقڵی لێ قەدەغە بکرێ وەکو ڕووەکی لێدێ، ئەگەر بەتەنیا عەقڵی لێ قەدەغە بکرێ وەکو ئاژەڵی لێدێ، بەڵام ئەگەر لە نامەعقولێ خۆی ئازاد بکا[٤٩] و خۆی بەعەقڵەوە بگرێ، ئەوا لەخواوەندەکان دەچێ. (ب ٢٩) ئەو عەقڵەی، کە ئێمەی پێ لەهەموو بوونەوەرەکانی دیکە جودادەبینەوە، بەشێوەیەکی کاملێ وەدەستنایێ[٥٠] تەنیا لەو شێوەیەی (یەکێك لەشێوەکان) ژیان نەبێ، کە دان بەبوونی ڕێککەوتن (و ڕێکەوت)[٥١] و هەرچی، کە بێنرخیشە نانێ. ڕاستە کە ئاژەڵان پاڵنەری کەمیان هەیە لە تێڕوانین و عەقڵ، هەرچەندە کەمترین پشکی حیکمەتی تیۆری بەرنەکەوتووە[٥٢]. ئەو حیکمەتە جگە لەخوداوەند کەسی دیکەی پێ وەسف ناکرێ و بۆ عەقڵی مرۆیی نەبێ بۆ هیچی دیکە ناگەڕێتەوە[٥٣]. لەلایەکی دیکەوە ئاژەڵێکی زۆر سەرکەوتنێکی دووریان بەسەر مرۆڤدا هەیە لە هەست تیژی و لە غەریزە سروشتییەکان[٥٤]. (ب ٣٠) لەڕاستیدا ژیانی عەقلانی تاکە (شت) ە، کە ناکرێ لەچاکە دابڕێ، ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی دانپێدانراوە، کە وێنای چاکەی لەخۆگرتووە. ئەو پیاوە (ژیر) ە پایە بەرزەی کە لەژیانیدا (ڕێگا) ی عەقڵ دەگرێتەبەر نابێتە نێچیری ڕێکەوت، بەڵکو لەخەڵکی دیکە زیاتر دەزانێ، کە چۆن خۆی لە (هەموو) ئەوانە ڕزگاربکا، کە ملکەچی دەبێ. ئەگەر توانیت بەردەوام خۆت بۆ ئەو ژیانە تەرخانبکەی[٥٥] بە قنیاتی تەواوەوە، ئەوا دەتوانی ژیانێکی ئارام و دڵنەوات هەبێ.

(ب٣١) ئێمە هەموومان ئەوە هەڵدەبژێرین، کە لەیەککاتدا هەم خۆشی هێن و هەم سوودمەندە[٥٦]. پاشان دەبێ دان بەوەدابنێین، کە فەلسەفە[٥٧] ئەو دوو سیفەتانەی هەن و قورسی وەدەستخستنیشی کەمترە لەو سوودەی، کە دەیبەخشێت. ئێمە هەموومان بایەخ بە ئاسانترین و ساناترین (کار) دەدەین. (ب٣٢) ئاسانە، کە توانای خۆمان لە وەدەستهێنانی زانست بەوەی کە دادوەرانە و بەسوودە بسەلمێنین، هەروەها لەسەر



وەدەستهێنانی مەعریفە بەسروشت و بەبوونە ڕاستەقینەکانی دیکە[٥٨]. (ب٣٣) ئەوەی، کە یەکەم و سادەیە بەردەوام زیاترە لەوەی کە ناوەنجی و لێکدراوە[٥٩]، هەروەها لە قاڵدرمەی بەراییە سروشتییە ناسراوەکاندا بەرزترە لەوەی نزمتربێ. مەعریفە کاردەکا (بایەخ دەدا) بەوەی، کە دیاریکراو و ڕێکخراوە لەلایەنی لۆژیکییەوە زیاتر لەوەی کە بایەخ بە دژەکەی دەدا، هەروەك لە (هۆکار) و پێکهاتەی بنچینەیی دیکە دەچێ زیاتر لەوەی، کە لەمەوە (هۆکار یان پێکهاتەکان) وەرگیراوە[٦٠]. شتی چاك لە دیاریکراوی و ڕێکخستنیدا بەسەر شتی خراپ[٦١] سەردەکەوێ بەهەمان ئەو شێوەیەی، کە مرۆڤی بەرز[٦٢] بەسەر مرۆڤی پووچدا سەردەکەوێ. دژی لەمجۆرەش بێگومان دەبێ هەمان خەسڵەتییان هەبێ[٦٣]. یەکەمیان لەناوەنجیەکە پتر سروشتی هۆ لەخۆدەگرێ، ئەگەر ئەوە لەناوچوو، ئەوا هەموو ئەوە لەناودەچێ، کە بوونی خۆی لێوەرگرتووە. بەمشێوەیە کاتێك ژمارەکان لەناودەچن هێڵەکانیش نامێنن، هەروەك بەنەمانی هێڵەکان رووکارەکان نامێنن و جەستەکانیش بەنەمانی ڕووکارەکان ئەوانیش نامێنن.. ئەوە لە وشەش وایە کاتێك بڕگەیەك نامێنێ و بۆ بڕگەش وایە کاتێك تیپ نامێنێ. [ب ٣٤] لەکاتێکدا، کە ڕۆح بەبایەخترە لە جەستە (چونکە بەهۆی سروشتەکەیەوە زاڵترە) و لەوەی کە پەیوویەندیی بە جەستەوە هەیە دروستکارییەکی (ئادەمیزاد)[٦٤] و زانستی وەکو پزیشکی و وەرزشی جەستەیی هەیە (ئەو دووەی، کە وەکو دوو لقی مەعریفە وەسفیان دەکەین و جەختدەکەینەوە، کە کۆمەڵە خەڵکێك هەن لێیان شارەزان) ڕوونە، کە پێویستیی داوای جۆرێك لەچاودێری و لەو پیشەیەی پەیوەندی بە ڕۆح و چاکییەکانییەوە هەیە دەکا، هەروەك پەیوەستە بەوەی، کە توانای وەدەستهێنانیانمان هەبێ، کە ئێمە دەتوانین توانای (وەدەستخستنی) مەعریفەمان هەبێ بە شتێکەوە، کە نەزانیمان لێی گەورەتربێ و هەروەك زانیاریمان لەبارەیەوە ماندووکەرتر و قورستربێ. (ب ٣٥) ئەوە بۆ مەعریفەی سروشتیش ڕاست. بیرکردنەوە لە هۆکارە بنچینەییەکان[٦٥] لەسروشتدا و بە سادەترین توخمەکانی لەسەرەتاوە پێویستتر دەبن لەو بیرکردنەوانەی، کە (دواتر بەشێوەیەکی ناوەنجی) لێیانەوە دروستبوون، کە ئەمەی دواییان لەلایەنی بنەماوە بۆ شتە بەراییەکان ناگەڕێتەوە[٦٦]، هەروەك ئەوەی دووەمیان بوونی لێ وەدەستنایێ، بەڵکو

ڕوونە، کە هەموو شتەکان لەو یەکەمەوە پەیدادەبن و لەسەر ڕێی ئەو بوونیان دەبێ. (ب٣٦) هەرچەند ئاگر و هەواو ژمارە یان هەر ((بوونەوەرێك)) ی دیکە هۆکاری سەرەکی بێت[٦٧]، و هەرچەندە ئەو سەرەتا بێت بۆ (بوونەکان) ی دیکە، ئەوا دوورە هیچ شتێك لەسەر ئەمە بزانین بەر لەوەی ئەو بناسین[٦٨]. یەکێك، کەبڕگەکان نەناسێ چۆن دەتوانێ لە وشە گۆکراوەکان بگا، یان چۆن دەتوانێ بڕگەکان بناسێ ئەگەر تیپەکان نەزانێ؟ (ب٣٧) با ئەمە (دەستەبژێر) ی قسە بێت لەبارەی بوونی ناسینی حەقیقەت[٦٩] و ناسینی چاکیی ڕۆح و توانامان لەوەدەستهێنانی.

(ب ٣٨) هەرچی ئەو (تێفکرینانەن بە بنەماکانەوە) ئەوا گەورەترین چاکەو بەسوودترن لەهەرشتێکی دیکە، ئەمەش لەوەدا روون دەبێتەوە، کە دواتر دەیڵێین. ئێمە هەموومان (لەبۆچووندا) لەسەر ئەوە کۆکین، کە بەرزترین پیاو لەرووی ئاکارەوە و توندترینیان بەو پێیەی، کە هێزە، ئەو دەبێ دەسەڵات بگرێتە دەست[٧٠]، هەروەك هاوڕاین لەسەر ئەوەی کە تەنیا یاسا حاکم و دەسەڵاتدارە، ئەو یاسایەی، کە گووتەکەی دەربڕی حیکمەت و تێفکرینە. (ب ٣٩) کێیە دەتوانێ نوێنەرایەتی پێوەری وردمان بۆبکا و بۆمان ببێتە ڕێنیشاندەرجگە لەمرۆڤی دانا[٧١] (لەهەڵسوکەوت و رەوشتیدا) ئەو شتەی، کە هەڵیدەبژێرێ لەسەر بنچینەی بیرکردنەوە و زانست ئەوە چاکەیە، بەڵام دژەکەی (ئەوەی لێی جودایە)، ئەوا خراپەیە. (ب ٤٠) هەموو خەڵکی ئارەزوویان لەو شتەیە، کە لەگەڵ سروشتییان دەگونجێ، دادپەروەر ژیانێکی دادپەروەرانە هەڵدەبژێرێ ، و ئازا ژیانێکی ئازایانە، و بیرکەرەوەی عاقڵیش ژیانی بیرکردنەوە و عەقڵ. لەمەوە ئەوەش روون دەبێتەوە، کە ئەو مرۆڤەی لێهاتوویی عەقڵی[٧٢] پێبەخشراوە فەلسەفە هەڵدەبژێرێ، چونکە فەلسەفە ئەرکی ئەو لێهاتووییەیە. لەو بڕیارەی، کە بەبەرزترین پلەی دڵنیاییەوە دەرکراوە دەردەکەوێ کە لێهاتوویی عەقڵ[٧٣] لەهەموو چاکەیەك چاکترە. (ب٤١) لەوەی، کە دێت ڕاستی ئەو مەسەلەیە روون دەبێتەوە. تێفکرین و مەعریفە شایەنی ئەوەن مرۆڤ هەوڵیان بۆ بدا، کە بەبێ ئەوان مەحاڵە مرۆڤ ئەو ژیانە بژیێت، کە شایەنی مرۆڤ بوونیەتی. هەروەها بۆ ژیانی کارەکیش سوود بەخشن، هیچ شتێك (شیمانەی نییە)، کە بەچاکە بۆمان



دەربکەوێ ئەگەر مەبەست لێیەوە لەڕێی پلاندانان و چالاکیی عەقڵی دانا[٧٤] وەچەنگ نەکەوتبێت. ئەگەر ژیانی بەختەوەر لە خۆشی و بەختەوەریی، یان چاکە (و بەرێزی ئاکار) یان لە عەقلانیبوون ( و بەکارهێنانی عەقڵ) دا هەبێ، ئەوا لەسەر مرۆڤ پێویستە لەهەموو ئەم بارانەدا فەلسەفاندن بکات[٧٥]. (ب ٤٢) ئەوەی، کە لەهەموو زانستێکدا لەبارەیەوە لە ئەنجامێکی جیاواز دەگەڕێ و داوا لەهەموو مەعریفەیەکیش دەکا سوودمەندبێت[٧٦] بەهەموو نەزانییەکەوە ئەو جیاوازییە بنچینەییە پشتگوێ دەخا، کە لەنێوان ئەوەدا هەیە، کە چاکەیە لەگەڵ ئەوەی کە پێویستە، لەڕاستیدا ئەوە جیاوازییەکی گەورەیە. ئەو شتانەی کە ئێمە لەبەر شتی دیکەوە خۆشمان دەوێن و ناتوانین بێ ئەوان بژین، ئەوە ئەو شتانەن کە ئێمە بەپێویست و هۆی لەگەڵ هاتوویان دادەنێین، هەرچی ئەو (شتانەن) کەلەبەر خۆیان خۆشمان دەوێن، هەتا ئەگەر شتێکی دیکەیان لێ بەرهەم نێ، ئەوا ئەوە ئەو شتەیە، کە ئێمە بە واتا ڕاستەکە بەچاکەی دادەنێین، چونکە یەکێکیان (لێی) شایەنی هەڵبژاردن نییە لەپێناو شتێکی دیکەدا ئەمەش تا بێ کۆتا بەدوایدا دەڕوات، کە پێویستە لەبابەتێك ڕابوەستین. ڕاستییەکەی گاڵتەجاڕییە ئەگەر لەهەموو شتێکدا بەدوای سوودێکی جیاواز بگەڕێین لەخودی بابەتەکەی، و پێکەنیناویشە پرسیاری ئەوە بکەین ((ئەمە لە چ دا سوودمان پێدەگەیەنێ؟)) و ((دەتوانین ئەمە بۆ چ مەبەستێك بەکاربێنین؟)) ئەوەی کە بەم شێوەیە قسە دەکا بەهیچ بارێك لەبارەکان —هەروەك ئەمە عادەتی قسەکردنمە[٧٧]- بەوە بچوێنرێ، کە بەخشندەیی و چاکە دەناسێت و دەتوانێت جیاوازی بکات لەنێوان هۆ و هۆی لەگەڵ هاتوو.

(ب ٤٣) ڕەنگە (چاکترین هۆکار) بۆ زانینی ڕاستیی قسەکەی من ئەوەبێ یەکێك لەڕێگەی فیکرەوە[٧٨] بمانگوازێتەوە بۆ دوورگەکانی بەختەوەران. لەوێدا هەست بەوە ناکەین، کە پێویستمان بە شتێك هەیە[٧٩]، هیچ شتێکیش لەشتەکانی دیکە هیچ سوودێکمان بۆ نارەخسێنێ و جگە لە تێفکرین و فەلسەفاندن هیچی دیکە (مان) بۆ نامێنێتەوە[٨٠]، واتە ئەوەی، کە ئێستا بە ژیانی ئازادی دادەنێین. ئەگەر ئەوە ڕاست بێت[٨١]، ئەوا ئەو کەسەی، کە دەرفەتی[٨٢] ئەوەی بۆ بڕەخسێ، کە لە دوورگەکانی

بەختەوەران بهێنێتەوە، دەستەوەستانی و کەموکوڕی نواندن لەقۆستنەوەی دەرفەتەکە (هێشتییەوە) چەند مافی ئەوەی هەیە، کە شەرم لەخۆی بکاتەوە. بۆیە ئەو پاداشتەی[٨٣]، کە مەعریفە پێشکەشی مرۆڤی دەکا هەرگیز داوای ڕك لێبوونەوە ناکا، هەروەك ئەو چاکەیەی، کە لێی دەکەوێتەوە کەم نییە. وەك ئەوەی ئێمە لە ((هادیس))[٨٤] دا بەروبوومی دادپەروەری کۆدەکەینەوە —بەو شێوەیەی، کە هەندێك لە شاعیرە حەکیمەکان دەیڵێن- بەهەمان شێوە بۆمان دەلوێ هیوامان بە (کۆکردنەوەی) بەرووبوومەکانی فەلسەفە هەبێ لە دوورگەکانی بەختەوەران[٨٥]. (ب ٤٤) بۆیە ئەگەر بۆمان دەرکەوت، کە فەلسەفە بێ سوود و کەڵکە، نابێ خەمباربین[٨٦]، چونکە ئێمە جەخت لەوە ناکەینەوە، کە بەسوودە، بەڵکو (جەخت) لەوە دەکەینەوە، کە چاکەیە و پێویست ناکا مرۆڤیش لەپێناو شتێکی دیکە هەڵیبژێرێت، بەڵکو دەبێ لەبەرخۆی هەڵیبژێرێت. وەك ئەوەی ئێمە گەشت بۆ ((ئۆلۆمپیا)) دەکەین بۆ (بینین) ی خودی نواندنەکە، هەتا ئەگەر دەستکەوتێکی دیکەی لێ وەدەست نەهێنین (کە دیتن بۆ خۆی زۆر گرانبەهاترە لەپارەیەکی زۆر)، و ئێمە، بۆیە سەیری ئاهەنگە شانۆییەکان ناکەین لە جەژنە دیۆنیزیەکاندا[٨٧] تا شتێك لە ئەکتەرەکان وەدەستبێنین —ئێمە لەڕاستیدا پارەی خۆمانی لێ خەرج دەکەین-، هەروەك ئێمە ڕێزێکی زۆر لەهەندێك دیمەنی نوێنراو دەگرین، کە لەسەروی سامان و ماڵی بەردەستە، ئەوا مرۆڤ ئەو ڕێزەی لە تێفکرینی گەردوونی دەنێ لەسەروی ئەو ڕێزەیە (لەڕوی بەهاوە)، کە لەهەمموو ئەو شتانەی دەنێ، کە لەتێڕوانینی رای گشتیدا بە (شت) ی بەکەڵك دادەنرێن[٨٨]. بێگومان ئەوە ڕاست نییە، کە لە گەشتدا توانایەکی زۆر بەفیڕۆ بدات ڕووەو کەسانێك، کە لەسەر شێوەی ژن و بەندەکان (لەسەر شانۆ) دەردەکەون، یان (لەیاری ئۆلۆمپییدا) لەسەر زۆرانبازی و پێشبڕکێ (ڕاکردن) کێبڕکێ دەکەن، پاشان دەچێتەوە لایەکی دیکە، کەمرۆڤ نابێ بێ بەرانبەر (پارە) (بیر)لەسروشتی شتە راستەقینەکان بکاتەوە. (ب ٤٥) بەمشێوەیە ئێستا (لەسەر شێوازی لێکۆڵینەوەکەمان) لەمەبەستداری سروشتییەوە بە وەسفە دەربڕاوەکەی (ئەوەی، کە لێیەوە دەست پێدەکەین) پێشکەوتین بەرەو ئاگادارکردنەوە لە (پێویستی) فەلسەفاندن، بەو باوەڕەوە، کە فەلسەفاندن چاکەیە و ئەگەر بۆ خودی خۆی



وەربگیرێ شایەنی ڕێز و شکۆیە، هەتا ئەگەر لەژیانی کارەکیدا شتێکی لێ بەرهەم نەهێنرێت[٨٩].

(ب ٤٦) هەرچی چالاکیی فیکرییە لەڕاستیدا لەژیانی رۆژانەدا (بۆ مرۆڤ) مەزنترین کەڵك دەرەخسێنێت، ئەوەش ئەوەیە، کە بەئاسانی وەدیاری دەخەین (لەتەماشاکردندا) لە کارو پیشەدا. هەمموو پزیشکە لێهاتووەکان و زۆرینەی ماۆستایانی یارییە وەرزشییەکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە ئەو کەسەی دەیەوێت ببێتە پزیشك، یان مامۆستایەکی باش (بۆ یارییە وەرزشییەکان) لەسەری پێویستە زانیارییەکی چاکی لەسەر سروشت هەبێت[٩٠]. کارەکە بۆ یاسادارێژە دیارەکان[٩١] یش بەهەمان شێوەیە، ئەوانەی، کە پێویستە زۆر بەوردی شارەزای سروشت بن، بەڵکو لێزانییەکەیان دەبێ لە لێزانی ئەوانەی پێشوو زیاتر بێ، چونکە ئەوان دەستڕەنگینی خۆیان بە گەشەپێکردنی لێهاتوویەکانیی[٩٢] جەستە دەردەخەن، بەڵام ئەمانە ڕووە و چاکیی ڕۆح دەرۆن و هەوڵدەدەن خەڵکی[٩٣] رووە و ئەو ڕێگایانە ئاڕاستەبکەن، کە بەرەو بەختەوەری کۆمەڵگە، یان ناخۆشی دەیانبات، بۆیە زیاتر پێویستییان بەفەلسەفە دەبێ.(ب ٤٧)لە پیشە دەستییەکانی دیکەدا باشترین ئامێر لەڕێی تێبینی کردنی سروشتدا دەدۆزرێنەوە، بۆنموونە لەدارتاشیدا شاوڵی[٩٤] و راستە و ئەو ئامێرەی، کە بازنەی پێ دروست دەکرێ[٩٥] (دەدۆزرێنەوە)، لەهەندێك ئامێردا تێبینی کردنی ئاو نموونەیە (ئەوەی لاسایی دەکەینەوە)، لەهەندێکی دیکەدا (لاسایی) ئەو تیشکە ڕۆژانە دەکەینەوە، کەدەکەوێتەسەریان. بەیارمەتی ئەو ئامێرانە لەوە دڵنیادەبینەوە، کە راست و یەکسانە بەشێوەیەك بەپلەیەکی باش لەگەڵ درککردنی هەستیدا دەگونجێ. بەهەمان ئەو رێگەیەش لەسەر پیاوی وڵات[٩٦] پێویست دەبێ، کە پێوەری دیاریکراوی هەبن و لەخودی سروشتی وەرگرتبن لە بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە دادپەروەر و جوان و بەسوودە پشتی پێ ببەستێت. هەروەك ئەو جۆرە ئامێرەی لە پیشە دەستییەکان ناومان هێنا لەهەمموو ئەوانەی دیکە چاکترە، بەهەمان شێوە ئەو پێوەرە دەبێتە باشترین پێوەر ئەگەر هاتوو زۆرترین ڕێژەی گونجانی لەگەڵ سروشت بۆ رەخسا. (ب ٤٨) ئەو مرۆڤەی، کە خۆی بۆ فەلسەفە تەرخان نەکردووە و ئەو حەقیقەتەی نەزانیوە، کە بگاتە ئەم

(پێوەرە)[٩٧] ئەوە هیچ ڕێگەیەکی نییە. ڕاستییەکەی خەڵکی لە کار (و پیشە) ی دیکەدا ناگەنە ئامێر و وردترین ژماردن لەڕێی بنەما یەکەمییەکانەوە، بەڵکو (مەعریفەی خۆیانی) پێ بەهێز دەکەن لەبنەما پلە دوو و سێ و چوارەکان، کەلەوەوە وەرگیراون[٩٨]، بەمشێوەیە زانستەکەیان بەنزیکەیی دەبێت هەروەك بڕیارەکانیان لەڕێی لێزانییەوە هەڵدەسەنگێنن. تەنیا فەیلەسوف لاسایی خودی شتە وردەکان دەکاتەوە، چونکە ئەوە بیر لەخودی شتەکان دەکاتەوە نەك لەوێنە لاساییکراوەکانیان[٩٩]. (ب٤٩) وەك ئەوەی ناکرێ ئەو ئەندازیارەی، کە ڕاستە و شتی دیکەی وەك ئەوە بەکارناهێنێ — بەڵکو بەسادەیی پشت بە لاساییکردنەوەی ماڵەکانی دیکە دەبەستێ- ببێتە ئەندازیارێکی چاك، بەهەمان شێوە ئەو یاساداڕێژەی، کە یاسا بۆ کۆمەڵگە دادەنێ، یان دەست بەکاری سیاسی دەکا (لەولاتدا) تەنیا تەماشای کارەکانی دیکە یان کۆمەڵگاکانی دیکە و لاساییکردنەوەکانیان بکا —وەکو کۆمەڵگە ئەسپەرتییەکان و کریتییەکان- قوڕسە ببێتە یاساداڕێژێکی باش، یان پیاوێکی نایاب[١٠٠]، ئەوەش لەبەرئەوەیە، کە لاسایی کردنەوەی کرێت ناکرێ جوان بێت، ناشکرێ، کە لاساییکردنەوەی ئەو شتەی بەسروشتی خۆی خودایی و هەمیشەیی نییە ببێتە نەمر و هەمیشەیی. بەتەنیا فەیلەسوف لەنێوان هەموو کارکەرەکاندا ئەوە، کە بە جێگیری یاساکانی و بەرێزی وەسف دەکرێ. (ب ٥٠) چونکە تەنیا ئەوە کەدەژیێ و چاوی لەسەر سروشت و (هەموو ئەوەی) خودایییە نابزوێنێ. ئەو لەو پۆلە کەشتیوانە چاکە دەچێ، کە لەنگەر بە (کەشتی) ژیانی دەگرێ کاتێك نەبڕاوەو هەمیشەییە و لەوێوە لەنگەرگری کەشتییەکە دەخاتەخوارەوە و دەبێتە بەرپرسی خۆی. (ب ٥١) ئەو مەعریفەیە لەخۆیدا مەعریفەیەکی تیۆرییە، بەلاّم ڕێگەمان پێدەدا، کە هەموو کارەکانمان بەهۆی ئەوەوە بەڕێوە ببەین. وەك ئەوەی (هێز) تێفکرین نە هیچ شتێك دروست دەکات و نەهیچیش دێنێتە بوون، چونکە تاکە ئەرکی ئەو جوداکردنەوەی شتە بینراوەکانە لەیەکتری هەریەکەیان بۆخۆی و ڕونکردنەوەی شتەکە و توانامان پێدەدات بۆ ئەنجامدانی هەرشتێك و لەکاتی کارکردندا گەورەترین یارمەتیمان پێشکەشدەکات (بەشێوەیەك ئەگەر ئەو نەبووایە بەتەواوی لەپەلوپۆ دەکەوتین)، ئەوەش روونە کە ئێمە لەڕێی ئەو



مەعریفەیەوە، سەرەڕای ئەوەی تیۆرییە، دەتوانین ژمارەیەکی بێ شوماری کار بەئەنجام بگەیەنین. هەروەك لە بڕیاردان لەسەر ئەوەی، کە شتێك وەربگرین، یان شتێکی دیکە وەلا بنێین پرس و ڕای پێدەکەین و بەگشتی ئێمە لەڕێی ئەو مەعریفەیەوە هەموو ئەوە وەدەستدێنین، کە چاکەیە.

(ب ٥٢) ئەوەی، کە دەیەوێ ئەرکی پشکنینی ئەوە بخاتە سەرشانی خۆی، کە گوتمان پێویستە لەسەری بەڕوونی ئەوە دەربخات، کە هەموو ئەو شتەی چاکەیە بۆ مرۆڤ لە کار و ئەنجامداندا تەواو دەبێت نەك تەنیا بە ناسینی چاکە. ئێمە بەلەشساغی نامێنینەوە لەڕێی ناسینی ئەو شتانەی بۆ تەندروستیمان باشن، بەڵکو لەڕێی پێدانیان بەجەستە بەساغی دەمێنینەوە. ئێمە بەزانینی (ماهییەتی) سامان دەوڵەمەند نابین، بەڵکو بەڕێگەی وەدەستخستنی سامانێکی مەزن دەوڵەمەند دەبین، لەهەموو ئەوانەش گرنگتر ئێمە ژیانێکی جوان و شکۆمەند ناژین لەڕێگەی زانینی هەندێك (ڕاستی) لەسەر هەبوونەکان، بەڵکو لەڕێگەی کاری چاکمان[١٠١] ئەمە دەکەین، چونکە بەڕاستی ئەوە ژیانی بەختەوەرە. لەوەوە پێویست دەکات، کە فەلسەفە بەڕۆڵی خۆی —ئەگەر ئەوە ڕاست بوو، کە سوودگەیەنە- یان ببێتە مومارەسەکردنی کاری چاك، یان بەکەڵك[١٠٢] بێ بۆ ئەنجامدانی کاری لەوجۆرە. (ب ٥٣) بەمشێوەیە پێویستە لەسەر مرۆڤ کە لەفەلسەفە ڕانەکا، ئەگەر هاتوو[١٠٣] — وەك ئەوەی باوەڕم وایە- وەدەستخستنی حیکمەت و پراکتیزەکردنییەتی و حیکمەتیش بۆخۆی لە مەزنترین چاکییەکانە. کەمرۆڤ ماندووبوونی سەفەر بۆ ستوونەکانی هیرۆکلیتس دەخاتەسەرخۆی هەڵبستێ و خۆی لەپێناوی ساماندا تووشی زۆر مەترسی دەکا، بۆچی خۆی ماندوونەکات و هەوڵنەدات لەپێناو فەلسەفەدا[١٠٤]؟ ڕاستییەکەی سروشتی مرۆڤی ئاسایی ئەوەیە هەوڵ بۆ ژیان بدات نەك ژیانی بژاردەکان، و بەدوای بۆچوونەکانی جەماوەر بکەوێ، لەبری ئەوەی چاوەڕوانی وەلاّمی بۆچوونی خۆی بێ لێیان، و بەدوای ساماندا بگەڕێ و هەرگیز گرنگی بەوە نەدات، کە شکۆمەندە. (ب ٥٤) ئێستا وام بۆ دەرکەوتووە، کە بەڵگەی پێویستمان بۆ کەڵك و گرنگی بابەتەکە هێناوەتەوە. هەرچی ئەوەیە، کە (وەدەستهێنانی مەعریفەی فەلسەفی) ئاسانترە لەوەدەستهێنای هەر

چاكییەكی دیكە، ئەوە مەسەلەیەكە، كە دەكرێ قنیات بە (ڕاستییەكەی) بكرێ لەوەی، كە دێ: (ب ٥٥) ئەوانەی ژیانی خۆیان پێشكەشی فەلسەفە دەكەن ئەو پاداشتە لەخەڵكی وەرناگرن كەببێتە هۆی ئەوەی بۆ ئەو خۆماندووكردنە بیانجوڵێنێ. ئەو ماندووبوونە هەرچەندێك بێ، كە لە (وەدەستهێنانی) لێهاتوویی دیكەدا خەرجیان كردووە[١٠٥]، ئەوا لەماوەیەكی كورتدا دەتوانن پێشكەوتنێكی خێرا ئەنجامبدەن ڕووە و مەعریفەیەكی ورد، ئەوەش بەبۆچوونی من بەڵگەیە لەسەر ئاسانی وەدەستهێنانی مەعریفەی فەلسەفی. (ب ٥٦) ئەرگۆمێنتێكی دیكە هەیە (دەڵێ) هەموو خەڵكی ئارەزوویان لەفەلسەفەیە و لەدڵ سافییەوە دەیانەوێ خۆی بۆ تەرخان بكەن و واز لەهەموو شتێكی دیكە بێنن، ئەمەش بەڵگەیەكی دیكەیە، كە گاڵتەی پێناكرێ، كە خۆ پێ سەرقاڵكردنی چێژبەخشە و ئەگەر تەنیا خۆماندووكردن و ناخۆشی بووایە كەس بۆ ماوەیەكی درێژ خۆی پێوە ماندوو نەدەكرد[١٠٦]، ئەوەشی دەخەمەسەر، كە چالاكیی فەلسەفی تایبەتمەندییەكی مەزنە جیاواز لەهەموو جۆرەكانی دیكەی چالاكیی، مرۆڤ پێویستی بەهیچ ئامێرێكی تایبەت، یان شوێنێكی تایبەتی نابێ بۆ مومارەسەكردنی، بەڵكو لەهەر شوێنێك مرۆڤ هەبێ بایەخ (بچێتە) بە تێفكرین بدا، ئەوا لای توانای گرتنی[١٠٧] حەقیقەت هەیە وەك ئەوەی (لەبەردەستانی) بێت. (ب ٥٧) بەمشێوەیە سەلماندمان، كە دەكرێت مرۆڤ ژیانی خۆی بۆ فەلسەفە تەرخان بكات ئەوەش لەهەموو چاكەیەك گەورەترە و وەدەستهێنان و هەبوونیشی زۆر ئاسانە، بۆیە شایەنی ئەوەیە بەهیممەت و گەرموگوڕییەوە بەپیریەوە بچیت.

(ب٥٨) ئێستا دێینەسەر پرسیار لەبارەی ئەركی ڕاستەقینەی مەعریفەی فەلسەفی و ئەو هۆیەی كەوامان لێدەكا هەوڵی بۆ بدەین. ئەمەیە، كە دەمەوێ ئێستا بەتێڕوانینێكی نوێوە شیبكەمەوە. (ب ٥٩) ئێمەی مرۆڤ لە ڕۆح و جەستە پێكدێین، پاژێكیان دەسەڵاتی هەیە و پاژەكەی دیكەیان دەسەڵات بەسەریدا زاڵە[١٠٨]، یەكێكیان بەكاردێنێ و ئەوەی دیكەیان هەبوونی بوونی ئامێرە و پراكتیزەكردنی ئەو پاژەی، كە دەسەڵات بەسەریدا زاڵە، واتە ئامێرەكە، هەمیشە لەپەیوەندییەكی دیاریكراوە لەگەڵ ئەو پاژەی زاڵەو بەكاردێنێ. (ب ٦٠) لەڕۆحدا عەقڵ لەلایەك بوونی هەیە و ئەوە، كە



بەسروشتی خۆی زاڵ و باڵادەستە و كارەكانمان دیاردەكا[١٠٩]، هەروەك لەلایەكەی دیكە ئەوە هەیە، كە قایلە (و گوێڕایەڵە) و بەبوونی دەسەڵات لەسەری قایل دەبێ، هەموو شتێك لەبارێكی چاكدا دەبێ كاتێك هەموو پاژێك لەپاژەكانی ڕۆح چاكیی[١١٠] وەدەستدێنن، كەبەسروشتی خۆی لێی تایبەتمەند دەبێت، گەیشتن بەم مەبەستەش چاكەیە. [ب61] كاتێك، كە باشترین و زۆرترین و شایەنترین بەشی ڕۆح بۆ شكۆمەندی[١١١] فەزیلەت وەدەستدێنێ سستەمێكی كامڵ دایدەگرێ. هەرچەندە شتەكە بەحوكمی سروشتەكەی نایابترو سەركەوتووتربێ چاكییە گونجاوەكەی لەگەڵ سروشت جیاواز دەبێت و باڵادەستی پتر دەبێت. نرخی شت زیاد دەبێت كاتێك بەپێی سروشتی خۆی باڵادەست دەبێ لە سەركردایەتی كردن و بەڕێوەبردنی، هەروەك حاڵی مرۆڤ وایە بە بەراوردكردن لەگەڵ ئاژەڵان. هەروەها ڕۆحیش نرخی خۆی لەسەر جەستە زیاتر دەكات (چونكە ئەو لە سەركردایەتی كردن و زاڵبون بەسەری پلەی بەرزترە)، لەناو ڕۆحیشدا بەرز ئەوەیە، كە كردار و لێهاتوویی تێفكرینی هەیە[١١٢]. لەو جۆرەشدا كە فەرماندەدات و قەدەخە دەكات و ئەوە رادەگەیەنێ كە پێویستە بكرێت یان وەلابنرێت. (ب٦٢)چاكیی ئەو پاژە لەبەشەكانی ڕۆح هەرچییەك بێت، ئەوا دەبێ بۆ هەمووان بەشێوەیەكی گشتی و بۆ ئێمەش پتر شایەنی هەڵبژاردن بێت. وا چاكە، وەك ئەوەی دەیبینم، بڵێین، كە ئەو بەشە، جا بەتەنیا بێ، یان بەپلەی یەكەم، ئەو خودی ڕاستەقینەی ئێمەیە. (ب٦٣) سەرەڕای ئەوە ناتوانین كارێك بە چاكە[١١٣] وەسف بكەین ئەگەر شتێكی (لەوشتانەی) بەباشترین شێوەی شیمانە بۆكراو لەو ئەركە[١١٤] وەدەستهێنا، كەلەگەڵ سروشتی دەگونجێ (بەشێوەیەك ئەمە بەشێوەیەكی ڕووكاری ئەنجامنادرێ، بەڵكو بەوشێوەیەی، كە لەخۆیدایە[١١٥])، ئەو چاكەیەی كە وا لەشتێك دەكات تەواوبێ ئەمە ئەوەیە، كە ئێمە بە چاكترین چاكەی دادەنێین (هەروەك ) بۆی بە چاكەی حەق دادەنێین.

(ب٦٤) شتی لێكدراو (لەبەش) توانای كەرتكردن و جۆری كاریگەریی هەمەجۆرو جیاوازی هەیە، بەڵام ئەگەر سادەبێ بەحوكمی سروشتەكەی و بوونی لەدەست بدا بەتەنیا بەهەبوونی پەیوەندی لەگەڵ شتێكی تردا، ئەوا پێویستە یەك چاكەی هەبێ، كە ماهیەتەكەی جودابكاتەوە. (ب٦٥) كاتێك، كەمرۆڤ[١١٦] بوونەوەرێكی زیندوو و سادە بوو

و سروشتەکەی[١١٧] بەفیکر و بەعەقڵ[١١٨] دیاردەکرا، ئەوا جگە لەیەك ئەرك هیچ ئەرکێکی دیکەی نییە، کە ئەویش گەیشتنە بە حەقیقەتی کۆتایی پێ هاتوو لەلێوردبوونەوەدا، واتا مەعریفەی راست لەسەر بوونەکان، بەڵام ئەگەر بەتوانای هەمەجۆر جودابکرێتەوە، ئەوا بەبەهاترین کار کە ئەو توانایانە (وەدەستی دێنێت) ئەوە یارمەتی دەدات بۆ ئەنجامدانی مەزنترین کار، کەدەکرێ بکرێ، بۆ نموونە تەندروستیی کارێکی چاکە و گەشتی ئارام کاری کاپتنی کەشتییە، ناتوانم بەبەهاترین کارەکانی فیکر، یان پاژی بیرمەند لەرۆح وەسف بکەم تەنیا بەوە نەبێ، کە گەڕانە بەدوای حەقیقەت و حەقیقەتیش چاکترین کارە، کە ئەو بەشەی ڕۆح ئەنجامی دەدا. (ب٦٦) ئەم کارە بەشیی بیرمەند لەڕێی کۆکردنەوەی زانست وەدەستی دێنێت، بەشێوەیەك تا بایەخی زانست زیاتربێ ئەنجامدانەکەی بەباشترین شێوە دەبێت، باشترین مەبەستی زانستیش مەعریفەی فەلسەفییە[١١٩]. چونکە ئەگەر دووشت هەبوون و یەکێکیان لەبەر ئەوەی دیکەیان شایەنی ئەوەبوو کە هەڵیبژێرین، ئەوا ئەوەی بەبەهاتر و شایەنترە بۆ هەڵبژاردن ئەوەیە، کە بەهۆیەوە ئەوەی دیکە هەڵبژێردراوە، بەشێوەیەك لەشێوەکان کارەکە لەگەڵ چێژ و ئەوەی، کە چێژی لێ دەکەوێتەوە لەگەڵ تەندروستی بەپێوانەی ئەوەی کە دەبێتە هۆی تەندروستی، هەمان شتە، کە ئێمە دەڵێین ئەوەیان لەمەیان کەوتۆتەوە. (ب٦٧) هیچ شتێك نییە، کە لە تێفکرینی فەلسەفی زیاتر شایەنی هەڵبژاردن بێ[١٢٠] ئەوەی کە بە توانای هەرەبەرزی ئەرکە ڕۆحییەکانمانی دادەنێین[١٢١]، ئەمە ئەگەر بەراوردمان کرد لەگەڵ ئەرکە جیاوازەکانی ڕۆح، چونکە پاژی دانا لە ڕۆح بۆخۆی بەتەنیا یان بەیەکانگیری لەگەڵ پاژی دیکە بەبەهاترە لەهەموو ڕۆحە کۆبووەوەکە، چاکییەکەشی زانستە. (ب٦٨) بۆیە هیچ یەکێك لەو چاکانەی کە خەڵکی بەشێوەیەکی گشتی[١٢٢] لەبارەیەوە دەدوێن لەکاری چاکیی تێفکرین نین، چونکە ئەو لەهەموویان گەورەترە[١٢٣] ئەو مەبەستەی، کەپێی دەگەین هەمیشە پایەبەرزترە لەو زانستەی، کە لەڕێی ئەوەوە پێی دەگەین. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو چاکییەك (لەچاکییەکان) ی ڕۆح ئەنجامێك نییە لە تێفکرینی فەلسەفی و لە ژیانێکی بەختەوەر کەوتبێتەوە. ئەگەر بهاتبا تێفکرینی فەلسەفی[١٢٤] چالاك بووایە شتێکی بەرهەم دەهێنا، کەلەخودی خۆی جیاوازبا، بەو شێوەیەی کە هونەری بیناسازی



خانووێك بەرهەم دەهێنێ بێ ئەوەی خۆی بەشێك بێ لەخانووەکە[١٢٥]، هەرچی تێفکرینی فەلسەفییە، ئەوا بەپێچەوانەی ئەمە بەشێکە لە چاکیی (ڕۆح) و ژیانی بەختەوەر، چونکە من پێ لەسەر ئەوە دادەگرم، کە ژیانی بەختەوەر، یان لەوەوە دێ، یان ئەو (واتا تێفکرینی فەلسەفی) خۆی ژیانی بەختەوەرە[١٢٦].(ب٦٩) لەسەر بنچینەی ئەو ئەرگۆمێنتە[١٢٧] مەحاڵە تێفکرینی فەلسەفی زانستێکی بەرهەمهێن بێت، کە وا پێویستە مەبەست لەڕێی ئەوەی، کە ڕێنیشاندەریەتی بەرزبێتەوە، بەڵام هیچ شتێك لەژیانی فەلسەفی بەرزتر نییە، تەنیا ئەگەر یەکێك بێ لەو شتانەی، کەپێش کەمێك باسمانکرد (واتە چاکیی ڕۆح و ژیانی بەختەوەر)، کارەکەشییان جگە لەژیانی فەلسەفی هیچی دیکە نییە[١٢٨]. کەواتە دەبێ دەستبەوەوەبگرین، کە ئەو زانستەی قسەی لەبارەوە دەکەین زانستێکی تیۆرییە، چونکە مەحاڵە مەبەست تێیدا بەرهەم بێ (یان داهێنانێکی زانستی). (ب٧٠) بەمشێوەیە مەعریفە و تێفکرینی فەلسەفی[١٢٩] هەردووکیان دوو ئەرکی راستەقینەی ڕۆحن. ئەوان شایەنترین شتن، کە ئێمەی ئادەمیزاد هەڵیانبژێرین، تا بتوانرێ -بەبۆچوونی من- بەراوردییان بکەین لەگەڵ هێزی تێڕوانین، کە هەر بە خولقێنراو دەمێنێتەوە هەتا ئەگەر جگە لە تێڕوانین خۆی هیچی دیکەی لێ بەرهەم نەیێت. (ب٧١) (دەتوانین ئەمە بەم شێوەیە بسەلمێنین[١٣٠]: ئەگەر بۆ یەکێك ڕێکەوت کە شتێکی بەهۆی شتێکی دیکەوە خۆشبوێ وەکو سیفەتێکی دیارخراو، ڕوونە، کە خۆشەویستی بۆ ئەو شتە پتر دەبێ کە ئەو سیفەتەی بەپلەیەکی بەرزتر تێدایە. ئەگەر مرۆڤ ئارەزووی گەڕانی[١٣١] هەبێ -بۆنموونە- چونکە هۆی تەندروستییە، ئەوا ڕاکردن کاری تێدەکا ئەگەر دەرکەوت کە ئەو زیاتر تەندروستی تێدایە لەوەی دی[١٣٢] و ئەو بۆخۆی دەتوانێ بیکات، بەڵکو ڕەنگە کاریتێبکردبایە ئەگەر پێشتر بیزانیبا. (ئەرگۆمێنتێکی دیکە هەیە) کاتێك بۆچوونێکی ڕاستگۆ[١٣٣] لە مەعریفەی زانستی دەچێ (ئێمە بەو پێیە بڕیار لەسەر بەهای ڕای راست دەدەین کە ناوەرۆکی ئەو حەقیقەتەی لەخۆی دەگرێ چەند لە مەعریفەی زانستی دەچێ )، کاتێکیش ناوەرۆکی ئەم حەقیقەتە بەشێوەیەکی تایبەت بە مەعریفەی زانستییەوە بەند دەبێ[١٣٤]، لەوکاتدا مەعریفە لە ڕای راست پتر شایەنی هەڵبژاردن دەبێ. (ب٧٢) ئەگەر هێزی تێفکرینمان لەبەرخۆی خۆشویست، ئەوا ئەمە بەڵگەیەکی تەواوە لەسەر ئەوەی، کە

مرۆڤەکان هەموویان تا ئەوپەڕی، کە دەکرێ حەزیان لەبیرکردنەوە و مەعریفەیە[١٣٥]. (ب٧٣) چونکە ئەوان ژیانیان خۆشدەوێت و لەگەڵ ئەویشدا بیرکردنەوە و مەعریفەیان خۆشدەوێت. (لەتێڕوانینی ئەواندا) شایەنی ڕێزگرتن نییە تەنیا بەهۆی درککردنی هەستی و بەتایبەتیش (بەهۆی) تێفکرین. وادیارە ئەوان ئەو لێهاتووییە لەسەروی هەموو شتێکەوە دادەنێن، چونکە ئەو لەپەیوەندی بەهەبوونی بەهەموو درککردنە هەستییەکان وای لێدێ ببێتە جۆرێك لەمەعریفە[١٣٦]. (ب٧٤) هەرچۆنێك بێت ژیان لە نەژیان لەڕێی درککردنەوە جوادەبێتەوە[١٣٧]. ئێمە ژیان بە (بوونی) درککردن و تواناداری دیاردەکەین. ئەگەر ئەو توانایە دابڕا ئەوا ژیان شایەنی ئەوە نامێنێ کە تێیدا بژیێت. لەم حاڵەتەدا کارەکە وا دەبێ وەك ئەوەی ژیان —درککردنیشی لەگەڵدابێ- لەناوبردراوە. (ب٧٥) هێزی[١٣٨] تێفکرین لەهەموو ئەندامەکانی دیکەی درککردن جودایە، چونکە لەهەموویان تیژبینترە، بۆیە ئەو ڕێزەی لێشی دەنێین لەسەرووی ڕێزی (هەموو ئەوانەی دیکەیە). هەموو درککردنێك تواناداریيە بۆ زانینی شتێك لەڕێی جەستەوە، هەروەك لەڕێی هەردوو گوێیەوە درك بە دەنگی گۆرانی دەکرێ. (ب٧٦) ئەگەر ژیان بەهۆی درککردنەوە شایەنی ئەوە بێت هەڵببژێردرێ، و درککردنیش جۆرێك بێ لەمەعریفە، و ئەگەر ژیان لەبەرئەوە پەسندبکەین، چونکە ڕۆح لەڕێی درککردنەوە دەتوانێ بگاتە مەعریفە، (ب٧٧) پاشان ئەگەر ئەوشتەی، کە هەمیشە شایەنی هەڵبژاردن بێ ئەوەبێ، کە —وەك پێش کەمێك گووتم- ئەو (شتە) بێ، کە هەمان خەسڵەتی پەسندکراوی هەیە، (ئەگەر ئەوەی پێشوو گووتمان ڕاستبێ)، ئەوا پێویستە تێفکرین شایەنترین درککردنی هەستی بێ[١٣٩] لە هەڵبژاردندا و لەهەمووشیان شکۆمەندتربێت و مەعریفەی فەلسەفیش بۆهەڵبژاردن لەپێش ئەو هەستە و لەپێش هەموو درککردنە هەستییەکانی دیکەشدابێ (بەڵکو) لەپێش ژیانیش بێ، چونکە ئەو (واتە مەعریفەی فەلسەفی) خاتوونی حەقیقەتە. ئەمەش هۆیەکەیە (کە پاڵ) بەهەموو خەڵکییەوە دەنێت بۆ هەوڵدان بۆ مەعریفە و پەسندکردنی لەسەر هەرشتێکی دیکە.

(ب٧٨) بەڵام ئەوانەی، کە ژیانی عەقلانی هەڵدەبژێرن[١٤٠] توانایان هەیە خۆشترین ژیان بژیێن، ئەمەش لەوەی دواتر دێ روون دەبێتەوە. (ب٧٩) وادەردەکەوێ، کە بتوانین



بەدوو واتا قسە لەسەر ژیان بکەین: (ئێمە لەبارەیەوە دەدوێین) لەرووی هێزەوە هەروەك لەرووی کاریشەوە قسەی لەسەر دەکەین. ئێمە هەموو بوونەوەرە زیندووەکان، کە چاویان هەیە و، کە بوون توانای بینینیان هەبووە (بوونەوەر) ێکن دەتوانن ببینن، ئەگەر چاوەکانی وەك هێما دابخا یان توانای بینینی خۆی بەکارهێنا و شتێکی دیت. هەمان شت بۆ زانست و مەعریفەش راستە، یەکێکیان بەوە وەسفدەکەین، کە بەکارهێنان و سەیرکردنی ڕاستەقینە[١٤١] یە ئەوەی دیکەشیان بەوە وەسف دەکەین، کە هەبوونی تواناداری و وەدەستهێنانی زانستە. (ب٨٠) ئەگەر ژیان لەسەر نەژیان لەسەر بنچینەی توانای درککردنی هەستی یان نەبوونی ئەو توانایە پەسند بکەین و لەبارەی درککردنیشەوە بەدوو واتا قسەمان لەسەری دەکرد، بەواتا زمانییەکەی، کە لەسەری ڕاهاتووین لەبەکارهێنانی کارەکی درککردن، و هەروەها بەواتای شیمانەی درککردن[١٤٢] (ئەوەش هۆی ئەو قسەیەمانە کە نووستووش درك دەکا) دەرکەوت کە ئێمە لەبارەی ژیانیشەوە بەدوو واتا قسەدەکەین. ئێمە لەبارەی بەئاگاوە دەڵێین، کە بەمانای راستەقینە و تەواوی ژیان دەژیێ، و لەبارەی نووستووشەوە دەڵێین ئەو زیندووە، چونکە توانای هەیە خۆی بگوازێتەوە بۆ چالاکییەکی کارەکی[١٤٣]،کە بەنیشانەیەك دەژمێردرێ لەسەر بەئاگابوون و درککردنی بەراستی شتەکان. لەسەر ئەم بنچینەیە و بە تێڕوانین لەو جوادبوونەوە (لەنێوان هێز و کاردا) مافی ئەوەمان هەیە بڵێین نووستوو زیندووە. (ب٨١) لەبەرئەوەی هەمان وشە بەدوو واتا بەکاردێنین، کە لەلایەك کارە و لەلایەکیش هەڵچوون[١٤٤]، ئەوا دەڵێن یەکەمیان دەربڕی باشترین دەربڕینی واتای راستەقینەی وشەکەیە[١٤٥]. بۆ نموونە ((دەزانێ)) واتە مرۆڤێك زانیارییەکەی بەکاردێنێ یان هەیەتی، ((دەبینێ)) واتا ئەو شتێك دەبینێ، یان توانای هەیە شت ببینێت، لەهەردوو بارەکەدا واتا یەکەمییەکە نرخی زیاترە. (ب٨٢) کاتێك خەریکی شتێك دەبین هەمان وشەی گۆکراوی لەسەر دەچەسپێ، تەنیا لەبارەی ((بەرزترین)) بەواتای ((زۆرترین)) نادوێین، بەڵکو بەمانای یەکەمی و پێشی بوونیش لێی دەدوێین (لەلایەنە لۆژیکییەکەیەوە)[١٤٦]. بەمشێوەیە بۆ نموونە دەڵێین تەندروستی چاکەیەکی پلەبەرزترە لەوەی، کە دەبێتە هۆی تەندروستی و ئەو (شتەی)، کە بەحوکمی سروشتەکەی لەخۆیدا شایەنی هەڵبژاردنە

چاکەیەکە لەسەرووی ئەو (شتەی)، کە چاکیی لێدەکەوێتەوە. هەروەها وشەی ((چاکە)) بەدووشت دەگووترێ، ئەگەر بەهەمان واتاش نەگوترێن، چونکە ئێمە خەسڵەتی چاکە دەخەینە سەر شتە سوودبەخشەکان هەروەك بۆ فەزیلەش بەکاریدێنین. (ب٨٣) بۆیە دەتوانین بڵێین کەسی بەئاگا ژیانێکی پلە بەرزتر دەژیێت لە (ژیان) ی خەوتوو و شتەکەش لەدەست خۆیەتی[١٤٧] (ژیان ئاوا دەژیێت) بەرزترین پلە بۆ ئەوەی تەنیا ڕۆحی هەیە، (ئەگەر یەکەمایەتی لۆژیکیمان لەبەرچاوبگرتبایە، ئەوا دەمانتوانی بڵێین) ئەوەی کۆتایی دەژیێت، چونکە ئەوەی یەکەم زیندووە، ئەمە ئەگەر لەبارێکدا بوو ڕێگەی پێدا ژیانی کردار و هەڵچوون بژیێت[١٤٨] . (ب ٨٤) چالاکیی نواندن لەهەموو بارێکدا ئەم واتایە دەگەیەنێ: ئەگەر بۆ یەکێك توانا ڕەخسا بۆ ئەوەی کارێك ئەنجامبدا و بەراستیش ئەنجامیدابێ، (ئەوە ئێمە پێی دەڵێین کار)، ئەگەر ژمارەیەك لێهاتویی هەبن، ئەگەر باشترین و بەنرخترینیانی بەکارهێنا دەڵێن کارایە، بۆ نموونە وەك ئەوەی ژەنیاری نەی نەیێکی دووسەرە بژەنێ ئەگەر نەی بژەنێ، ئەوا یان بەگشتی دەبێتە کارا، یان کارایە لەپلەیەکی بەرزدا (واتە خۆش دەیژەنێ)، کارەکە بۆ بارەکانی دیکەش هەروایە (کاتێك وشەی کارا بەکاردێنین). کەواتە پێویستە ئەوە بڵێین ئەوەی (کارێك) بەشێوەیەکی دروست ئەنجامدەدا لەکارەکەی خۆیدا دەگاتە بەرزترین پلە. بەشێوەیەك ئەوەی، کە بەشێوەیەکی جوان و ڕێکوپێك کارێك لەکارەکان ئەنجامدەدا ئامانجێك (ئەویش چاکەیە) لەبەرچاوی دادەنێ و کارەکەی بەشێوەیەکی سروشتی ئەنجامدەدا (ئەوە دەکا کە سروشت لێی داوادەکا). (ب ٨٥) چالاکیی ڕۆح، وەك پێشتر گووتم، - بەشێوەیەکی تەواو یان لەڕووی پتر پەسندکردنەوە- لەسەر بیرکردنەوە و وردبوونەوەی عەقڵی ئەنجامدەدرێ، بۆیە بۆمان ئاسانە، کە ببینین، هەروەك بۆ هەموو مرۆڤێك ئاسانە ئەوە هەڵبهێنجێ، کە ئەو کەسەی بیرکردنەوەیەکی دروستی هەیە بەرزترین ژیان دەژیێت، و ئەوە، کە هەموو هەوڵەکانی دەخاتەگەڕ لەپێناو حەقیقەتدا ئەوە کە جودا لەخەڵکی خۆشترین ژیانی دەبێت[١٤٩] ، ئەوەشە، کە ئەو مرۆڤە دەیکات، کە بیردەکاتەوە و فەلسەفاندن دەکا لەسەر بنچینەی ئەو زانستەی، کە لەوردیدا لەلوتکەیە[١٥٠] . ژیانێکی کامڵ بۆ ئەوانە دەڕەخسێ، کە مەعریفەی فەلسەفییان هەیە کاتێك فەلسەفاندن دەکەن. (ب ٨٦) کاتێك



ژیان لای هەموو بوونەوەرێکی زیندوو بۆ بوون یەکسانە، روونە، کە فەیلەسوف[١٥١] بێجگە لەهەموو خەڵکی، ئەوە، کە بەرزترین پلەکانی بوون بەواتای راستەقینەی ئەو وشەیە دەبڕێ[١٥٢] ، بەتایبەتی کاتێك مومارەسەیەکی فەلسەفی کارەکانی دەکات و فیکرەکە ئاراستەی نزیکترین بوونەکان دەکات لەمەعریفەوە[١٥٣] .

(ب ٨٧) ئەمە دەخەمەسەر ئەوە، ئەو چالاکییە تەواوەی، کە هیچ بەربەستێك ڕایناگرێ خۆشی لەخۆیدا هەڵگرتووە، هەرلەبەرئەوەیە چالاکیی فەلسەفی[١٥٤] زۆرترین کارە کەبەدوای خۆشیدا دەگەڕێ. (ب ٨٨) لەکاتێکدا پەیوەندی خۆشیی لەگەڵ چالاکی جیاوازە. خواردنەوە بەخۆشی و پێشوازیکردن لە خواردنەوە بەخۆشیی هەمان شت نین[١٥٥] . هیچ شتێك نییە مرۆڤ لەوە قەدەغە بکا بەوەی تا تینووی نەبێت نابێت ئاو بخواتەوە، خواردنەوەیەك دەخواتەوە بێ ئەوەی چێژی پێ بدا، (هیچ شتێك ڕێگری ناکات) لەگەڵ ئەوەدا هەست بە خۆشی بکا نەك لەبەرئەوەی خواردنەوەی خواردۆتەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی کە بۆی ڕێکدەکەوێ (بەرووکار)، لەکاتی دانیشتنی لەشوێنێکدا، کە بیرلەشتێك بکاتەوە، یان ئەو بۆخۆی بابەتی بیرکردنەوەکە بێ، (لەم حاڵەتەدا) لەبارەیەوە دەڵێین ئەو هەست بەخۆشی دەکا و بەخۆشی دەخواتەوە، بەلاّم خۆشییەکە لەخواردنەوەکەوە نایێ، هەروەك ئەو بە خواردنەوەش دڵخۆش نابێ. بەهەمان شێوە ڕۆیشتن و دانیشتن و فێربوون و هەموو جۆرێك (لەجۆرەکان) ی جووڵە بەوە وەسف دەکەین، کە خۆشە یان بەئازارە، ئەمەش لەبەرئەوە نییە، کە ئێمە بەڕووکار لەکاتی ئەنجامدانی ئەو کارە هەست بە خۆشیی یان ئازار دەکەین، بەڵکو لەبەرئەوەیە هەموومان لەڕێی خودی ئەوکارەوە هەست بەخۆشی یان ئازار دەکەین. (ب ٨٩) بەهەمان شێوە خەسڵەتی خۆشیی دەدەینە ئەو ژیانە خۆشەی، کە ئامادەبوونی بۆ ئەو کەسانەی تێیدا دەژین خۆشیی هێنە، ئێمە لەبارەی ئەوانەوە قسەناکەین، کە خۆشیی ژیان لایان پەیوەستە بەشتێکی دیاریکراو، بەڵکو قسە لەسەر ئەوانەیە، کە خودی ژیان سەرچاوەی خۆشییانە لەگەڵ ئەوانەی بەخودی هەمان ئە ژیانە بەختەوەرن. (ب ٩٠) بەڕوانین لەم بەرچاوڕوونیانە دەڵێین ژیانی بەئاگا پلەبەرزترە لەژیانی نوستوو و کەسیی عاقڵ ژیانێك دەژیێت کە پلەکەی بەرزترە لە ژیانێك بەبێ عەقڵ، هەروەك دەڵێین

خۆشیی بەژیان لەبەکارهێنانی ڕۆحەوە دێ لەلایەن مرۆڤەوە، و چالاکیی ڕۆح خۆی ژیانی ڕاستییە. (ب ٩١) ڕەنگە چالاکیی ڕۆح لەشوێنی جیاوازدابێ، بەڵام گرنگترینیان ئەوەیە (مرۆڤ) قوڵترین بیرکردنەوە ئەنجامبدا. کەواتە ئەوە بڕاوەتەوە، کە ئەو خۆشییەی لەبیرکردنەوەی فەلسەفییەوە دێ بەتەنیا —یان بۆ پتر پەسندکردن- ی خۆشیی بەژیان. بەمشێوەیە ژیان لەخۆشیدا دەبێ و هەستکردنی راستەقینە بەخۆشیی تەنیا بۆ فەیلەسوفەکان (دەبێ)، یان بەوانەوە پەیوەست دەبێ بۆ گەورەترکردنیان، بەشێوەیەك چالاکیی راستگۆترین فیکرەمانە، کە لەسەر بەرزترین بنەماکانی بوون دەخوا و بەردەوام موکوڕە لەسەر پاراستنی ئەو کەماڵەی پێویستییەتی، ئەمە ئەو چالاکییەیە، کە جگە لەخۆی بەسەر هەموو ئەوانەی دیکەدا لەجۆرەکانی چالاکیی سەردەکەوێ لە دروستکردنی خۆشیی لەژیاندا. (ب ٩٢) بۆیە لەسەر عاقڵەکان پێویستە فەلسەفاندن بکەن بۆئەوەی چێژ لەخۆشییە راستەقینە چاکەکان ببینن[١٥٦].

(ب ٩٣) (ئایا ژیانی عەقلانی مرۆڤ بەختەوەر دەکا؟) دەتوانین بگەینە هەمان ئەنجام، نەك تەنیا لەڕێی تەماشاکردنی ئەو بەشانەی، کە ژیانی بەختەوەرییان لەسەربنیات دەنرێ، بەڵکو لەڕێی قوڵکردنەوەی کێشە و وردبوونەوەی بەختەوەری[١٥٧] بەو شێوەیە، کە ئەو گشتە. بابەڕوونی ئەوە دووپاتبکەینەوە، کە پەیوەندی ژیانی عەقلانی[١٥٨] بەبەختەوەرییەوە چۆن بێ، پەیوەندی ئەویش بەئێمە بەوشێوەیە دەبێ، کە لە بەرزی و بێ ڕێزی لەسەری ڕاهاتووین[١٥٩]، هەموو خەڵك ئەوە دەبیننەوە ئەو شتەی کەشایەنی هەڵبژاردنە ئەو، یان ئەو شتەی لەوەوە کەوتۆتەوە رووە و بەختەوەریمان دەبەن، ئەوەی دەخەمەسەر ئەو شتانەی وامان لێدەکەن دڵخۆش بین هەندێکیان پێویستن و هەندێکیشیان دڵخۆشکەر. (ب ٩٤) ئێمە بەو شێوەیە بەختەوەری دەناسین، یان ئەوەتا جۆرە لێهاتوویيەکی عەقلی[١٦٠] و جۆرێکە لەحیکمەت، یان ئەوەتا فەزیلەتێکی (ئاکاریی) یان گەورەترین بڕە لەخۆشی، یان هەموو ئەو بابەتانەیە بەیەکەوە. (ب ٩٥) ئەگەر بەختەوەری توانای بێ لەسەر بیرکردنەوە، ئەوا روونە، کە ژیانی بەختەوەر تەنیا پشکی فەیلەسوفان دەبێ، ئەگەر هاتوو فەزیلەی ڕۆح، یان ژیانێکی پڕ لەخۆشی بێ، ئەوا دووبارە بەرئەوان دەکەوێتەوە،



جا چ لەوان کورت بکرێتەوە یان لەهەمووان شایەنتربن، بەڵام ئەوە چاکەیە، کە زاڵە بەسەر ئەوەی لەناوەوەمانە[١٦١]، ئەگەر ویستمان شتێك بەشتێکی دیکە بەراوردبکەین، ئەوا لێهاتوویی بیرکردنەوە (لەهەموو شتێك) بەتواناترە لەوروژاندنی خۆشی و شادی. هەتا ئەگەر یەکێك بڵێ، کە هەموو ئەو بابەتانە بەختەوەری لەگەڵ خۆیان دێنن (لەژیاندا) ئەوا پێویست بوو وا پێناسە بکرێ، کە (بەختەوەری) توانای بیرکردنەوەیە[١٦٢]. (ب ٩٦) بۆیە فەلسەفاندن لەسەر هەموو ئەوانەی توانایان هەیە ئەنجامی بدەن پێویستە، چونکە یان ئەو هەموو ژیانە، یان ئەو —ئەگەر بمانەوێ یەك حاڵەت باس بکەین- سەرکەوتووترین هۆکارە، کە ڕۆح رووە و ئەو دەبا[١٦٣].

(ب ٩٧) ڕەنگە ئێستا کاتێکی گونجاو بێ بۆ ئەوەی ڕووناکی بخەینە سەر بابەتەکەمان بە باسکردنی هەندێك بۆچوون، کە بەشێوەیەکی گشتی دانیان پێدانراوە. (ب ٩٨) ئەوەی، کە لای هەمووان روونە ئەوەیە هیچ مرۆڤێك نییە بتوانێت ژیانێك هەڵبژێرێت، کە بەمەزنترین بڕ لەسامان و دەوڵەمەندی ئامادەکرابێت، لەکاتێکدا ئەو بۆخۆی بارنجی کرابێ لەتوانای بیرکردنەوە و شێت بووبێ، هەروەها ئەو ئەم کارە، ناکا ئەگەر بۆی بڕەخسێ، کە خۆشترین چێژەکانی هەبن لەکاتێکدا ژیانێك بژییێت وەك ئەوە وابێ، کە هەندێك لەشێتەکان دەیگوزەرێنن. گومانی تێدا نییە، کە خەڵکی زیاتر لەهەر شتێکی دیکە لە گێلی[١٦٤] ڕادەکەن، وا دەردەکەوێ، کە گێلی پێچەوانەی توانای بیرکردنەوەیە و مرۆڤ یەکێك لەو دوو دژانە وەلا دەنێ و ئەوەی دیکەیان هەڵدەبژێرێ. (ب ٩٩) کاتێك ئێمە نەخۆشی پشتگوێ دەخەین، ئەمە بۆیە دەکەین تا تەندروستی کاریگەری لەسەر هەبێ. لەسەر بنچینەی ئەو ئەرگۆمێنتە دیسان وا دەردەکەوێ، کە توانای بیرکردنەوە لەهەموو شتەکانی دیکە پتر شایەنی هەڵبژاردنە، (لەگەڵ زانینی ئەوەی) لەواقیعدا ناگەڕێتەوە بۆ هیچ ئەنجامێك، کە لەوەوە وەرگیرابێ[١٦٥]. (ئەم کارە شایەتی ڕای گشتی پاڵپشتی دەکات)[١٦٦]. هەتا ئەگەر مرۆڤ خاوەنی هەموو شتێکیش بوو و لەگەڵ ئەوەشدا لەڕۆحیدا نەخۆش بوو بەو بیرەی کە نەخۆشییەکەی چارەسەری نییە، ئەوا بۆ ئەو ژیان شتێکە شایەنی ئەوە نییە هەڵبژێردرێ، چونکە هەموو تایبەتمەندییەکانی هیچ سوودێکی پێ ناگەیەنن. (ب ١٠٠) لەپێناو ئەمەدا هەموو خەڵکی وای دەبینن —بەو بڕەی، کە پەیوەندی بەفەلسەفەوە دەکەن و توانایان هەیە

شتێکی لێ تام بکەن- هەموو شتەکانی دیکە (لەپاڵیدا) بەبێ کەڵك دادەنرێن، بۆیە هیچ کەس بەرگەی ئەوە ناگرێت، کە هەموو تەمەنی بە سەرخۆشی، یان لەحاڵەتی منداڵیدا بمێنێتەوە[١٦٧]. (ب ١٠١) لەبەر هەمان ئەو هۆیەوە، کە رەنگە لەواقیعدا نووستن لوتکەی چێژی هەبێ، هەرچەندە هەرگیز ناکرێ پێش (بەئاگابوون) بخرێ، هەتا ئەگەر بەوە قایل بووین، کە کەسی نووستو هەموو چێژە[١٦٨] شیمانە بۆکراوەکانی لەبەردەستە، ئەو وێناکردنانەی[١٦٩]، کە لە نووستنەوە (دێن) درۆن، بەلاّم وێناکردنەکانی بەئاگابوون بەپێچەوانەی ئەوەوە ڕاستن. ڕاستییەکەی نووستن و بەئاگابوون لەهیچدا جیاوازنین تەنیا لەوەدا نەبێ، کە ڕۆح بەزۆری لەو کاتەدا حەقیقەت دەناسێ، کە لە (حاڵەتی) بەئاگابوونە، بەلاّم لەنووستندا بەردەوام فێڵی لێدەکرێت، چونکە هەموو خەونەکان وێنە و وەهمن[١٧٠]. (ب ١٠٢) سەرەڕای ئەوە، ئەو پیاوە ئاساییەی[١٧١] کە لەمردن دەترسێ بۆ سەلماندنی ئارەزووی ڕۆح لە فێربوون و مەعریفە. ئەو لەوە رادەکا، کە نایناسێ، لە ئاڵۆز و نادیار و بەسروشتی خۆشی هەوڵ بۆ روون[١٧٢] و ناسراو دەدا. لەبەر ئەم هۆیە بەر لەهەر شتێك دەڵێین ئەوانەی، کە ئێمە قەرزداریانین بەبینینی ڕۆژ و ڕووناکی ئەوان پتر لەهەموو خەڵکی شایەنی ڕێزلێگرتنن و پێویستە لەبەرانبەر دایك و باوکمان هەست بە گوێڕایەڵی (و گەورەیی) بکەین، چونکە ئەوان هۆن (لەوەی، کە ئێمەی تێداین) لە چاکترین چاکییەکان، ئەوان —وەك بۆم دەردەکەوێ- هۆی ناسین و بینینی شتن بۆمان. لەبەر هەمان هۆشە بەختەوەرین بەو بابەتانەی لەسەریان ڕاهاتووین و بەو خەڵکانەی خۆشمان ویستوون و ئەو کەسانەی، کە دەشیانناسین بە هاوڕێ وەسفیان دەکەین[١٧٣]. ئەمە هەمووی بەڕوونی ئەوە دیاردەکا ئێمە ئارەزوومان لە ناسراو و بینراو و ڕوونە، ئەگەر حەزیشمان لە ناسراو و ڕوون بێ، ئەوا بەهەمان شێوە مەعریفە و بیرکردنەوەشمان خۆشدەوێت. (ب ١٠٣) وەك ئەوەی کارەکە لە تێڕوانینی خاوەنداریەتی (پێویستی بەوەیە) ئەو شتانەی کە وەدەستیان دێنێت تەنیا بۆ ژیان نابێت هەمان ئەو شتانە بن، کە وەدەستی دێنن بۆ ئەوەی بەختەوەر بژین، بۆ لێهاتوویی فیکریش بەهەمان شێوەیە. ئەو بیرکردنەوەیەی، کە ئێمە تەنیا بۆ ژیان پێویستمانە —بەڕای من- هەمان ئەو بیرکردنەوەیە نییە، کە پێویستمانە بۆئەوەی ژیانێکی کامڵ بژیین[١٧٤]. بێگومان دەبێ پاساو لە مرۆڤی ئاسایی داوا بکەین ئەگەر هاتوو



بەختەوەرنەبوونی خۆی لەسەر لایەنی یەکەم کورتکردەوە، ڕاستە ئەو نوێژ دەکا لەپێناو (وەدەستهێنانی) بەختەوەری (لەژیاندا)، بەلاّم هەست بە دڵخۆشیی دەکا ئەگەر تەنیا توانای ژیانی هەبێت. ئەگەر مرۆڤێك دۆزرایەوە بەوە قایل نەبێ بژییێت، کە نرخەکەی هەرچییەك بێ، ئەوا بەڕاستی پێکەنیناوییە، کە بەرگەی هەموو دڵتەنگییەك نەگرێت و بەهەموو هۆکارێك ڕۆحی خۆی ماندوو نەکا، بۆ ئەوەی ئەو لێهاتوویی بیرکردنەوەیە وەدەستبێنێ، کە تەواوی دەکا بۆ ناسینی حەقیقەت. (ب ١٠٤) دەتوانین هەمان شت لەوە بزانین، کە دواتر دێ ئەگەر توانیمان سەیرکردنێکی پەتیمان هەبێ بۆ ژیانی مرۆیی، لەوکاتدا ئەوە دەدۆزینەوە، کە هەموو ئەو شتانەی لای خەڵکی مەزن دەردەکەون جگە لەیاریکردن بەسێبەر هیچی دیکە نییە بۆیە بەڕاستی دەڵێین کە مرۆڤ نەبووە[١٧٥] هیچ شتێك نییە تایبەت بێ بەمرۆڤ و سەلمابێ (یان بەردەوامی هەبێت). هێز و مەزنی و جوانی شتی پێکەنیناوین و هیچ نرخێکییان نییە، لای ئێمە لەسەر ئەم شێوەیە دەرناکەون[١٧٦] و هەر تووشی کەموکوڕی دەبین لەتەماشاکردنی بەوردی هەرشتێك.

(ب ١٠٥) ئەگەر یەکێك توانی لەچاوتیژی بگاتە لینکویس[١٧٧] -کە لێی دەگێڕنەوە ئەو لەڕێی دارو دیوارەکانەوە بەچاو شتی ئەنجام دەدا- ئایا لەتوانایدابوو بەرگەی پیاوی (وەك ئەلکیبادیسی چواردەور پێگیراو)[١٧٨] بگرێ ئەگەر لەگەڵیدا هەموو ئەو ناخۆشییەی بدیتبایە، کە هەڵیگرتبوو؟ شکۆ و ناوبانگ[١٧٩]، ئەو دووشتەی مرۆڤ لەهەموو شتێك زیاتر هەوڵی وەدەستهێنانیان دەدا، (لەڕاستیدا) بەشێوەیەك لە پووچی رووچوون، کە وەسف ناکرێ، چونکە ئەوەی شتێك لە شتە تاهەتاییەکان ببینێ ئەوە بە پووچ دادەنێ، کە خۆت ماندووبکەی لەپێناو ئەو شتانەدا. چ لایەنێك لە لایەنەکانی مرۆڤ هەمیشەیی یان تەمەن درێژە؟ ئەگەر لاوازبین و ژیانمان کورت بێ —بەبۆچوونی من- ئەوە ئەو دووشتەن، کە وادەکەن ئەو شتەمان لا مەزن بێ. (ب١٠٦) ئەگەر ئەوەمان بەهەند وەرگرت، ئەوا کێ دەتوانێت بڵێت بەختەوەر و پیرۆزە؟ کێ لەئێمە ئەوانەی هەر لەسەرەتاوە بەهۆی سروشتەوە بەیەکەوە گەورەبووین (هەروەك لەکاتی ڕێگەدان بەیەکێك بۆ ئەوەی نهێنییەکان بپەرستێت)

ئەوەیە داوای لێخۆشبوون بکەین بەهۆی کارێکەوە، کە کردوومانە[١٨٠]؟ بەلاّم ئەوە حیکەمەتێکی خودایی کۆنینەیە کاتێك گوتییان مرۆڤ دەبێ قوربانی بداو ژیانیشمان سزایەکە لەبەرانبەر ئەو گوناهە گەورانەی کردوومانە. (ب١٠٧) ئەو وێنەیەی دێت بەبۆچوونی من پەیوەندی ڕۆح بەجەستەوە بەتەواوی ڕوون دەکاتەوە. وەك ئەوەی لەشۆڕشگێڕەکانی دەگێڕنەوە ئەوان بەزۆری ئازاری بەندییەکانیان دەدا بە بەستنەوەی زیندوو (ەکان) بە جەستەی مردووەکانەوە بەجۆرێك دەموچاویان دەخستە بەرانبەر دەموچاو، ئەندامییان بەئەندام دەبەستەوە و ، هەروەها وا دەردەکەوێ، کە ڕۆح بەهەموو جەستەدا بلاّوبۆتەوە و بەهەموو ئەندامێکی هەستیبیارییەوە نووساوە[١٨١]. (ب١٠٨) کەواتە مرۆڤ جگە لەو شتە هیچ شتێکی دیکەی نییە، کە خودایی و پیرۆزبێ، کە هەرخۆی بەتەنیا شایەنی ئەوەیە هەولّی(لەپێناو) بدرێ، مەبەستم لێی عەقلّ و لێهاتوویی بیرکردنەوەیە، کە لەئێمەدا هەیە. وادەردەکەوێ هەرتەنیا ئەو نەمرە، و هەر ئەو لەهەموو ئەو شتانەی کیانەکەمان لەخۆی دەگرێ خودایییە[١٨٢]. (ب١٠٩) ژیانی ئێمە، سەرەڕای ئەوەی بەسروشتی خۆی ماندوو و کفتکەرە بەهۆی توانای ئێمە لەبەشداریکردن لە لێهاتوویەدا ڕێکخراوە —ڕێکخستنێك لەجوانیدا گەیشتۆتە پلەیەك وا لەمرۆڤ دەکات بەبەراوردکردن لەگەلّ بوونەوەرەکانی دیکە وەك خودا وابێت. (ب١١٠) شاعیران بەحەقەوە دەلّێن: ((عەقلّ، خودای (بزر) ە لەناوماندا[١٨٣]، هەروەك دەلّێن ژیانی (مەبەستداری)ی مرۆڤ بەشێك لە خودا لەخۆدەگرێ)). بەمشێوەیە لەسەر مرۆڤ پێویست دەبێت، یان فەلسەفاندن بکات، یان واز لەژیان بێنێت و لێرە بڕوا[١٨٤]، کە دەردەکەوێ هەموو شتێکی دیکەی بەدەر لەمە چەنەبازی گێلان و قسەی بێ مانایە.



## پەراوێزەکان

١- پاشا یان میری نادیاری قوبرسە، کە ئەرەستۆ بە بانگهێشت و گوگووتارەوە رووی تێدەکات (تەماشای پێشەکی بکە و دوو دێرەکەی یەکەم خراونەتە سەر دەقەکە و ((دیرینگ)) بە ڕێنوێنیکردن بەو نموونانەی لەکتێبەکانی ئیزۆکراتیسدا هەن تەواوی کردوون).

٢- لەدەقە رەسەنەکەدا خێرات و چاکەیە Aghata و لە وەرگێڕانە ئەلّمانییەکەشدا مەرجی پێشینە.

٣- واتە یارمەتی بدا لەهێنانی مامۆستای لێهاتوو. بەراوردی بکە بە ب٥٣ لەدەقەکەدا.

٤- بەر لە لەناوچوون لوتبەرز بوو و خۆی بەگەورە دەزانی.

٥- کاتێك کە دەمانبینی یان تەماشامان دەکرد و دەمانپشکنی...

٦- ئەمە فیکرە سەرەکییەکەیە —لەفیکرەکانی سۆکرات- بگەڕێوە بۆ بەرگری (ئەپۆلۆجیا) ٣٠ب.

٧- هاوسەنگی لەنێوان وێکچوونی جەستەیی و دەروونی بەیەکێك لە تێفکرینە سەرەکییەکان دەژمێردرێ لای ئەفلاتون- بگەڕێوە بۆ گفتوگۆی گۆرجیاس ٤٧٨ ئ، ٥٠٣ ح.

٨- ئەم هەڤبەرکردنە لەنێوان ئەسپ و مرۆڤدا ئەو نموونە بەناوبانگەمان بیردێنێتەوە کە سۆکرات پەنای بۆ دەبا (بەرگری، ٢٠ ئـ) هەروەك لە کۆمەلّە گوگووتارەکەی ئیزۆکراتیس ((ئەنتیدۆزیس)) یشدا هاتووە ٢١٠-٢١١.

٩- یان بێ بایەخ.

١٠- ئەوانە بەخراپ و ماندووکەر وەسف بکەین.

١١- ئەمە واتا وشەبەوشەکەیەتی، هەروەها واتای نەبوونی رۆشنبیری و پەروەردەش دەدا، بریا لەسەر ئەو دەربڕینە قوولّە بوەستابایین.

١٢- ئەم فیکرەیە لای ئەفلاتون ناسراوە، لای ئەو چاکە تەنیا بەچاکە دەناسرێ و خاوەنی ڕۆحی شەڕانگێز مەعریفەی چاکە بەکەڵکی نابێت، سەیری نامەی حەفتەم بکە (لەکتێبی رزگارەکەردا دەبینییەوە، خوێندنەوەیەك بۆ دڵی ئەفلاتوون، کە هی نووسەری ئەم چەند دێڕەیە، هەروەها یاساکانیش ٧٤٣حـ (ئەوانەی، کە چاکە لەدەست دەدەن بەختەوەری لەدەست دەدەن)، و کۆمار، کتێبی حەفتەم ١، ٣، ١٣ب٥ ، و یاساکان ٦٦٠ هـ. رەنگە ئەم فیکرە جەوهەرییە لای ئەفلاتوون بگەڕێتەوە بۆ باوەڕی سۆکرات بەوەی چاکە لەهەموو شتێکدا بنچینەیە، ئەوەی چاکە نەناسێ، ئەوا هیچ شتێك ناناسێ (سەیری بەرگری سۆکرات بکە).

١٣- وشەبەوشە: ((هێز یان دەسەڵات مەدە دەست سوك و تێکدەرەکان )) ئەمەش دەربڕینێکە شایەنی ئەوەیە لێی وردبینەوە و تێبیفکرین و بە هەند وەریبگرین.

١٤- یان فەلسەفاندن و تێفکرینی عەقڵیی پەتی.

١٥- یان ئەو بانگهێشتانەی، کە پێداگری و جولاَندن و هاندان..

١٦- وردەکاری ئەم خاڵە لەشوێنێکی دیکە لەدەقەکەدا لە (ب ٤٧-٥٠) دادێ هێنانەوەی لێرەدا وەکو پراکتیزەکردن و بەکارهێنانە.

١٧- ئەم تێفکرین و عەقلاَندنە حەکیمە، کە فەرمانمان پێ دەکات ئەوەی چاکە بیکەین و ئەوەی خراپیشە وەلای بنێین لەسەر فیکرەی ئەفلاتون دانراوە، لە گفتوگۆی ئەلسیاس (٢٥٩هـ-٢٦٠جـ) دەیبینینەوە، هەروەك لای ئەرەستۆش لە ئاکاری نیقۆماخیدا دووبارە دەبێتەوە، گووتاری دووەم ١، ٢٢٠ ئـ ٩، و گووتاری هەشتەم ٣، ١٢٤٩ ب ١٤، هەروەها لە ئاکاری ئۆدیمیدا هەیە، کتێبی شەشەم ٢، ١١٤٣ ئـ ٨.

١٨- شێوازی ئەم دەربڕینە ئەوە دەردەخا، کە یامبلیخۆس دەستکاری داڕشتنەکەی کردووە.

١٩- Techné

٢٠- یان هۆ و هۆکارAitia



٢١- ئامانج یان غەرەز Heneka و مەبەست Telos .

٢٢- ئەم دەربڕینە کورتە سروشتی بیرکردنەوەی بەمەبەست لای ئەرەستۆ روون دەکاتەوە، مەبەست هەمیشە بریتییە لە ئامانجی کۆتایی، هەموو کەماڵ و بەرزبوونەوەیەك لە ئاستەکانی بوون لەئەنجامی ئەوەوە دەبن، بۆیە دەیبینین دەڵێ: ئامانج خۆی بایەخەکەی لەسەرووی بایەخی ئەو شتەیە، کە لەپێناو وەدەستهێنانی ئەو ئامانجە دروستبووە هەروەك لەسەرووی ئەو هۆکارانەیە، کە دەبنە هۆی..

٢٣- ئەم چەند دێڕە دەربڕی ئەو فیکرە بنچینەییەن، کە قوتابخانەی مەبەستی لەسەر دروستبووە لای ئەرەستۆ، کرداری گەردوون و گەشەکردن بەهێلێکی پلەبەپلەدا دەڕۆن و ناکرێت پێچەوانە بکرێنەوە، ئەمەش لە گەردوون genesis ەوە بۆ گەشە Auxesis و بۆ مەبەست Telos بۆ ئازادبوون phisis و دواتر گەندەڵی phthora .

٢٤- هەروەها تەماشای ((سروشت))، گووتاری دووەم ٨، ١٩٩ ئـ ١٦ بکە.

٢٥- یان گەردوونی یەك ئاست.

٢٦- یان گەشەی کرد.

٢٧- ئەو شتانەی کە بە شێوەی پیشەسازی، یان بەهۆی توانای مرۆیی لەسەر دروستکردن بەرهەمدەهێنرێن.

٢٨- یان ((لەپێناو چ دا)) Heneka .

٢٩- واتە لەچوارچێوەی کرداری ئاساییدا.

٣٠- یان ڕووە و بەئەنجامگەیاندنی مەبەست لێیەوە، و هەمیشە لای ئەرەستۆ مەبەست لێی کەماڵە.

٣١- وشە بەوشە: ((دەگاتە ئامانج، یان مەبەستەکە و پێگەیشتنەکەشی وەك پێشتر بۆ تەواوبوون و کەماڵە)).

٣٢- یان دوای جەستە یان لێهاتوویی تێفکرین و پلاندان و بەکارهێنانی عەقڵ.

٣٣- بوون و گەشەکردن و گەردوون هەموویان دەربڕینن بۆ کاری گەردوون gignesthai، کەبەردەوام لەزمانی ئەرەستۆدا دووبارە دەبێتەوە.

٣٤- کاتێك دانیشتوانی فلیۆس ئەم پرسیارەیان ئاراستەی فیساگۆرس کرد.. هتد (لەوەرگێڕانە ئەڵمانییەکەدا بۆ زیاتر روون کردنەوە خراوەتە سەری).

٣٥- وەکو ئەوەی هەمموو بوونەکانی دیکە بێجگە لەو هیچ نرخێکیان نەبێ. بگەڕێوە بۆ ئەو وشانەی لەکۆتاییدا ئەرەستۆ ئەم پەیامەیان پێ کۆتایی پێ دێنێ (ب ١١٠).

٣٦- بەپێی ئەم ئەرگۆمێنتە فیساگۆرس ..

٣٧- یان کاتێك ئەوەی لەڕێی ڕێکەوت، یان بەڕێگەیەکی رووکاری تەواودەبێ.

٣٨- یان توانای مرۆڤ لەسەر دروستکردن.

٣٩- وشەی عەقڵ Ho Nous لەو وشە بنچینەییانەیە کە لەزمانی گریکیدا واتای هەمەجۆر هەڵدەگرن، بۆیە دەکرێ تێگەیشتن بێ، یان ڕۆحی عاقڵ، یان هەستکردن. وام بەچاك زانی عەقڵ بەکاربێنم و واز لە عەقڵاندن و پلاندانان و وردبوونەوە و تێفکرین بێنم بۆ وشەی He Phronesis، کە زۆر دووبارەدەبێتەوە.

٤٠- یان کاری عەقڵ Energeia و چالاکیەکەشی عەقڵاندنە.

٤١- یان بینینی ماهییەتی بیرکردنەوە و عەقڵاندنە.

٤٢- یان بەمشێوەیە فیکر و عەقڵ ئەوان ئەو دوو شتەن، کە وا لەهەمموو شتێك دەکەن شایەنی ئەوەبێ خەڵکی هەوڵی وەدەستهێنانی بدەن.

٤٣- هەروەها بگەڕێوە بۆ هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی مەعریفەیەکی ئازاد و پەتی لەهەمموو ئامانجێك، ئەم دەربڕینانە لەکتێبی ((ئەلفا)) لە میتافیزیکدا بەناوبانگن ١-٢، ٩٨٢ ب ١٩-٢٨.

٤٤- یان پلاندانان و ڕامان.

٤٥- خوێنەر تێبینی ئەوە دەکا کە ئەم دەقە بەدەرنییە لە لێڵی و تێکەڵی، هەرچەندە چوارچێوە گشتییەکە وا بکات فیکرەکە روون بێ. لێرەدا پشتم بە وەرگێڕانەکەی ((دیرینگ)) بەستووە بەهۆی قورسی دەقە ڕەسەنەکە.



٤٦- یان ئەو پلانەی کە ئاڕاستەی ڕەوشتی کرداری دەکرێت و دەربازی دەکا. تێبینی دەکرێ، کە وشە ڕەسەنەکە (فرونیزیس Phronesis) کەبەردەوام لەم کتێبەدا دووبارە دەبێتەوە لەلایەك واتای حیکمەت، یان تێفکرین و وردبوونەوەی تیۆری پەتی دەگەیەنێ، هەروەك لەلایەکەی دیکەوە واتای تێفکرینی زانستی دەدات لە لایەنەکانی ڕەوشت و ژیانی کارەکی و ئاکاری، بۆیە ئەرەستۆ لەم کتێبەدا بەودوو واتا جودایە بەپێی شوێنەکەی بەکاریدێنێ، ئەوە ڕاست نییە، کە ئەو لێرەدا هەردوو واتاکە یەکانگیر دەکا لەسەر شێوەی ئەفلاتونی لە یەکانگیرکردنی ڕەوشتی کارەکی و مەعریفەی تیۆری وەك ((ییگر)) وێنای کردبوو.

٤٧- یان لەبیرکردنەوەی یەکێك لەمامۆستاکانی فەلسەفە، یان گەورەی مامۆستاکانی.

٤٨- ڕەنگە یامبلیخۆس بێ (لەو پەیامەی، کە هەمان ناونیشانی هەیە کە پێداگرتن لەسەر فەلسەفاندن و بلاوکەرەوەی دەقەکە پشتی پێ بەستووە بۆ دووبارە هێنانەوە ئارای کتێبە ونبووەکەی ئەرەستۆ —سەیری پێشەکی بکە) لەداڕشتنی ئەو دەربڕینانە ڕەنگە بەهێزەوە هاتبێتە ناوەوە و لەویشەوە نادیاری و لێڵی بەرهەم هاتوون.

٤٩- پاژی شەهوانی و بێ عەقڵی ڕۆحە Alogos (لەم بابەتەدا Alogias) وام بەچاك زانی، کە لێرەدا لێی بدوێم لەوەی، کە بە بێ عەقڵی داناوە بە وەلانانی ئەو لێڵییەی کە وشەی ((ناماقوڵ)) دروستی دەکا..

٥٠- ناگاتە مافی تەواوی خۆی.

٥١- ئەوەی، کە داننانێت بەو رووکارییەی، کەلە ڕێکەوت و ڕێککەوتن هاتۆتە کایەوە. روونە، کە ئەم جۆرە ژیانە ژیانێکی تیۆرییە Bios theoretikos، کە بۆ حیکەمت و بیرکردنەوەی پەتی تەرخانی دەکات.

٥٢- واتە ئەو بەتەواوی خاڵی دەبێ لە لێهاتوویی عەقڵاندن و پلاندانان و تێڕوانینی فەلسەفی، ئەو نموونانەی، کە ئەرەستۆ ڕاهاتووە لەسەرئەمە بیهێنێتەوە بریتین لە مێش هەنگوین و مێروستان و داپیرۆچکە و باڵندەی بەهەشت (سنونو)..

٥٣- ئەو دەربڕینەی دوایی زیادەی بلاۆکەرەوەکەیە بۆ چاککردنی دەقە ڕەسەنەکە.

٥٤- یان پاڵنەرە سروشتییەکان، هەروەها بگەڕێوە بۆ (تاریخ الحیوان ٤-٢٩، ٥٧٨ ص٣٣، و کتێبی سیاسەت ١-٢، ١٢٥٣ ئـ ٢٩. تێبینی دەکرێ، کە چەمکی ناعاقڵ ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە هەردوو کتێبی ئەرەستۆ ئاکاری مەزن و ئاکاری ئەویدیمی- (تەماشای ئەوەبکە، کە دیلمایر لە بلاۆکردنەوەکەی بۆ ئاکاری مەزن نووسیویەتی (خانەی مەشتات و بەرلین ١٩٥٨) لەبارەی غەریزەی ناعاقڵ Alogos Hormé (ل٤٢٣).

٥٥- واتە ئەو ژیانە تیۆرییەی، کە خاوەنەکەی بۆ حیکمەت و بیرکردنەوەی عەقڵی پەتی تەرخانی دەکا.

٥٦- ئێمە لەهەموو بابەتێك ئەوە هەڵدەبژێرین، کە دەتوانین پێی بگەین و لەهەمان کاتدا بەکاریبێنین، تێبینی دەکرێ کە زمانی بڕگەی کۆتایی و شێوازەکەی جیاوازن لەزمانی ئەرەستۆ و ئەو شێوازەی پێی دەنووسێ، کە وا لەهەندێك شرۆڤەکاری بەدواداچوو دەکا گومانی ئەوە بکەن یامبلیخۆس بەئەنقەست دەقە ڕەسەنەکەی کورتکردۆتەوە.

٥٧- لەدەقە رەسەنەکەدا فەلسەفاندنە.

٥٨- واتە لەسەر وەدەستهێنانی دوو لق لەلقەکانی زانست، کە ئاکار (دادپەروەر و مافی چێژبەخش) ە لەگەڵ فەلسەفەی سروشتی (سروشت هەموو بوونە ڕاستەکان).

٥٩- واتە لێکدراو لەسادە.

٦٠- ئاماژەیە لەئەرەستۆوە بۆ تیۆرە بەناوبانگەکەی لەبارەی هۆوە (Aitiai)

٦١- یان چاکییەکان شەڕەنگێزیان پێ باشترە لە مەودای سنوور و ڕێکخستنەکەیدا.

٦٢- یان مرۆڤی چاك و پایە بەرز.



٦٣- وەك زانراوە ئەرەستۆ جیاوازی دەکات لەنێوان ڕەگەز، و پۆل، و جۆرە تایبەتییەکان —ئەمانەش هەمیشە چەمکی ڕێژەیین.

٦٤- توانای مرۆیی لەسەر دروستکردن، واتە تەکنیك و دەستڕەنگینی هونەری بە دەربڕینە نوێکەمان.

٦٥- یان بیرکردنەوەی عەقلانی لە هۆ و بنەما یەکەمییەکان.

٦٦- یان ناگەڕێتەوە بۆ بنەما یەکەمییەکە —تێبینی دەکرێ، کە ئەرەستۆ هەمان دەبڕین بەکاردێنێ (هۆ، یان بنەما یەکەمییەکان) لەشوێنێکی دیکە لەنووسینەکانیدا بۆ ئاماژەکردن بە چەمکە بنەڕەتییەکان و وێناکردنە عەقڵییە بەراییەکان ئەوەی، کە لەشیکردنەوە و زانینی ئەو چەمکانە بەکاریدێنین، کە ماونەتەوە (میتافیزیك، گووتاری گاما،١، ١٠٠٣ ئـ ٢٦.

٦٧- یان هۆیە بەراییەکان.

٦٨- ناتوانرێ شتێك لەبارەی هەموو ئەو بوونەوەرانە بزانرێت، کەلەسەر هۆکارە سەرەکییەکان و توخمە یەکەمییەکان دروستبوون هەتا ئەو کاتەی هیچ لەبارەی هۆکار و توخمەکان نازانین.

٦٩- ناسینی بنەماکانی سروشت ( هەروەك لە بڕگەی ب ٣٢ بینرا). ئەرەستۆ ئەم قسەیەی خۆی لەکتێبی سروشت ڕوون دەکاتەوە کاتێك لەبارەی حەقیقەتی بوونەکان و سروشتیان دەدوێ (١-٨ ، ١٩١ ئـ ٢٥)

٧٠- بۆ کێشمەکێشی ئەو بابەتە بگەڕێوە بۆ گفتوگۆی ((گۆرجیاس)) ی ئەفلاتون ٤٨٨ ب و ئەوەی لەدوای دێت، هەروەها ئاکاری نیکۆماخی، گووتاری دەیەم، ١٨٠ ئـ ٢١.

٧١- یان پلاندانەری عاقڵی بیرکەرەوە Ho phronimos .

٧٢- ئەرەستۆ لە (پەراوێزی ٤) هەمان ئەو وشەیە بەکاردێنێ، کە دەکرێ کار و چالاکیی لەوچوارچێوەیەدا بە وشەی فەلسەفاندن دەربڕدرێت، هەروەك دەشکرێت وشە ڕەسەنەکە بپارێزرێ بەهۆی فرە واتاییەکەی، کە ئەرەستۆ تێلەکانی

دەژەنێ، گرنگ ئەوەیە ئەو واتای ((بیرکردنەوە)) دەدا، هەروەك واتای هەڵبژاردنی ئازادیش دەدا ئەوەی، کە مرۆڤ بڕیاری لەسەردەدا، کە چ لەگەڵ سروشتی ئەودا دەگونجێ (سەیری ئاکاری نیکۆماخی ٦-٥ بکە، کە ئەم بابەتە بەفراوانی چارەسەردەکا) تێبینی ئەوە دەکرێ، کە ئەم وشەیە لای ئەفلاتون نەهاتووە، هەتا ئەگەر ئاماژەش بەو بابەتە بکا، کە واتاکەی دەگەیەنێ (بەرگری ٣٨ ھ).

٧٣- یان لێهاتوویی فەلسەفاندن و بیرکردنەوەی عەقلانی حەکیمانە بەبەراوردکردن لەگەڵ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ وشەکەی پێشوو و گەردانکردنەکانی He Phronesis.

٧٤- بابەتەکە پێویستی بە بوونی هەڵوێستێکی ئاکاری هەیە وا لەسەر مرۆڤ پێویست دەکات هەڵبژێرێ و بڕیاربدات، جگە لەمە ناتوانین هیچ شتێك بەچاکە وەسف بکەین، چونکە چاکە لەو کردارەی لە وردبوونەوە و پلاندانان دەردەچێت دایە و بەو شتە دەگەنە مەبەستی خۆیان ئامانجەکەیان وەدەستدێنن (هەروەها لێرەدا تێبینی بیرکردنەوەی مەبەستدار بکە؟).

٧٥- مامۆستا ((دیرنگ)) وای دەبینێ، کە ئەم دەربڕینەی کۆتایی هێ یامبلیخۆس بێ.

٧٦- هەموو ئەرگۆمێنتەکانی ئەرەستۆ لێرەدا بۆ هێرشکردنە سەر دوژمنەکانییەتی، بەتایبەتی ئەیزۆکراتیس و پەیڕەوکارەکانی (بگەڕێوە بۆ ئەنتیدۆزیس، ٢٦٢-٢٦٩)، بۆیە دەگەڕێتەوە بۆ جودا کردنەوەی بنەڕەتی لەنێوان جوان Kala (یان چاکە Aghata) (و لەنێوان پێویست Anankaia)، ئەو جوادایییەی، کە ئەفلاتون جەختی لێدەکاتەوە، ئەرەستۆ لەو ماوە درێژەی قوتابی بوو لە ئەکادیمیادا، کە نزیکەی بیست ساڵ دەبوو فێریبووە، بۆیە دەبینین لەکۆپلەی دێ ئاماژە بەو ژیانە دەکا، کە – ئێمە- ئێستا بەژیانی ئازاد وەسفی دەکەین، واتە ئێمەی ئەندامانی ئەکادیمیا...

٧٧- یان وەکو ئەوەی راهاتووم بڵێم، ئەویش دەربڕینێکە لە ((پێویستییەکان)) ی ئەرەستۆ، و بەڵگەیە بۆ ڕەسەنی دەقەکە و دەستکاری نەکرانی تەنیا لەو چەند بابەتە نەبێ، کە ئاماژەی پێکراوە...



٧٨- واتە بەخەیاڵ و وێناکردن، یان بەگواستنەوەیەکی ڕۆحی دەمانگوازێتەوە بۆ دوورگەی نەمرو پیرۆزەکان..

٧٩- هەست بە پێداویستی و پێویستییەکان ناکەین.

٨٠- وشە بەوشە: بیرکردنەوە، یان تێفکرینی عەقلانی پەتی: theorein .

٨١- یان ئەگەر ئەوەی من دەیڵێم حەق بێ..

٨٢- یان تواناداری.

٨٣- یان کرێ.

٨٤- جیهانی تاریکی خوارەوەیە، جیهانی تارمایی و ڕۆحەکان لەوێناکردنی گریك و ئەفسانەکانیاندا.

٨٥- بۆمان دەلوێ پێشبینی خەرمانەکردنی بەرووبوومی فەلسەفە بکەین لەدوورگەکانی بەختەوەراندا، کە بەیارمەتی بیرکردنەوە و فەلسەفاندن تێیدا نیشتەجێ دەبین.

٨٦- ئەو دەربڕینە دوو سەرەیە بۆ بەکەڵك و بەسوود لە ئاکاری نیکۆماخییدا بەردەوام دووبارە دەبێتەوە — بگەڕێوە بۆ وەرگێڕانەکەی دیرلمایر و شرۆڤەکردنەکەی — دار المشتات، ص٣٨١.

٨٧- لەبنچینەدا: ((دیۆنیزییەکان)) نابینینەوە مەبەست لێی ئەو میهرەگانە شانۆییانەیە، کە لەو ئاهەنگانە ئەنجامدەدرێن لەجەژنی دیۆنیزیۆس.

٨٨- ئیزۆکرات (ئەنتیدۆزیس Antidosis ٢٦١-١٦٣) ئەو دووپاتدەکاتەوە، کە لێکۆڵینەوەی گەردوون و ئەندازە و هەموو زانستەکانی دیکە سوودێکی کەمیان هەیە، هەروەك مەزندەی خراپ لەبارەی زانستە تێفکرینەکان هەیە —بەتایبەتی فەلسەفە-، مەعریفەی زانستی (ئەبستمی Epistemé) بەڕای ئەو توانای مرۆڤ تێدەپەڕێنێت، ئەو پەڕی ئەو کارەی مرۆڤ دەیکات فێربوونە لە لێزانیی کارەکی و یەکسانی لەڕەوشتیدا لە خوداوەند و خەڵك، و لەژیانی تایبەتی و گشتی.

٨٩- لەبڕگەکەی پێشوو کورتکردنەوەیەك لەلایەن یامبلیخۆسەوە دەبینرێت، هەرچەندە ئەمە ڕێی ئەوەمان لێناگرێ بڵێین کورتکردنەوەی لەم جۆرە، گواستنەوە

لەفیکرەیەکەوە بۆ فیکرەیەکی دیکەی نوێ لەنووسینەکانی ئەرەستۆدا کارێکی باوە. هەرچۆنێك بێ بەشی دووەم لە (ب ٤٦-٥١) زۆرجیاوازە لەوەی بەشێك بێ لەم کتێبە (لە کۆمێنتەکان بڕوانە).

٩٠- لێزانییەکی وردی لەسەری هەبێ و بە دڵنیاییەوە بیناسێ. خودی ئەم فیکرەیە بەراوردبکە لەگەڵ هەردوو گفتوگۆی فایدرۆس (٢٧٠ د) و خارمیدس (١٥٦ ب-هـ)، کە دەبێتە شایەتی ئەوەی کە لە پێشەکیدا گوتمان، بەوەی ئەرەستۆ زۆرینەی بیرۆکە بنچینەییەکانی لەئەفلاتونەوە بۆ دێت، بەلاَم دواتر بەشێوەیەکی جیاواز پەرەی پێدەدا و بۆ مەبەستی جودا ئاراستەی دەکات. بۆ نموونە ئەو لێرەدا ئەوە دووپاتدەکاتەوە، کە سروشت ڕێنوێنی مرۆڤ دەکات و لەکارەکەیدا ئاراستەی دەکا، هەرچی ئەفلاتونە لەبابەتەکانی پێشوودا دەڵێ لەسەر پزیشك پێویستە بە هاماوی لە مرۆڤ و سروشتەکەی بفکرێ، نەك ئەو ئەندام، یان ئەم ئەندام لەجەستەی چارەسەربکا. بەمجۆرە تێڕوانینی فەیلەسوفان بۆ سروشت جیاوازدەبێ.

٩١- وشە بەوشە: یاسادارێژە چاکەکان.

٩٢- لەبنەڕەتدا فەزیلەتە Areté .

٩٣- یان فێرکردنیان.

٩٤- ئامێرێکە لە داوە بەنێك پێکهاتووە لەسەرێکی پارچە قورقوشمێك هەیە ڕاستیی دیواری پێ تاقیدەکرێتەوە.

٩٥- بریتییە لە قەڵەمێکی قورقوشم کە لەداوە بەنێك گیر بووە.

٩٦- یان لەسەر سیاسەتمەدار پێویستە.

٩٧- ئەو سیاسییەی کە ژیانی خۆی بۆ فەلسەفە و ناسینی حەقیقەت تەرخان نەکردووە، ئەوا دەستەوەستان دەبێ لەگەیشتن بەو پێوەرەی بۆ سروشتی شتەکان گونجاوە، و مەحاڵە بتوانێ ئەوە بزانێ، کە چ بەکەڵك خەڵکی دێ و ڕێپیشاندەریانبێ بەرەو یەکسانی و جوانی.

٩٨- لەو بنەما یەکەمیانە وەرگیراوە.



٩٩- بیر لەخودی بوونەکان دەکاتەوە و تەماشای ئەو بوونانە ناکا، کەلاساییان کردۆتەوە. تێبینی دەکرێ، کە ئەرەستۆ لەقسەکانی دا پشت بە کارو پیشە دەبەستێت لەو ئەرگۆمێنتەی، کە ئەفلاتون لە کۆمار (٥٣٣ب ك) باسی کردووە، بۆئەوەی گەیشتن بەئامانجەکەی بۆ ئاسان بکات لە پەسندکردنی حیکمەتی پەتی، یان بیرکردنەوەی عەقلانی لەسەر هەموو جۆرەکانی چالاکیی پراکتیکی، هەروەك خوێنەر تێبینی ئەوە دەکات ئەو لێرەدا پەنا دەباتە بەر شێوازی گوگوتار و زێدە ڕۆیی تێدا دەکات وەك لە بڕگەکانی دیکەدا وای کردووە...

١٠٠- ناواخنی ئەم گوتەیە شەرمەزارکردنی سیستەمی سیاسی کریتی و ئەسپەرتییەکانە و بەوە وسفی کردوون، کە ((کرێتن)) لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بەئاگابین لە هەڵێنجانی ئەنجامی بابەتی لەم چوارچێوە گوگووتاریەدا، کە دوورە لە شیکارکردنێکی ورد..

١٠١- ئەم دەربڕینە دەربڕینێکی دیکە بەناوبانگمان بیردێنێتەوە، کە ئەرەستۆ لە ئاکاری نیکۆماخیدا باسیکردووە (١-٨، ١٠٩٨ ئـ ٢١): ((بەختەوەری لە ژیانی چاکەو کاری باشدایە)).

١٠٢- یان هاندەری ئەنجامدانیەتی.

١٠٣- واتە فەلسەفە.

١٠٤- لەگەڵ کۆمار بەراوردی بکە ٥٠٤ د.هـ.

١٠٥- ڕەنگە ئەرەستۆ ئەم دەربڕینەی نووسیبێت و لەزەینی خۆی وانەگوتنەوەی ئەکادیمیای ئامادەکردبێت وەك ئەوەی ئەفلاتون لەکۆمار شیکردۆتەوە (٥٢١-٥٣٢)، قوتابیان بەخوێندنی ئەندازەوە دەستییان پێدەکرد پلەبەپلە لەرێی چوار لێهاتووییەکەوە Technai دەچوونە سەرێ تا دەگەیشتنە لوتکەی جەدەل، کە لەنێوان ماقوڵاتە پەتییەکان دەژیان و بیریان لەهەمان نموونە دەکردەوە.

١٠٦- دەبێ ئەم دەربڕینە لەدڵی مامۆستای یەکەمینەوە هاتبێتە دەر، کە چێژی لە سەرقاڵبوون بەفەلسەفە وەرگرتووە!

١٠٧- یان درككردنی.

١٠٨- یان حوكم دەكا، یان حوكمی بەسەردا دەكرێ و دەبێتە سەركردەو ئەوەی دیكە ملكەچی حوكم دەبێت. تێبینی دەكرێت، كە ئەم فیكرەیە لای ئیزۆكراتیس (ئەنتیدۆزیس ١٨٠) هەیە.

١٠٩- سەردەمان بەڕێوە دەبات و كارو بارەكانمان تەواو دەكات. تێبنی دەكرێت كە برگەی (٥٨) لەلایەن بلاوكەرەوەی دەقە ڕەسەنەكەوە زیادكراوە لە چوارچێوە گشتییەكە وەریگرتووە و لە پارچە بلاوبووەوە كارتێكاروەكانیشدا ناگەڕێتەوە بۆ یامبلیخۆس، یان هی دیكە.

١١٠- قورسە —وەكو لەپەراوێزەكەی پێشوو ئاماژەم پێكرد- بەوشەیەك تەعبیر لەم زاراوەیە بكەم Areté (ئەریتیە) كە بەمانا ئاكارییەكەی واتای چاكە دەگەیەنێ، هەروەك واتای دەسڕۆیشتوویی و لێهاتوویی دەگەیەنێ، بۆ نموونە كاتێك قسە لەبارەی ئەندامێك لەئەندامەكانی هەستكردن دەكەین، كە بەباشترین شێوە كارەكانی رادەپەڕێنێ. بەو واتایەی دوایی وشەكە لای سۆكرات لە گفتوگۆی ئەفلاتوندا چەندبارە دەبێتەوە، هەروەك لای ئەرەستۆش چەندبارە دەبێتەوە، كە قسە لەسەر چاوی باش، یان ئەسپی باش دەكات بەشێوەیەك چاكییەكەی هێزی تێفكرین و خۆگرتنە لە بەرەكانی جەنگدا...

١١١- مەبەست لەم پاژە عەقڵ ((نوس)) Nous ە.

١١٢- یان بتوانێت تێبگات.

١١٣- یان بەوەی كە باشە.

١١٤- وشە بەوشە: كار یان پیشەكەی.

١١٥- بەڕێگەیەك، كە دەربڕی خودیەتی و لەوەوە دەردەچێت Kath,auto

١١٦- ((بەوەی، كە مرۆڤ گشتێكی تاكە)) (دیرینگ خستوویەتیەسەر).

١١٧- یان ماهییەت و تایبەتمەندی He ousia

١١٨- بە لێهاتوویی بیركردنەوە و گۆكردن و بە عەقڵ.

١١٩- مەعریفەی تیۆری پەتی بەرزترین مەبەستە. ئەرەستۆ ئەمە لەم كتێبەی لەبەردەستماندایە دووپاتدەكاتەوە هەروەك لەهەموو كتێبەكانی دیكە پێی لەسەر دادەگرێ،



بەتایبەتی میتافزیكا و ئاكاری نیكۆماخی و ڕۆح.. هتد هەرچی ئەفلاتونە وای دەبینێ، كە جەدەل (دیالێكتیك) لوتكەی هەموو زانست و مەعریفەكانە (كۆمار ٣٥٤ هـ)

١٢٠- یان حیكمەت و تێفكرین و پلاندانان و بیركردنەوەی فەلسەفی پەتی.

١٢١- یان بەوەی ئەو بەرزترین توانای ڕۆحی و پلەبەرزترینیانە.

١٢٢- مەبەست لێی ئەم چوار چاكەیە: ئازایەتی و بیركردنەوە (یان دادپەروەری)، عەدالەت و حیكمەت، و ئەفلاتونیش بەهەمان ئەو واتایە لە كۆمار(٤٩١ ك) لەسەر چاكە و فەزیلەكان دەدوێ، كە خەڵكی عادەتەن لەسەری ڕێككەوتوون.

١٢٣- چونكە بیركردنەوە هێزی دەسەڵاتدارە بەهاوسەنگی لە هەردوو بواری عەقڵی و ئاكاریدا.

١٢٤- واتە بەتەنیا بیركردنەوەی فەلسەفی ناتوانێ مرۆڤ بەختەوەربكا. ئەرەستۆ هەوڵدەدا ئەوە دووپاتبكاتەوە، كە ئەم بیركردنەوەیە هیچی لێ بەرهەم نایێت، چونكە ئەو لەخودی خۆیدایە.

١٢٥- هەموو جوڵە و گۆڕانێك لای ئەرەستۆ پێویستی بە هەبوونی بزوێنەرێك هەیە، بەمجۆرە هونەری بیناسازی بزوێنەری ئامانج، یان مەبەستەكەیەتی، كە ئەویش خودی خانووەكەیە. بەراوردی بكە لەگەڵ میتافیزیك، گوتاری لام ٤- ١٠٧٠ ب ٣٠-٣٥ و بابەتی دیكە.

١٢٦- خوێنەر دووبارە تێبینی ئەوەدەكات، كە شێوازی ئەرەستۆ شێوازێكی ڕەوانبێژی و گوگووتارییە، تا ئەو ڕادەیە زێدەڕۆیی تێدا دەكات گومانی ئەوە دەكرێ، كە هەوڵێك بێ بۆ پەردەپۆشكردنی لاوازییە لۆژیكیەكەی..

١٢٧- یان ئەو ئەرگۆمێنت و بەڵگانە.

١٢٨- ڕەنگە واتاكەی ئەوەبێ، كە فەزیلەت و ژیانی بەختەوەر دەبنە هۆی ژیانی فەلسەفی، بەتەواوی وەك پێچەوانەكەی.

١٢٩- یان بیركردنەوە و وردبوونەوەی فەلسەفی، بیركردنەوەم پێ باشتر بوو بەگەڕانەوە بۆ كارە بنجییەكە theorien

١٣٠- ((ديرينگ)) زيادیكردووه بۆ روونكردنەوه و بەيەكگەياندنی دەربڕینەكان.

١٣١- يان بەپێ ڕۆيشتن.

١٣٢- واته له پیاسەكردن تەندروستتره.

١٣٣- بۆچوونی ڕاست يان دۆكسا Doxa پلەيەكە لەمەعريفە له زانستە يەقينەكان پلەيەك نزم تره و له گومان و مەزندە نزيكە.

١٣٤- كاتێك دەبينين ناوەرۆكی حەقيقەت ئەوەی، كە بۆچوونی راستگۆ لەخۆی دەگرێ ئەو خەسڵەتەيە، كە مەعريفەی زانستی پێی جودادەبێتەوە و پلەيەكی گەورەتر لەخۆی دەگرێ. لەوكاتەدا هەڵبژاردنمان نابێ لەنێوانيانەدا، يەكەمينەكەيان ئەوەيە مەعريفە پەسند بكەين.

١٣٥- ئەم دەربڕینانەمان بەدەربڕینێكی ديكەی بەناوبانگ بيركەوتەوه، كە لە گووتاری ((ئەلفا)) دا لەكتێبی ميتافيزيكادا هاتووه (١، ٩٨٠ ئـ ٢١): هەموو مرۆڤەكان بەسروشتی خۆيان هەوڵی وەدەستهێنانی مەعريفە دەدەن.

١٣٦- لەكتێبی شيعردا (٤، ١٤٤٨ ب ١٥) بەمەدا برۆوه، ((بەمشێوەيە، ئەو هۆيەی وا دەكات چێژ له تێڕوانينی وێكچووندا ببينن ئەوەيە، كە ئەوان لەكاتی بيركردنەوەی لێی خۆيان وا دەبينەوه، كە فێردەبن يان لێی وەردەگرن، رەنگە بڵێن: ئەمە هەوە (بلاوكراوەتەوه، نيويۆرك، ١٩٥١، ل١٤-١٥ دەقەكەو وەرگێرانەكەی).

١٣٧- توانای درككردنە، كە زيندوو له مردوو جودا دەكاتەوه.

١٣٨- هێز و توانا و لێهاتوويی هەموويان ئەو وشانەن، كە پێچەوانەی سێبەرەكانيان واتای زاراوە بنچينەييەكە دەدەن لای ئەرەستۆ ئەويش هێز و ئامادەييە (دیناميس dynamis ، كە دەكرێ ببێته كار و بەدواداچوون energeia) .

١٣٩- يان بەبايەخترين هەست.

١٤٠- وشە بەوشە: ئەو ژيانەی، كە لەگەڵ عەقڵ دەگونجێ و عەقڵ رێنيشاندەريەتی، ئەو ژيانەيە، كە خاوەنەكەی بۆ بيركردنەوه و تێفكرين و پلاندانانی پەتی تەرخانيكردووه.



١٤١- يان ئەو بينينەی بەڕاستی دێتە دی –خوێنەر تێبينی ئەوه دەكات، كە ئەرەستۆ لێرەدا دەيەوێ تيۆرە ناسراوەكەی لەبارەی هێز و كردارەوه ئاسان بكا، ئەوەشە، كە پراكتيزەيكردووه –وەكو كليلی جادوويی! لەسەر بوارە جياوازەكانی لێكۆڵينەوەكە (بۆنموونە بگەڕێوە بۆ ئاكاری ئۆديمی ٢، ١، ١٢١٩ ئـ ٢٤ هەروەها كۆمێنتەكانيش).

١٤٢- واتا زاڵبوون بەسەری و ئامادەبوون بۆی، هێشتا ئەرەستۆ بەدوای لێكۆڵينەوەكەيدا دەچێت له درككردن لەسەر بنچينەی تيۆرەكەی لەبارەی بوون بەهێز (وجود بالقوه) و بوون بەكردار (وجود بالفعل).

١٤٣- يان گوێزانەوه لەحاڵەتی هێز و ئامادەيی بۆ حاڵەتی كار و بەدواداچوون، بەلام وشە ڕەسەنەكە واتای گوێزانەوه بۆ جووڵە دەدا.

١٤٤- لێرەدا لەلايەك بەواتای كار و ئێستا دێ و لەلاكەی ديكەوه بوون لەحاڵەتێكی دياريكراو.

١٤٥- يان بەپلەيەكی بەرزتر و كاملتر.

١٤٦- بەرزبوونەوەی بايەخی شتێك پەيوەندی نييە بە زۆربوونی بڕ بەقەد ئەوەی دەگەڕێتەوه بۆ يەكەمێتی (ئەولەويە) لۆژيكی –تێبينی دەكرێ، كە شێوازی هەڵسەنگاندن لەم شيكردنەوه زمانييەدا شێوازێكی سەيرە، بەلام وادەردەكەوێ، كە لێكهاوێركردن لەنێوان بەرزترين و نزمترينەدا شتێكی باوبووه له كتێبەكانی سەردەمی ئەرەستۆ و كتێبەكانی خۆشيدا دەبينين، كە لەسەر بواری هەمەجۆردا پراكتيزەی كردووه (بۆ نموونە بگەڕێوە بۆ كتێبی گوگووتاربێژی ١-٧ هەروەها برگەی پێشوو ب٣٣) رەنگە لەپشت ئەو جوداكردنەوەی ((بەهايە)) لەنێوان بەرزترين و نزمترينەدا بۆچوونێكی فراوانتر و قووڵتر هەبێ له ريزبەندی سستەمی بوونەكان و سەركەوتنی بوون بەسەر رووكاردا.

١٤٧- ئەوەی، كە هێزە رۆحيەكەی و لێهاتوويەكەی بەكاردێنێ و بەڕاستی پراكتيزەی دەكا، پاش كەمێك دەبينين، كە پلەبەرزترين كەس ئەو حەكيمەيە، كە پاژی

هەرە بەرز لە ڕۆح بەکاردێنێ، واتە ژیانێکی عەقلانی پەتی دەژێێنێتەوە کە رووەو تێفکرین و بوونەکان دەچێت.

١٤٨- واتە زانیاریمان بەوەی یەکەم ژیانی کاری چالاك دەژێیت و ئەوە، کە ڕێگەمان پێ دەدا سیفەتی ژیان بۆ دووەم بەکاربێنین، کە کورتکراوەتەوە لەژیانی بەهێز، هەرچەندە توانای گوێزانەوەی هەبێ بۆ ژیانی کار.

١٤٩- مەزنترین و بەرزترین ژیانێکی شیمانە بۆکراو، مەبەست لێی بەرزترین پلەی شیمانە بۆکراوە لەژیاندا و ژیانی مرۆڤ بەبایەختر و مەزنتربێ لەژیانی خەڵکی دیکە، تا تەرخانی بکات بۆ گەڕان بەدوای حەقیقەت و بەپێی ئەوەی عەقڵ فەرمانی پێدەکات.

١٥٠- وشە بەوشە: بەپێی وردترین مەعریفەی شیمانە بۆکراو، مەبەست لەبۆچوونی ئەرەستۆ فەلسەفاندن، یان بیرکردنەوەی پەتییە، کە لە گەڕان بەدوای بنەماکان، یان هۆیە یەکەمییەکان دەردەچێت.

١٥١- ئەرەستۆ وشە دارێژەر، یان خاوەنی بیرکردنەوەی فەلسەفی HoPhronimos بەکاردێنێ.

١٥٢- ڕەنگە لە توندی و قووڵیدا ترۆپکی پلەکانی بوونی بووێت.

١٥٣- مەبەست لێی بنەما یەکەمییەکانن، کە سادەترین بوونن و ئاسانترینن بۆ مەعریفە، چونکە ئێمە ناتوانین ئەو شتانە بناسین، کە تەنیا لەرێی.. ئەو بنەمایانە دەکرێ بیانناسین —بگەڕێوە سەر برگەی پێشوو ژمارە (ب٣٨).

١٥٤- وشە بەوشە: کاری تیۆریی پەتی.

١٥٥- لێرەدا ئەرەستۆ تیۆرەکەی لەبارەی بوون بەخود (بوونی جەوهەری) دەخاتە ڕوو و بوونی ڕووکاری خستنەروویەکی سادەیە لەبەردەستی هەمووان، دواتر لە بڕگەی ژمارەی ٩٠ تا تیۆرەکەی لەبارەی هێز و کار دەخاتە روو.

١٥٦- مامۆستا ((دیرینگ)) وای بۆدەچێ، کە ((یامبلۆخیس)) دەستکاری ئەم برگەیەی کردووە و لەو چوار برگەیەی، کە دێن (لە ب ٩٣ تا ٩٦) بەئەنقەست برگە ڕەسەنە درێژەکەی لەبارەی بەختەوەرییەوە کورت کردۆتەوە و چڕی کردۆتەوە لە برگە پەرت و بلاوەکانی دا (لە کۆمێنتەکان بگەڕێوە بۆ تیۆرەکانی ئەرەستۆ لەبارەی چێژ و بەختەوەری).



١٥٧- واتە بەختەوەری لەژیان.

١٥٨- وشە بەوشە: هەروەك فەلسەفە بۆ بەختەوەری وایە.. هتد

١٥٩- یان پەیوەندیی بە سروشتی ئێمە، بەو پێیەی ئێمە خەڵکی بەرێز بین، یان خەڵکی بێ ڕێز (بەراوردی بکە لەگەڵ ئاکاری نیکۆماخی ٦،١٣، ١١٤٤ ب ١).

١٦٠- بەوەی، کە توانای بیرکردنەوە و پلاندانی عاقڵ و حەکیمە Phronesis

١٦١- وشە بەوشە: ئەو حوکمی توندترە، یان زاڵبوونی زیاترە لەسەر ئەوەی لەناوماندایە.

١٦٢- پێناسەکردنەکەی پێویست بووە بە گرنگترین خەسڵەتێك، کە هەیەتی، ئەویش توانای بیرکردنەوەیە.

١٦٣- بۆ ژیانی بەختەوەر و کامڵ.

١٦٤- گەمژەیی یان گێلی و نەزانی و نەبوونی بیرکردنەوە.

١٦٥- توانای بیرکردنەوە (یان لێهاتوویی بیرکردنەوە) بۆخۆی شایەنی ئەوەیە، کە هەڵبژێردرێت بێ ئەوەی، کە پەیوەست بکرێ بە هەرشتێك، کە لێیەوە بەرهەم هاتووە.

١٦٦- ئەمە یامبلیخۆس زیادیکردووە.

١٦٧- هەروەها ئەم فیکرەیە لە ئاکاری ئۆدیمیدا هاتووە ١-٥، ١٢١٥ ب ٢٢.

١٦٨- یان هەموو خۆشییە شیمانە بۆکراوەکان.

١٦٩- یان خەیاڵکردنەکان Phantasmata

١٧٠- یان ناواقیعی درۆزن و هەڵە.

١٧١- یان گشتی.

١٧٢- یان بینراو.

١٧٣- لێرەدا ئەرەستۆ داوا بۆ کلتوری گریکی کۆن دەکا، کە ملکەچی بۆ خوداوەندان بەپیرۆز دادەنێ، لەگەڵ ڕێزگرتنی دایك و باوك و دڵخۆشبوون بە هاوڕێیەتی و هاوڕێیان و بەزۆری ئەمە لە نووسینەکانی دیکەیدا دەبینینەوە، بۆ نموونە بگەڕێوە بۆ ئاکاری نیکۆماخی، گووتاری پێنجەم، ١٦، ١١٦٣ ب ١٦.

١٧٤- لێرەدا ئەرەستۆ بەڕوونی ئەو دووبارەدەکاتەوە، کە پێشتر زانیمان بیرکردنەوە لەلایەك واتای تێفکرینی کارەکی لەژیان دەگەیەنێ، هەروەك لەلایەکەی دیکە بەڵگەیە بۆ بیرکردنەوەی تیۆری پەتی.

١٧٥- یان هیچ شتێك و گەمە و وێنە بە لێڵی وشەکە لە گفتوگۆی ((فایدۆن)) ی ئەفلاتوندا هاتووە (سەیری کۆمێنتەکان بکە)

١٧٦- ئەوە تەنیا چاکەی دەرەوەیە، هەڵمان دەخەڵەتێنێ، یان خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین و وا گومان دەبەین، کە چاکەی راستەقینەن —((بۆئتیۆس)) ئەم دەربڕینە نزیکەی بەهەمان وشە لەسەر زاری خاتوونی مەزنی حیکمەت دووبارەدەکاتەوە، کە سەرەخۆشی لەو بەندییە دەکات، کە حوکمی مەرگی بەسەردا دراوە و پاڵی دەنێ بۆ ئەوەی بە گەورەییەوە ڕووبەڕووی مەرگ ببێتەوە: ((ئەوەی، کە جوانە بۆ سروشتی خۆی ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ کزی چاوی تۆ دەگەڕێتەوە)) —تەماشای خستنەڕووی کتێبەکەی ((سەرەخۆشی فەلسەفە)) بکە لە ((قوتابخانەی حیکەمەتدا)))، کە هی نووسەری ئەم دێڕانەیە.

١٧٧- ئەفلاتون لە پەیامی پێنجەمیدا —کەلەهەمان ئەو کاتەدا نووسراوە، کە ئەرەستۆ ئەم کتێبەی داناوە- ناوی لینکویس دێنێت، کە ئەفسانەکانی بە چاوتیژی خۆی خوێندووە و لەکاتی قسەکردنی لەسەر ئەوانەی ناتوانن لەفەلسەفە بگەن و لینکویسیش دەستەوەستانە لەوەی وایانلێبکات ببینن (پەیامی حەفتەم ٣٤٤ ئـ - لەکتێبی رزگارکەردا سەیری دەقەکەی بکە)

١٧٨- کبیادیس (لەدەوروبەری ٤٥٠ تا ٤٠٤ پ.ز) سوارچاکێکی گریکی خەمهێنە، هاوڕێی سۆکراتی جوان، کە برکلیس لێی نزیککردەوە و ناوبانگی لەئەسینادا بڵاوکردەوە و دواتر بووە هۆی کارەساتەکەی لەجەنگدا و ڕایکردە ئیسپارتا و لەکۆتایی ژیانیدا بە خۆفرۆش تۆمەتبارکرا. ناوی لە دەقی یامبلیخۆس نەهاتووە، بەڵکو لای بوئتیۆس لە ((سەرەخۆشی فەلسەفە)) دا هاتووە، کە ڕەنگە لەکتێبی سیسرۆن هورتنزیۆس، یان پێداگیری لە خوێندنی فەلسەفە وەریگرتبێت.



١٧٩- یان سەربەرزی و ئابڕوویەکی باش.

١٨٠- ڕەنگە ئاماژە بێ بۆ باوەڕی ئورفیەکان، کە دەنگدانەوەکەی لە تاکە دەربڕینی ئەنیکسیمەندەر و لای فیساگۆرس و ئەفلاتوندا دا هاتووە و ڕەنگە ڕەچەڵەکێکی ڕۆژهەڵاتی هەبێ.

١٨١- ڕەنگە ئەرەستۆ مەبەستی ئەوەبێ، کە هەموو ئەندامەکانی هەستکردن لە جەستەدا ژیانیان هەبێت.

١٨٢- یان هەموو ئەوەی لەناوماندایە و ئەوەی کیانمان لەخۆی دەگرێ لە لێهاتوویی و توانا.

١٨٣- یامبلیخۆس ئەم دەقە بەهی ئەنسکاگۆراسی فەیلەسوف (لەدەوروبەری ٤٩٩ تا دەوروبەری ٤٢٧ پ.ز) کە دەگێڕێتەوە: ((عەقڵ-نوس))، ئەو بنەما بزوێنەرەیە، کە شتەکان پێکدێنێت و گەردوون رێکدەخات، بۆیە دەکرێت ئەم دەربڕینە بەم شێوەیە بگوترێت: ((نوس خودای شاراوەی ناومانە)).

١٨٤- بۆ ئەم مەبەستە بگەڕێوە بۆ ئەو گفتوگۆیانەی ئەفلاتون: ((گۆرجیاس، ٥١٢، سیاتیتیوس ١٧٦ ئـ ب، فیدۆن ٦٤، کە ئامۆژگاری ئەوەی لێدەبینینەوە، کە رکمان لەچاکییە زەمینییەکان ببێتەوە و مومارەسەی فەزیلە بکەین و بەدوای بەختەوەریدا بگەڕێین لەفەلسەفەدا. ئەگەر ئەفلاتون بایەخ بەوە بدات، کە پێویستە مرۆڤ راست و دادپەروەربێ —ئەوا دادپەروەرترین کەس ئەوەیە کە لەخودا نزیکە-، ئەوا ئەرەستۆ لێی جودادەبێتەوە بە بایەخدان بەشکۆمەندیی بەهای عەقڵ و ژیان بەپێی عەقڵ و بیرکردنەوەی فەلسەفی.

## کۆمێنت و لێکدانەوە

(ب ٢-٥) فیکرەی سەرەکی لەم بڕگانەی دەقەکەدا لەسەر ئەوەیە، کە شکۆمەندیی خەسڵەت لەژێر سێبەری هەژاری چاکترە لە پایە و دەوڵەمەندی لەگەڵ شەڕ و داتەپین و بەختەوەری ناوەستێتە سەر ئەوەی خاوەنی شت و ڕووکارە دەرەکییەکان بێت، بەڵکو پەیوەندی بە باری دەروونییەوە هەیە. ئەرەستۆ لە بۆچوونی هاوشێوەوە پاڵنراوە، کە لە گفتوگۆکانی ئەوسیدیمۆس (٢٧٨هـ — ٢٨٢د) و بەرگری (٢٩ د هـ) و یاساکان (٦٦١ ئـ ب) ی ئەفلاتون هاتووە، بەڵام لەو فیکرەیەی، کە لە بڕگەی (ب ٣) هاتووە لەو چاوچنۆکانەی سامانیان زۆر لا بەبایەخترە لە چاکییە ڕۆحییەکان، کە دەکرێ لێی بگەڕێینەوە بۆ کۆماری ئەفلاتون (٧-١، ١٣٢٣ ئـ ٢٣-٣٥) و ئاکاری ئۆدیمی (٨-٣، ١٢٤٨ ب ٢٧-٣٧).

(ب ٦) لەم بڕگەیەدا تێکستەکە پشت بە دەربڕینی ئیسکندەر ئەفرۆدیسی دەبەستێ لە (شیکارەکەی بۆ تۆبیقای ئەرەستۆ)، کە تێیدا قسەی ئەرەستۆ لەبارەی پێویستی یان ناپێویستی فەلسەفاندن لەکتێبەکەی ئێستایدا (پرۆترپتیقۆس) هاتووە. هەرچی ئەو دەربڕینە بەناوبانگەی لەپێشەکیەکەدا لەبارەی پێویستیی فەلسەفاندن باسمانکرد، بەهەر حاڵ لەم کتێبەدا بەهەمان ئەو شێوازە کاریگەرەوە نەهاتووە، هەرچەندە بڕگەی کۆتایی تێیدا (ب ١١٠) بەڕوونی دەربڕی واتاکەیەتی.

(ب ٧-٩) وادەردەکەوێ، کە ((یامبلیخۆس)) زۆربەکورتی و دەستکارییەکی زۆر کەمەوە دەستکاری ئەم دەقەی کردووە، ڕەنگە ئەرەستۆ لەبنچینەدا مەبەستی دەربڕینی ئەم فیکرانەبێ، کە بەپێی ڕیزکردنی بڕگەکان پێشکەشیان دەکەم:

١- دەمانەوێ باسەکە ڕۆڵی فەلسەفە لەژیانی کارەکیدا لەخۆ بگرێ، بەتایبەتی بایەخەکەی بۆ سیاسەتمەدار و پیاوی وڵات.

٢- جەستە و شتە ماددییەکان تەنیا ئامێرن، و خراپ بەکارهێنانی ئەو ئامێرانە زیانهێنەرە، زیانەکەش ئەو کەسە زیاتر دەگرێتەوە، کەبەکاری هێناوە نەوەك ئەوانەی دیکە، بۆیە پێویستە زانست لەڕێی بەکارهێنانی ئامێرەکانەوە وەدەستبێنین.



پێویستیی وەدەستهێنانی ئەو دەستکەوتەش لای سیاسەتمەدار زۆرتر دەبێ، چونکە ئەو لەهەموو خەڵك پتر پێویستی پێیەتی.

٣- ڕەنگە ئەرەستۆ لەناواخنەوە بەرهەڵستی ئەو جوداکردنەوەیەی کردبێ، کە ئەفلاتون لەنێوان بیرکردنەوە و درککردنی هەستیدا کردوویەتی. ئەو بابەتانەی، کە فیکر بەئەنجامیان دەگەیەنێت نموونەی باڵان، بۆیە فیکری پەتی لەجیهانی دیکە، کە جیهانی شتە ماقوڵەکان و دابڕاوەکانە دەجوولێت، لێرەوە زانست لای ئەو بەجیاوازبوونێکی یەکلاکەرەوە جیاوازدەبێت لە بۆچوون و گومان و قەتیش ناگونجێن. ئەگەر بەدوای ئەو مەیلە هەستییەی ئەرەستۆدا بچین وەك ئەوەی لەکتێبەکانیدا لەبارەی ڕۆح خستوونیەتە ڕوو، ئەوە دەبینینەوە، کە ئەوە وێنە خەیاڵکردەکانن بەڕاستی لێهاتوویی بوونەکان لەعەقڵی بەهێز بەئەنجامدەگەیەنن، واتە ئەو لە عەقڵێك بەئەنجامدەگات، کە دەکرێ لەوبارەدا بە قۆناغێکی بەرزی لێهاتوویی وێناو خەیاڵکردن دابنرێت. لەمەوە جیاوازی لای ئەو لەنێوان زانست و بۆچووندا تەنیا لە ژمارەدا جیاوازییە (زانست پێویستی بەوە نییە، کە تەنیا لە بۆچوون جیاوازبێت، بەمەرجێك ئەمەی دواییان بناغەیەکی پتەوی هەبێ- بەراوردی بکە بە تۆبیقا ٦-٢، ١٣٩ ب٣٣ — و دووەم شیکار ١- ٢، ٧٢ ب ٣) ئەوەی تێبینی دەکرێ لەم بابەتەو لەهەموو کتێبەکەدا ئەوەیە، کە فیکرەکانی ئەرەستۆ لە تاقیکردنەوەوە دەستپێدەکا بۆئەوەی بە تیۆرێکی پەتی کۆتایی بێت، ئەمەش بەپێچەوانەی ئەفلاتونە، کە عادەتەن لە فیکرەوە دەستپێدەکات —تا بگات یان نەگاتە- جیهانی تاقیکردنەوە.

ئەمەش لەڕاستیدا دەربڕینە لە دژبوونی سەرەکی نێوان بیرکردنەوە و ڕێبازی لێکۆڵینەوەی ئەو دوو پیاوە. هەرچی لەبارەی ئەو وشانەیە کە بڕگەکانی ئەو دەقە پێیان دەستپێدەکات ((کاتێك، کە ڕووی قسەکانمان ئاراستەی ئەو کەسانە دەکرد، کە مرۆڤن نەك ئەوانەی، کە ژیانێکیان هەیە خەسڵەتی خوداکانی تێدایە.. هتد)) ئەوە دەربڕینێکی هاوشێوەی ئەفلاتونمان بیردێنێتەوە، کە دەڵێ: پێویستە لەبارەی مرۆڤەوە

بدوێین نەك خوداوەند (یاساكان ٧٣٢ ھ) ئایا بۆمان ھەیە پرسیار بكەین: ئایا ئەرەستۆ كاریگەری ئەفلاتونی لەسەربووە، یان ئەفلاتون بە ئەرەستۆ كاریگەر بووە؟!.

(ب ١٠-١٧) ئەم بڕگانە فیكرەی ئەرەستۆ لەبارەی ((مەبەستداری)) دەردەبڕن ئەویش ئەو فیكرەیەیە، كە ڕێبازەكەی دیاردەكات و بەئەنگوستیلەكەی مۆری دەكات. فەلسەفەكەی ھێرشیكراوەتە سەر و ئێستاش ھێرشی دەكرێتەسەر بەھۆی ئەم فیكرەیەوە و سەركۆنەكراوە و ھێشتا سەركۆنە دەكرێ بەتۆمەتی لەپەكخستنی پێشكەوتنی زانستە سروشتییەكان، كە لەمەبەست ناگەڕێت و ناشبێت لێی بگەڕێ، بەڵكو لەھۆی دیاردەكان و پەیوەندییان بەیەكەوە دەكۆڵێتەوە بۆ ئەوەی لە كۆتاییدا بەشێوەیەكی بیركاریانە و ئاماریانە دایانبڕێژێتەوە، كە نوێنەرایەتی یاسای گشتی دەكەن و دەكرێ دەستكاری بكرێن. ڕاستیەكەی فیكرەی مەبەستداری لای ئەرەستۆ فیكرەیەكی ڕامانی پەتی نییە ھەروەك ھەندێك لەلێكۆڵەران بۆی چوون، بەڵكو لەسەر ھەڵكەوتی تاقیكردنەوە ئەنجامدەدرێ و ژمارەیەك لە فیكرە سەرەكییەكانی چڕدەكاتەوە. ئەم دەربڕینە ((گەردون و گەندەڵی)) (٢-١٠) نوێنەرایەتی بۆچوونەكەی دەكا: ((گەردوون و گەندەڵی خولگەیەكی نەمر (ئەزەلی و تاھەتایین) ئەم بەردەوامیەش بێگومان ھۆیەكی ھەیە، مەبەستم لێی ڕێكخراویی سروشتە (یاسایی بوونەكەی) و ئەو بەردەوام ھەوڵدەدا باشتربێ)). لەمەبەستدارێتی ھەندێك وێنای سەرەكی دەبینرێن: ئامادەبوونی گشتی یان ((وێنە)) (ئەیدوس)(١) لەژیانی سروشتی داھێنەردا، ملكەچی و بەگەورەدانانی خولی ئاسمانی بەئەستێرە –ئەمەش خولێكە، كە ڕێسای ھەیە و عەقڵی مرۆیی دەتوانێ بیناسێت و بیژمێرێت – ئەو جوانییە سەرنجڕاكێشەی، كەلەھەموو بوونەوەرێكی زیندووی پێگەیشتووی گەشاوە دەردەكەوێ ڕووەك بێت، یان ئاژەڵ، یان مرۆڤ (وەك بەڵگەیەك بۆ قسەكەی لە ((پاژەكانی ژیان)): مەبەستی كۆتایی، كە شتێك لەپێناوی دا دروست دەبێ یان دروستبووە –ئەم مەبەستە شوێنی جوانی گرتۆتەوە (١-٥، ٦٤٥ ئـ ٢٥)، لەكۆتاییدا ئەو حەقیقەتە نەگۆڕەی جەخت لەوەدەكاتەوە كە



لەیەك تۆو تاكێك دروست دەبێت لەھەمان ئەوجۆرەی ئەو تاكە، كە ئەو تۆوەی لێوە ھاتووە، پاشان مرۆڤ مرۆڤی لێدەبێ، ھەروەك ئەو دەربڕینە دەڵێت، كە لەزۆربەی نووسینەكانیدا دووبارەی دەكاتەوە. مەبەستدارێتی –وەكو زۆربەی فیكرە سەرەكییەكانی ئەرەستۆ- لە كانی ھەڵقولاوی ئەفلاتونەوە وەرگیراون، ھەرچەندە لەسەردەستی ئەو وێنەی دیكە وەربگرن، كە جیاوازە لەو وێنەیەی لای مامۆستاكەی ھەبوو (خولگەی گەردوون و گەندەڵی بە خولگەی ژیانەوە بەراوردبكە، وەك ئەوەی لەسەر زاری دیۆتیما لەگوگوتارە بەناوبانگەكەی لە گفتوگۆی خواندا ھاتووە). قسەكانی ئەرەستۆ لە (ب ١٤) دا دەربڕی جەوھەری فیكرەكەیەتی لەبارەی مەبەستدارییەوە. ئەگەر بێت و دروستكردنی مرۆیی – كەبەسروشتی خۆی رووە و وەدەستھێنانی ئامانج و مەبەست دەڕوا- لاسایی سروشت بكاتەوە، ئەوا بێگومان دەبێت خودی سستەمی سروشتی مەبەستداربێت. ئەو فەیلەسوفەی لە كرێكارەكان و خاوەن پیشە ئاساییەكان بەرزترە، نموونەكانی لە ڕامانی ((خودی سروشت)) وەردەگرێت و ئەو شكۆ و بەرزییەی، كە ـ لە بڕگەی (ب ١٦) دا ھاتوون مەبەستدارێتی ئەرەستۆ بەروونترین شێوە دەردەخەن. شكۆمەند لێرەدا ھاو واتای تەواو و خوداییە (سەیری ئاكاری نیكۆماخی ١-١٢ بكە). بەبۆچوونی ئەو ھەموو ئەوەی سروشت دایھێناوە خوداییە (پاژەكانی ژیان ١-٥، ٦٤٥ ئـ ١٥-٢٠). ھەرچی ئاژەڵانی جیھانن، ئەوا كەموكوڕییان تێدایە و بێ شكۆن. ڕەنگە ئەرەستۆ بەمە وەڵامی نووسەرێكی دیكە بداتەوە، كە ویستی مەبەستی چاك لێكبداتەوە، كە مەبەستی لێی سروشتە و وێنای ئەوەی كردووە ھەموو ئاژەڵێك زیان و ئازار گەیەنە. ھەرچی دەربڕینی كۆتاییە لە (ب ١٧) ((ئێمە بۆیە دەژین تا بیر لەشتێك بكەینەوە و فێرببین)) ئەوە ھاوڕایە لەگەڵ دوو دەربڕینی دیكەدا، كە یەكەمیان لەكاتی قەسەكردنی لەگەڵ فیساگۆرسدا بووە و جەختیكردۆتەوە، كە خودا بۆیە مرۆڤی دروستكردووە تا بزانێ و بیربكاتەوە (ب ٢٠)، دووەمیشیان لەكاتی قسەكردنی لەبارەی چالاكی ڕۆح بووە، كە تێفكرین و بیركردنەوەیە.

(ب ١٨-٢١) هێشتا ئەو بڕگانەی دەقەکە جیاوازییەکی زۆریان لەسەرە لەلایەن زاناکانەوە، کە هەندێکیان گومان لەوە دەکەن، کە بەشێك بن لەم کتێبە و ئەو دوو دەربڕینەی دراونەتە پاڵ فیساگۆرس و ئەنکساگۆراس لە (ئاکاری ئۆدیمیدا هاتوون ١-٥، ١٢١٦ ئـ ١١). لەدەقەکەدا تێبینی دەکرێ، کە ئەرەستۆ سروشت بە خودایی وەسف دەکا و زۆربەی کات دەیکاتە هاوواتای خودا (تەماشای ب ٥٠ بکە لەدەقەکەدا)، زانراوە، کە خودای ئەرەستۆ بزوێنەری یەکەمە و ناجولێت، هەروەك ((خودایی)) هەموو سروشت دەگرێتەوە (سەیری کتێبی میتافیزیك بکە، گوگوتاری لام ٩، ١٠٧٤ ئـ ٣٨- ب١٤ و هەروەها ٧، ١٠٧٢ ب٢٩) ئەو دەربڕینە بەناوبانگەی تێیدا دەڵێ ((خودا و سروشت شتی پووچ و بەتاڵ دروست ناکەن)) (لەبارەی ئاسمانەوە ١-٤، ٢٧١ ئـ ٣٣) ئەوە دووپاتدەکاتەوە، کە خودا لای ئەو خودی سروشتە (سەیری ئەم دانانانەش بکە، کە لەژێرناوی ئەبیکراتن، هەروەها شانۆی تەروادییەکانی یۆربیدز، ماڵ ٨٨٦). هەرچی ئەوەیە کە لە (ب ٢٠) دا لەبارەی سستەمی گەردوون یان هەر سروشتێکی دیکە دەیڵێ، رەنگە ئاماژە بکا بۆ دوو لایەنی بەرانبەر: لەلایەکەوە لێکۆڵینەوە لەسروشت و گەڕان بەناویدا لەسەر رێی فەیلەسوفە سروشتخوازەکان و ئەیۆنییەکان و لەسەر خودی رێگاکەی ئەویش، لەلاکەی دیکەوە کلتوری لێکۆڵینەوە، کە لە ئیلییەکانەوە دەستپێدەکات و لە تیۆری ئەفلاتون لەبارەی نموونە و بنەماکانی بوون دەگاتە لوتکە.

مامۆستا ((دیرینگ)) پێی وایە لەنێوان بڕگەی ٢٠، ٢١ هەندێك بەش لەدەقەکەدا نەماون کە ئەمە جێی داخە، چونکە بڕگەی کۆتایی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەرەستۆ خۆی بۆ بڕگەیەکی دیکە ئامادە دەکات کە نەگەیشتۆتە ئێمە لەبارەی پەیوەندی نێوان بیرکردنەوەی ئاسایی و بیرکردنەوەی تیۆری، لەنێوان بەکارهێنانی عەقڵ بۆ بیرکردنەوە بۆ بەئەنجامگەیاندنی مەبەست لە بوونی مرۆڤ، و لەسەری پێویستە هەموو شتێك بکات لەپێناو ئەو چاکەیەی لەڕۆحیدایە.



گومانی تێدا نییە، کە پێشبینی ونبوون و خستنەسەری دیکەش دەکەین، چونکە ئەو کۆکردنەوەیە لەنێوان ((بیرکردنەوە و چاکە)) بناخەی کلتوری بەیەکەوە بەستراوەیە لەنێوان سۆکرات و ئەفلاتون و هەتا ئەرەستۆشدا، کە هەموو مەیلە مرۆییە کۆنەکانی لەسەر ئەنجامدراوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئاماژەیەی پێشوو بەسە بۆ زانینی هەڵوێستی مامۆستای یەکەمین، کە لەبابەتی دیکەی ئەم کتێبەدا و لە ئاکار بۆ نیکۆماخۆس بەڕوونی هاتووە. بۆ پشتگیری کردنی ئەو هەڵوێستەش ئەوە بەسە، کە بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەربڕینە پەرت و بڵاوانەی لەناوەڕۆکی کتێبەکەدا هەن: ((هەست بەشەرمەزاری دەکەن بەوەی بارودۆخی ئێستایان یارمەتیدەریان نییە بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەوەی، کە وای دەبینن پێویستە لەسەریان بیکەن)) (ب٢)، ((ئێمە هەموومان ئەوە هەڵدەبژێرین، کە لەیەککاتدا دڵخۆشکەر و بەسوودبێ، و پاشان دەبێ دان بەوەدابنێین کە فەلسەفە ئەو دوو خەسڵەتەی تێدایە)) (ب٣١)، کێ دەتوانێت بۆمان ببێتە پێوەری ورد و وەکو رێنیشاندەر وابێت ڕووە و چاکە جگە لەمرۆڤی حەکیم؟ هەڵبژاردنی ئەو لەسەر بنچینەی زانست دەبێت)) (ب ٣٩)، هیچ شتێك ناکرێت لامان وەك چاکە دەربکەوێ ئەگەر مەبەست لێی بەئەنجام نەگەیشت لەڕێی چالاکی عەقڵییەوە)) (ب ٤١)، ... ((بەهەمان ئەو ڕێگەیە لەسەر سیاسەتمەدار پێویست دەبێ، کە پێوەری دیاریکراوی هەبن لەخودی سروشت و حەقیقەت وەریانبگرێت و لەوەی، کە دادوەرانەیە پەنای بۆببات)) (ب ٤٧)، ((بەتەنیا ڕەوشتی (یان کاری) فەیلەسوف ڕەوشتێکی دروستە)) (ب ٤٩)، ((بەگشتی ئێمە لەڕێی ئەو مەعریفەیەوە هەموو ئەو شتانە وەدەستدێنین، کە چاکەن)) (ب ٥١)، ((... هەموو ئەوەی، کە بۆ مرۆڤ چاکەیە و بۆ ژیان بەسوودە لە کار و مومارەسەکردندا هەیە نەك تەنیا لەناسینی (تیۆری) چاکە))، ((ئێمە ژیانێکی چاك (جوان و شکۆمەند) ناژین لەڕێی زانینی هەندێك حەقیقەت لەسەر بوونەکان، بەڵکو لەڕێی کارە چاکەکانمان ئەو ژیانە دەژین)) (ب ٥٢). بۆ ئەمە هەمووی ئەوە زیاد دەکەم، کە سیسرۆن دەیڵێ:

((مرۆڤ لەدایك بوو، وەك ئەرەستۆ گووتی، بۆ دوو شت: بۆ ئەوەی عاقڵ بێت و کاربکات، لەبەر ئەوەیە، کە لەخودایەکی لەناوچوو دەچێت)). هەموو ئەو دەقانە نزیکبوونەوەی کار لەگەڵ فیکر لای ئەرەستۆ دووپاتدەکەنەوە، هەروەك ئەوەش دووپاتدەکاتەوە، کە هەندێك نوێگەر و هاوچەرخ (بۆ نموونە مارکس و ڤینگشتاین) دەیڵێن بەوەی، کەبیرکردنەوە لە کرۆکی خۆیدا کارە، هەرچەند لەسەر چەمکی ئەو کارە جیاوازبن. دەمێنێتەوە بڵێین لاوازترین خاڵ، کە ڕەخنەگر لێیەوە چووە بۆ تیۆری مەبەستداری ئەمەیە: بەرزترین شێوەکانی مەعریفە لای ئەرەستۆ مەعریفەی مەبەست یان ((بۆچی؟)) یە. بەلاّم ئەو فەیلەسوفەی ((کە چاوەکانی لەسەر خودی سروشت هەڵناگرێت)) و عەقڵ بەشێوەیەکی دروست بەکاردێنێت چ شتێك ئان و زەمانی ئەوە دەکات، کە ئەو دەچێتە سەر کاری چاك و یان بیر لە ئەنجامدانی دەکاتەوە، یان ئەگەر داوای کرد دەیدۆزێتەوە؟ ئایا مێژووی جیهانی کۆن و نوێ هەزاران بەڵگە لەسەر ئەوە پێشکەشناکەن کە قێزەونترین خراپییەکان تەنیا لەوانەوە هاتووە، کە پێیان دەڵێن عاقڵ و چەندین پلەیان ((لەزانست)) بریوە؟! ئایا عەقڵ شەڕانگێزی ئەوانە زیاد ناکات، کە سروشتیان چاك نییە؟! ئەدی ئێمە داگیرکاری و ئابرووچوونی داگیرکەران(*) و دیمەنی دوژمنان و ئازاردان و ئەو زوڵمەی لە نیشتمانی سەردەمی ئێستامان دەکرێ چۆن لێکبدەینەوە؟!

(ب ٢٢-٣٠) وا دەردەکەوێت، کە ناتوانین ئەوە یەکلاییبکەینەوە، کە ئەو بڕگانە لە کتێبە رەسەنەکەی ئەرەستۆ (پرۆتریپتیقۆس) وەرگیراون. ڕاستە ئاماژە بەهەندێك بۆچوون دەکات کە ئەرەستۆ لەبابەتی دیکە لەناو کتێبەکەدا بە دووردرێژی لێیان دەدوێ، بەلاّم بۆچوون و تێڕوانینی دیکەی تێدان، کە لەبڕگە پەرت و بلاّوەکانی دیکەدا نەهاتوون. ڕەنگە لەکتێبێکی دیکەی ونبووی ئەرەستۆوە وەرگیرابن، هەرچۆنێك بێت دەتوانین دەقی ئەم بڕگانە دابەشی سەر سێ بەش بکەین:

(١) بەشی یەکەم (لە ٢٢ بۆ ٢٤) بەتەواوی ئەرەستۆییە ئەگەرچی یامبلیخۆس دەستکارییەکی زۆرکەمی کردووە –دەربڕینی یەکەم لەبڕگەی (٢٣) دەڵێ: کاتێك کە



سستەم (یان) عەقڵ هەموو سروشتی گرتۆتەوە.. هتد وشە رەسەنەکان بەڵگەن بۆ ئەوەی سروشت عەقڵی هەیە. دەربڕینەکانی ئەرەستۆ و ئەو خواستنانەی، کە لەبارەی ئەو سروشتەوە لێیان دەدوێت، کە دەژیێنێتەوە و کاری چاکە دەکات و چاکەشی دەوێت... هتد بەڵگەیە لەسەر ڕێکخراوی ڕێڕۆیشتنی رووداوەکانی سروشت و ملکەچی بۆ ئەو یاسایەی حوکمی دەکات. ئەوەی لەخودی ئەو بڕگەیە تێبینی دەکرێت ئەوەیە ئەرەستۆ لەسەر ئەوەیە، کە فیکرەی خۆی لەسەر ئاراستەی سروشت رووە و ئامانج پێشکەشبکات (٢٣) تا تووشی واق وڕمانمان دەکات بە قسەیەکی نوێ لەبارەی دابەشبوونی مرۆڤ بۆ ڕۆح و جەستە، و دواتر دابەشکردنی ڕۆح بۆ دووبەش، کە یەکیان عەقڵی نییە و ئەوەی دیکەیان عاقڵە و لە عەقڵ (نوس) دا دەگاتە ترۆپك. ئایا ئەمە ئەوە دووپاتدەکاتەوە، کە گوێزەرەوەکە چەند پاژێکی لەم کتێبە لەدەستداون و بەشی دیکەی لەکتێبی دیکە، کە پێی ئاشنا نین بۆ زیادکردوون؟

(٢) بەشی دووەم (لە ٢٤ بۆ ٢٨) بەو جوداکردنەوە ناسراوەی لەنێوان مەبەست و ئەوەی، کە دەبێتە هۆکاری مەبەستەکە ئەنجامدەردێت، ئەوە دووپاتدەکاتەوە ئەو کارە عەقلاّنییەی، کە لەپێناو خۆی ئەنجامدەدرێت ڕێزی زیاتر و شکۆمەندی زیاتری هەیە لەهەر کارێکی دیکە، کە بۆ مەبەستێك پەنای بۆ دەبرێت بەو نامۆیە. پێشتر ئەفلاتونیش هەمان فیکرەی هەبووە (بۆنموونە بڕوانە گفتوگۆی گۆرجیاس ٤٦٧ د) هەروەك لای ئەرەستۆ یەکەمینجار لە جەدەل یان تۆپیقادا هاتووە (٢-٣، ١١٠ ب١٨) بەر لەوەی ببێتە ئەو ئەرگۆمێنتەی بەردەوام پەنای دەباتە بەر.

(٣) بەشی سێیەم (لە ٢٨ەوە بۆ ٣٠) تووشی دەستکارییەکی زۆربووە لەسەر دەستی یامبلیخۆس، و ڕەنگە لەکتێبی ونبووی ئەرەستۆشەوە نەیگواستبێتەوە، بەڵکو لەسەرچاوەیەکی دیکەوە گواستوویەتییەوە، کە مامۆستا ((فلاشار)) دەیگەڕێنێتەوە بۆ کتێبێکی لفرفوریۆس (قوتابی و نووسەرەوەی ژیاننامەی ئەفلۆتین)، کە هەمان ناونیشانی هەیە، بۆیە لە دەقەکەدا کاریگەری بەرهەیوانییەکان و ئەفلاتونی نوێ و فیساگۆرسی نوێ دەبینین. سەرەڕای ئەمەش ناتوانین دەقەکە لەڕۆحی ئەفلاتونی و

ئەرەستۆیی دابڕین. دابەشکردنی ئەرەکەکانی ڕۆح و ژیان بەگشتی بۆ گەشەکردوو و خۆراکپێدانی (رووەکی) هەست (ئاژەڵی) و قسەکەر دابەشکارییەکی ناسراوی ئەرەستۆیە، ئەو گووتەیەی کە دەڵێ عەقڵ (نوس) توخمێکی خوداییە لەمرۆڤدا بەڕوونی لە بڕگەی کۆتایی ئەم کتێبەی لەبەردەستماندایە هاتووە (ب١١٠) هەروەك لە ئاكاری نیکۆماخیشدا دەریدەبڕێ (گووتاری دەیەم، ٧، ١١٧٧ ب و ١١٧٨ ئـ ٨) هەروەها لای ئەفلاتونیش لە گفتوگۆی سیایتیتۆس (١٧٦ب).

(ب ٣١-٣٧) تێبینی دەکرێ، کە ئاسانترین و بەکەڵکترین دەربڕین مەبەست لێی هەڵسەنگاندنی ئاكاری نییە، بەڵکو مەبەست لێی یەکەمێتی (ئەولەویە) و بەپێشخستنی بنەمایی لەسەر ناوەندیی و بنەچە لەسەر لق، ئەمەش ئەرگۆمێنتێکە ئەفلاتون و ئەرەستۆ پەنای بۆ دەبەن. واتاکەی لە (٣٣) دا ڕوونە: توخم (یان هۆکار) ە سادەکان ڕونترو نزیکترن لە مەعریفە لەو شێوە هەمەجۆرانەی، کە لە جیهانی دەرکەوتەکان تێیدا دەردەکەون و وا وێنای دەکەین، کە ئەمانە زووتر دەناسرێن، تیپە سادەکان لەبڕگەکان ئاسانتر دەناسرێن.. هتد، بۆیە تیپ لە قاڵدرمەی پێشینییەکان پێگەیەکی بەرزتری هەیە لە بڕگەکان و وشەکان، چونکە ئەو مەرجی پێویستە بۆ هەبوونیان، ئەم ئەرگۆمێنتە بۆ چەسپاندنی ئەوە هاتووە، کە وەدەستهێنانی مەعریفەی فەلسەفی دەکرێ و بەکەڵکە و خۆشیش دەهێنێ، ئەمەش دەربڕینە بۆ بانگهێشت بۆ فەلسەفە و پێ لەسەرداگرتنی و دڵنیابوون لە دروستیی ئەوەی، کە بەشێکە لەکتێبەکەی ئەرەستۆ، کە ئێمەی سەرقاڵ کردووە.

لەچوارچێوەی ئەم بڕگەیەدا وشەی ئیتیا[٢] (هۆیەکان) هاتووە بەتایبەتی دوای قسەکردن لەسەر بایەخی ڕێکخستن و دیاریکردن لەئاسانکردنی مەعریفەدا. قسەی ئەرەستۆ لەبارەی چوار هۆیە بەناوبانگەکان دیاریکردنی مەبەست و ئاراستەکردنیەتی بۆی، هەروەها دەربڕینیەتی لەبارەی ئەو بیرکردنەوەی لە بنەچەکانی مەعریفە و پەیوەستی بوونەکان بەیەکەوە لەسستەمەکەدا بەوەی، کە



((هۆ)) وەڵامی دوو پرسیار دەداتەوە. ئێمە بە ئاماژەکردن بە هۆ یان هۆکار پرسیاری ((لە چ ڕێگایەکەوە))؟ دەدەینەوە، بەپشتگیری گووتەکەی لەکتێبی سروشتدا (٢-٣، ١٩٤ ب ١٩): ((بەڵام ئێمە ناگەینە مەعریفە، تا لەهەر بابەتێکدا هۆیەکەی نەزانین)).

هەرچی پرسیاری: شت لە چی پێکدێت؟ ئەوا بە باسکردنی مادده و وێنە وەڵامی دەدەینەوە ((تیپەکان هۆی بڕگەکانن، و توخمەکانیش هۆی جەستەکانن)). وێنەکە بەباسکردنی ((پێناسەکردن، و گشت، یان پێکهاتە و شێوە)) دیاردەکات (سروشت، ٢-٣- ١٩٥ ئـ ٢٠). ئەمە هەمووی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە فێربوونی فەلسەفە لەئەکادیمیای ئەفلاتوندا (کە وەك باسمانکرد ئەرەستۆ سێیەکی ژیانی بەقوتابیەتی و بەمامۆستایی لەوێدا بەسەربردووە) تێیدا تیۆری مەعریفە و لۆژیك و تیۆری بوون (ئەنتۆلۆژیا) لەیەك چنیندا دەبینییەوە. ئەرەستۆ چوار هۆیە بەناوبانگەکەمان بەمشێوەیە بۆ وێنا دەکات:

(أ) ئەوەی شتی لێپێکدێ وەکو ئەو پەیکەرەی، کە لە برۆنز پێکهاتووە.

(ب) شێوە، یان نموونە، واتە ئەو لێکدانەوەیەی بۆ شتێك یان بۆ بوونی شتێك سەرەکییە، من مەبەستم لەوەدا جۆر یان سنووری پێناسەکەیە (سروشت، ٢-٣، ١٩٤ ب٢٦).

(ت) سەرەتای ئاڵوگۆڕ یان بزاوت، وەك ئامۆژگاریکار یان باوك بۆ منداڵەکەی، و لەگشتدا کاریگەری، یان ئەنجامێکی بەڕاستی لێ ڕوودەدا.

(پ) ئامانج و مەبەست یان ((بۆ))، وەکو تەندروستی بەگوێرەی گەڕان.

خوێنەر تێبینی ئەوە دەکات، کە تەنیا هۆی سێیەم هۆ یان هۆکارە بەواتا ڕاستەقینەکەی، هەرچی دوو هۆیەکەی یەکەم هەردووکیان ((بنەمای)) گەردوون و دروستبوونن، چوارەمیش، کە لەیەککاتدا دەربڕی بنەماو مەبەستە، لە گفتوگۆکەی ((لەبارەی فەلسەفە)) شیکردۆتەوە. گرنگ ئەوەیە هۆی چوارەم لای ئەرەستۆ وەکو ئامرازی کار وایە لەدەستی لێکۆڵەردا، یان وەکو پلان یان ڕێبازێك وایە، کە لەسەر توێژینەوە جیاوازەکانیدا پراکتیزەی دەکات. لە بڕگەی

(٣٦) ی دەقەکەدا ئەرەستۆ لەقسەکردنیدا باسی هۆ و هۆکارە یەکەمییەکان دەکا، هەوا و ئاگر (لای ئەو فەیلەسوفانەی پێش سۆکرات بوون) و ژمارە (لای فیساگۆرییەکان) و بوونەوەر و بوونەکانی دیکە (وەك نموونە لای ئەفلاتون، هەروەها لە گووتاری ((سیتا)) لەکتێبی میتافیزیکدا باسیکردووە ٨، ١٠٥٠ ب٣٤) ئەو بەهەموو ئەمانە ئەرگۆمێنتەکەی خۆی دووپاتدەکاتەوە لەبارەی پێشینەی بنەماو ڕەچەڵەك لەوەی، کە لەرێگەی ئەو نموونانەوە دەکەوێتەوە، یان لێی بەرهەم دێت، کە عادەتەن لەو کلتورە فەلسەفییەوە وەردەگیرێن، کە پێشی کەوتووە. هەرچی وشەی ((سروشتی)) یە ئەو شتەی لیّ دەخوازت، کە بوونەکەی لەگەڵ سروشت و دێتەوە و لەگەڵیدا گونجاوە.

(ب ٣٨-٤٢) ئەم بڕگانەی بەتایبەت ئاڕاستەی ((ئیزۆکراتیس))[٣] (٤٣٦-٣٣٨ پ.ز) ی هاوسەردەمی کردووە، ئەو کەسەی، کە ڕەخنەیەکی توند، بەلاّم بەئەدەبانەی لە پرۆگرامی فێرکردنی ئەکادیمیا گرت (سەیری کۆمەڵە گوگووتاری ناسراوی ((ئەنتیدۆزیس)) لە ٨٤ وە بۆ ٨٦ و هەروەها ٢٨٥ بکە)، کە جەخت لەسەر ((بایەخی سوود)) کراوە بۆ ئاراستەکردنی گەنجان. پێشتریش ئەفلاتون خۆی لە گفتوگۆی فایدرۆسدا پرۆگرامی فێرکردنی ئیزۆکراتی (بێ ئەوەی ناوی بێنیّ) بە ((تەلقین)) وەسفکردبوو، لەکاتێکدا خودی پرۆگرامەکەی ئەو لەسەر ئاڵوگۆڕی بەتەواوی ڕۆح ئەنجامدەدرێت ((واتە گۆڕینی ئاڕاستەکەی لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی، لە گومان و مەزندە و مەعریفەی هەستییەوە بۆ ناسینی ماقوڵەکان و خودی نموونە)) (کۆمار، ٥١٨ جـ، ٥٢١جـ، ٥٢٥جـ، ٥٣٢جـ). لەدەقەکەدا ئەوە تێبینی دەکریّ کە وشەی ((کار))[٤] یان ئەو ناسینەوەیە هاتووە، کە دەربڕی فیکرەی سەرەکییە لە فەلسەفەی ئەرەستۆدا، کە چەندین جار ئاماژەمان پێکردووە، کە فەلسەفەی کارە (ئەوەش لەکۆتاییدا فیکرەیەکە لە ئەفلاتونی وەرگرتووە). مەبەستی شت لای ئەو (تیلۆس)[٥] ناسینەوەی ئەو کارەیە، کە تایبەتە بەخۆی، هەموو شتێك لە سروشتدا رووە و بەئەنجامگەیاندنی ئەو کارە گونجاو و ڕێکخراوە دەڕوا، کە پەیوەستە بەشتێك و لەگەڵ سروشتیدا دەگونجێت.



(ب ٤٣-٤٥) شێوازی ڕەوانبێژیی و گووتاریی باڵ بەسەر ئەم بڕگانەدا دەکێشێت، ڕەنگە ئامانج لێی وێناکردنی ئەو ئەرگۆمێنتە لۆژیکییە بێ، کە لەبڕگەکەی پێش ئەودا هاتووە. تێبینی دەکرێت، کە ئەرەستۆ (لەبڕگەی ٤٤) یاری بەهەردوو واتای چەمکەکانی وشەی تێفکرین (سیوریا) دەکات، کە ئەوانیش ڕامانی فەلسەفی لەلایەك و بینینی نواندن و سەیرکردنی لەلایەکی دیکەدا، ئەمەش ئاماژەیەکە لە گەڕان بەدوای لەیەك وەرگیرانی وشەکان و ڕوانین لە واتا ڕەسەنەکانیان، کە لە چوارچێوەی کۆمەلاّیەتی و شارستانی و ژیانی کارەکی و هەستیی خەڵك ئەو واتایەی دەگەیاند..

(ب ٤٦-٥١) ئەو بڕگانەی دەقەکە زۆرترین کێشەیان لەسەرە لەنێوان زاناکاندا. ((ییگر)) (لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا لەسەر ئەرەستۆ، بەرلین، ١٩٢٣، ل٩١) گەڕاوەتەوە بۆ ئەمجۆرە دەربڕینانە ((لەسروشت خۆیەوە، لەخودی بنەما یەکەمییەکانەوە)) هێناونیەتییەوە بۆ پشتگیری بۆچوونەکەی خۆی بەوەی ئەرەستۆ لەم کتێبەیدا (پرۆترپیتیقۆس) لەسەر زەوی تیۆری ناسراوی ئەفلاتون لەبارەی نموونەوە وەستاوە. ڕەنگە نموونەی یاسا داڕێژەکەی وەرگرتبێت — ئەوەی، کە پێوەر و یاسا نەگۆڕەکانی لەخودی سروشت و حەقیقەت وەردەگرێت لە گفتوگۆ سیاسییەکەی ئەفلاتوندا (٢٩٦هـ، ٢٩٧ئـ)، کە ئەمەیان لەبارەی پێوەری وردی سیاسەتی شار و بەڕێوەبردنی قسەدەکا و خواستنی زانایانە بەکاردێنیّ. ڕەنگە ئەرەستۆش هەمان ئەو بابەتەی لەیەکێك لە گفتوگۆکانی گەنجیەتی بەناونیشانی ((سیاسەتمەدار)) باسکردبێت، ئەگەرچی ئێمە هەرگیز ناتوانین لەمە بکۆڵینەوە بەهۆی لەدەستچوونی ئەو گفتوگۆیە، کە چەند کۆپلەیەکی زۆرکەم نەبیّ هیچی لیّ نەماوەتەوە. کارەکە هەرچۆنێك بێت، ئەوا ئەرەستۆ بەدەربڕینە بەناوبانگەکەی دەستپێدەکات ((هونەر لاساییکردنەوەی سروشتە))، دواتر لەگەڵیدا بە قالّدرمەی ئەرگۆمێنتە ڕەوانبێژی و گووتارییەکانی دا سەردەکەوێت. یاسادارێژ یان پیاوی ولاّت و سیاسەت لەو خەڵکە جودان، کە پیشەوەرن، یان شت دروستدەکەن بەوەی ئەمانە لاسای سروشت دەکەنەوە، هەرچی ئەوە، ئەوا نموونەکانی لەخودی سروشتەوە

وەردەگرێت، واتە لە بینینی راستەوخۆی رووداوە سروشتییەکان و لە خودی بنەما یەکەمییەکان، واتا لەو سەرەتایەی، کە فیکر لێیەوە دەستپێدەکات. بنەما یان پێشینە یەکەمییەکان[٦] زاراوەی ئاشنان لە زمانی ئەرەستۆدا، کە لە تۆبیقیادا دیاریکردوون (١-١، ١٠٠ ب١٨)، هەروەك دەربڕینەکەی ((لەحەقیقەت خۆیەوە))[٧] لەکتێبی سروشتدا هاتووە (١-٥، ١٨٨ب، ٢٩)، هەروەها پاژەکانی ژیان (١-١، ٦٤٢ ئـ ١٩)، ((و خێر خۆی))[٨] لە ئاکاری ئۆدیمیدا (١-٨، ١٢١٨ ب٨) و گووتاری ئەلفا لە میتافیزیکدا (٤، ٩٤٥ئـ ١٠). پیشەوەران و خاوەن کاران لای لاساییکردنەوەی سروشت دەوەستن، و لاسایی وێنەی پلە دوو و پلە سێی سروشت دەکەنەوە (وەك ئەوەی کۆماری ئەفلاتون دەڵێت (٥٩٩ د)، هەرچی فەیلەسوفە ئەوا تاکە کەسە، کە لەخودی بوون رادەمێنێت (وەك ئەوەی ئەفلاتون لەسیاسەتمەداردا دەڵێت ٤٧٦ د، ٥٠٧ ب) و تەنیا ئەوە، کە لاسایی بنەما یەکەمییەکان دەکاتەوە (ب ٤٨ لەم کتێبەدا).

ئایا ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەرەستۆ لاسایی ئەفلاتون دەکاتەوە؟! لەڕاستیدا، کارەکە پێچەوانەی ئەمەیە، لەکاتێکدا، کە فەیلەسوف لای ئەرەستۆ وەك گوتمان لاسایی بنەما یەکەمییەکان دەکاتەوە، لای ئەفلاتون ئەوە دەبینینەوە، کە سۆفستایی –نەك فەیلەسوف- لاسایی بوونەکان دەکاتەوە (سۆفستایی ٢٣٥ ئـ). رەنگە ئەرەستۆ دەربڕینە بەناو بانگەکەی خۆی ((هونەر لاسایی سروشت دەکاتەوە)) لە گوتەی ئەفلاتون لە گفتوگۆی سیاسەتمەداردا (٢٧٤ د) وەرگرتبێت، ئەو پیشانەی، کە خزمەتی مرۆڤ دەکەن و دەیپارێزن وەکو هەموو گەردوون وایە و لاسایی سستەمی باو دەکاتەوە تێیدا. هەرچی ئەو وێنە جوانەیە، کە ئەرەستۆ لەبارەی یاسادارێژی فەیلەسوف دەریدەبڕێت و تێیدا دەڵێت ((تەنیا ئەوە، کە دەژیێ و چاوی لەسەر سروشت هەڵناگرێ)) ئەمەی لە دەقێکی بەناوبانگی گفتوگۆی کۆماری ئەفلاتون (٥٠٠ جـ د) وەرگرتووە. هەرچی ئەو خواستنە جوانەیە کە تێیدا بە کەشتییەوان دەچوێنرێت، ئەوا وەك ئەوەی پیگر



پێیوایە (لە کتێبە بەناوبانگەکەی بایدایا، بەشی سێیەم ل٢٤) لەکتێبە پزیشکییەکانی سەردەمی خۆی وەریگرتووە، ئەوە لەبۆچوونی هەندێك زانا نووسراوەتەوە لە دەورووبەری ٣٥٠ ی پ.ز و ئەرەستۆش زۆرێك لە وێنە و خواستن و لێکچواندنەکانی لێ گواستۆتەوە. بڕگەی کۆتایی (٥١) ئاماژە بە تیۆرە ناسراوەکەی ئەرەستۆ دەکات لەبارەی ئەوەی، کە مرۆڤ خۆی کارەکانی خۆی دەخولقێنێت. ئەمەش بەڵگەیە لەسەرئەوەی، کە ئەمجۆرە ڕەوشتە دوای هەڵبژاردنی ئازاد[٩] کەوتووە، هەروەك ئامانج لەکارێك ناسینی چاکییەکەی دیاریدەکات، بۆیە ئەرەستۆ مەعریفەی تیۆری و ئاکاری لە چوارچێوەیەکی تەواو بەیەکەوە دەبەستێتەوە و لەیەککاتدا جەخت لەسەر کاردەکاتەوە هەروەك جەخت لەسەر تیۆر دەکاتەوە.

(ب ٥٢-٥٧) بڕگەی یەکەم لە کتێبی یامبلیخۆس وەرگیراوە (جگە لەبڕگەی دەقەکانی، کە هەمان ناونیشانی ئەم کتێبەی ئێمەی هەیە)، کە بەگشتی کتێبەکەی لەسەر زانستی بیرکارییە، ٧٩ (چاپی ن، فستا، توبینر ١٨٩١)، بۆیە هەندێك زانای (وەکو دیرینگ و شنیڤایس) ئەوە بەدوور دەگرن، کە لەکتێبەکەی ئێستای ((داواکاری لەسەر فەلسەفە)) وەرگیرابێت، هەرچەندە لەگەڵ دەقەکەدا لێکیان داوە لەبەر نزیکی لەزمانی ئەرەستۆ و ڕاستەوخۆ لەو بڕگەیەی کە پێش ئەو دێ. تێبینی دەکرێ کە ئەرەستۆ پشت بە ئەرگۆمێنتەکەی دەبەستێت لەبارەی ئاسانی فەلسەفە بۆ پشتگیریکردنی بانگهێشتەکەی بۆی و داواکاری خوێنەر لەسەری، ئەو وشانەی، کە بڕگەی (٥٦) یان پێ بەکۆتا دێنێ، شایەتی لەسەر باوەڕی بەهێزی دەدەن بەوەی، کە دەکرێت، بگەینە خودی حەقیقەت هەروەك هەندێك کتێبی فێرکاریشی ئەمە دەردەبڕن (بەپاژەکانی ئاژەڵ بەراوردی بکە ١-١، ٦٤٢ ئـ ١٨ و سروشت ١-٥، ١٨٨ ب ٢٩) ئەوەی نامۆیە ئەوەیە، کە ئەو ستایشی فەلسەفە دەکات و جەخت لەسەر ئاسانییەکەی دەکاتەوە بەهەندێك وشە کە هەرگیز وشەی ئاسان نین! (هەروەك لە هەردوو بڕگەی ٥٥، ١٠٣ دەیبینین) لەم ئەرگۆمێنتانە وەك چەندین

جار ئاماژەمان پێکردووە پەنا دەباتە بەر شێوازی ڕەوانبێژی گووتاریی، کە بەزۆری بەڵگەکان تێیدا بەریەك دەکەون و ڕێ لەیەك دەگرن و دژ دەکەونەوە.

(ب ٥٨-٧٧) لەم بڕگانەدا زیاتر لەدەربڕینێك لەبارەی بەئەنجامگەیاندنی کار و ئەرك و ئەوەی، کە پێویستە بکرێ هاتووە، هەمووشیان فیکری ئەفلاتونین، کە لە هەردوو گفتوگۆی گۆرجیاس (٥٠٣ ھ) و کۆمار (٣٤٦ ھ) دەیانبینینەوە، کە ئەفلاتون لەبارەی ئەو خاوەن پیشە و کارانە دەدوێت، کە کارەکانی لەبەر چاویانە، هەمان فیکرە ڕۆڵێکی گرنگ لە فەلسەفەی ئەرەستۆ دەگێڕێ و ئەوە بەسە، کە لەو دەربڕینە بەناوبانگەی، کە زیاتر لەجارێك باسیکراوە لەسەر سروشت پراکتیزەی بکات: سروشت هیچ شتێك لەوگۆڕەی دروست ناکات. بابەت لێرەدا ئەو کارەیە، کە عەقڵ ئەنجامی دەدات، لەبەرایی دەقەکەوە لەپڕ دەردەکەوێت، کە بەشێکی بزربووی لەپێش بووە. ئەوەی گرنگە بڕگەکانی (٥٩-٦١) بەوە کۆتایی دێت، کە عەقڵ پاژی بەدەسەڵاتی ڕۆحە، و ئەو بەتەنیا —یان لە پێگەی یەکەمدا- خودی راستەقینەمانە. ئەو گونجانەی نێوان هەڵچوون و عەقڵ و لەنێوان سۆز و لۆژیك، لایەنی سەرەکین لە ئاکاری ئەرستۆییدا، بەڵکو ئەو (بەدەربڕینی مامۆستا دیلمایر لە کۆمێنتەکەی لەسەر کتێبی ئاکاری مەزن، خانەی مشتات و بەرلین ١٩٥٨، ل٤١٢-٤١٩) گۆڕانی کۆپەرنیکی، یان شۆڕشی کۆپەرنیکییە لە فەلسەفەی ئەخلاقدا (بۆ کۆپەرنیکۆس دەگەڕێتەوە کە گووتی ڕۆژ چەقی گەردوونە و بەمەش گۆڕانی مێژوویی لە تێڕوانینی گەردوونی و شارستانی دەستیپێکرد، کە مرۆڤی لە چاخی ناوندەوە گواستەوە بۆ چاخی بوژانەوە و دواتریش بۆ چاخی نوێ). ئەگەر بیرۆکەی ئەم هاوشێوەییە رەچەڵەکێکی ئەفلاتونی هەبێ، (وەك ئەوەی دیرلمایر دەیبینێت)، یان فیکرەی پەتی ئەرەستۆ بێت، ئەوا نیشانەیەکی گرنگی ئارەزووی مرۆڤە بۆ ئاکار.

قسەی ئەرەستۆ لەبارەی ئەو پاژەی ڕۆح، کە فەزیلەتی تایبەتی خۆی یان بەو کارەی تایبەتە بەو بەئەنجامدەگەیەنێت (ب ٦٠ و هەروەها ٦٥، ٧٠) لەسەر ئەو فەلسەفەیە دامەزراوە، کە ئەفلاتون لەکۆماردا (٣٥٢ ئـ-٣٥٣ھ) دایڕشتووە، بەلاّم



ئەو قسانەی کەدواتر دەیانکات (ب ٦١-٦٢) لەپەیوەندی نێوان فەزیلەتی ئەو پاژە عاقڵەی ڕۆح و لەنێوان شکۆ و نرخ، ئەوا لەبارەی تێفکرین و بۆچوونی تایبەتی ئەرەستۆ دەدوێت، کە سەرکەوتن لەسەر قاڵدرمەی مەبەستەکان لە سەرکەوتنی قاڵدرمەی بەهاکاندا پێویستە، ئەوەش کارێکە بەشێوەیەکی گشتی لە فەلسەفە مەبەستدارییەکەی جودانابێتەوە. پاشماوەی قسەکان ئەوەی، کە ئەوە دووپاتدەکاتەوە، کە ئەو پاژەی باسیکراوە خودی راستەقینەی ئێمەیە و دەربڕینی ((پاژی بچووك)) وەردەگرێ لە کۆماری ئەفلاتوندا (٤٤٢ جـ)، بەلاّم دواتر لە بۆچوونە ڕەسەنەکانی ئەرەستۆوە وەردەگێڕدرێت و ئەوەی تێدا دەبینرێتەوە، کە لە کتێبی میتافیزیك (گووتار) ی ئیتا (٣- ١٠٤٢ ب٢)، و گوگووتاری زیتا (١٠، ١٠٣٦ ئـ ١٧) دەچێ. خودی ئەم پاژە —ئەو پاژە ناسراوەیە، کە بەتەنیا یان لەگەڵ پاژە ڕۆحییەکانی دیکەدا لەتەواوی ڕۆحی کەڵەکەبوودا بەنرخترن- هەروەها گفتوگۆی سیاسەتمەداریی ئەفلاتون (٢٥٨-٢٦٠) مان بیردەخاتەوە. هەرچەندە لەتەواوی کتێبەکانی دیکەی ئەرەستۆدا بەمشێوەیە نەهاتووە، ئەوا لای ئەو هاوواتای عەقڵ (نوس) ە. لەکاتێکدا وەك ئەوەی گوتمان بیرکردنەوە لای ئەرەستۆ لە کردار جودانابێتەوە، ئەوا ئێمە دەبینین باسی ((مەعریفەی وەبەرهێن)) دەکا (لەبڕگەی ٦٩) دا. دابەشکردنی مەعریفە بۆ مەعریفەی تیۆری و ئەوەی دیکەیان کارەکی بووە هۆی خراپ تێگەیشتنێکی دوورودرێژ، و ڕەنگە ئەرەستۆش هەندێکجار ئاماژەی بەمە کردبێ لەکاتی قسەکردنی لەسەر مەعریفەی تیۆری، کە قسەیەکە ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە تێڕوانینێکی نەرێنی بێت، هەرچەندە ژیانی فەلسەفی بەبۆچوونی ئەو بەخودی وشەکانی خۆی ((کارێکی بەردەوامە)) (بەراوردی بکە بە ئاکاری نیکۆماخی ١٠- ١٢٠٤٧ ب ٢٥-٣٢) نەك جۆرێك لە هێورکەرەوە و دڵنەوایی و سانەوە لە خەمەکانی ژیان. ئەرەستۆ خۆی پیاوی کار بوو و سروشتییە، کە کار شیعاری بێ لەژیان. مەبەست لە قسەکردنیشی لەسەر ژیانی تیۆری ئەو ژیانە نییە، کە بۆ ڕامانی پەتی تەرخانکراوە (وەك ئەوەی ییگر و گۆتە لەکتێبی یەکەم لەبارەی ئەرەستۆ و کتێبی دووەم لەسەر ئاکاری نیکۆماخی

وێنایان کردبوو، لۆڤان ١٩٥٨-١٩٥٩)، بەڵکو مەبەست لێی ژیانی خوێندن و لێکۆڵینەوەی زانستییە، کە لەژیانی کار و کرداردا جودانابێتەوە، ئەگەر کارەکە ئاوا نەبووایە، ئەوا دواتر ئەو بەیەکەوە بەستنەوەیەی نێوان ژیانی فەلسەفی، کە بەحیکمەت و تێفکرین دەناسرێتەوە و لەنێوان چاکە و بەختەوەری هیچ واتایەکی نەدەما و ئێمەش لەدەروونی خۆماندا ئەو سۆزە بەهێزەمان نەدەدۆزییەوە، کەلەگەڵ بڕگەی دوماهی کتێبەکەدا هەمانە.

شیمانەی ئەوە هەیە، کە یامبلیخۆس گۆڕین یان لابردنی لە حەفت بڕگەکەی کۆتایی (لە ب ٧٠ بۆ ب ٧٧) ئەنجامدابێت، کە ئەرگۆمێنتێکی ڕێکخراو و بەیەکەوە بەندی خستۆتە ڕوو. تێبینی نزیکییەکی بەهێز دەکرێ لەنێوان ئەو فیکرەیەی، کە بڕگەی (٧١) پێ دەستپێدەکا لەگەڵ ئەو فیکرەیەی، کە لەکۆماری ئەفلاتوندا هاتووە (٧-١، ١٣٢٣ ب ١٣-١٦). ((ییگر)) لەکتێبەکەی لەبارەی ئەرەستۆ (ل٦٩) بەراوردێك دەکات لەنێوان بڕگەی (٧٢) و لەنێوان دەقێك لە گوگووتاری ئەلفا لەکتێبی میتافیزیکدا (ئەلفا ١- ٩٨٠ ئـ ٢١-٢٨) و دەڵێت: ئەو دەربڕینە بەناوبانگەی ئەو کتێبەی دوایی پێی دەستپێدەکا ((خەڵکی هەموویان بەسروشتی خۆیان هەوڵی وەدەستهێنانی مەعریفە دەدەن)) بە وێنەیەکی دووبارە دادەنرێ لە دەربڕینێکی ((کلاسیکی))، کە لەم بڕگەیەی ((پرۆتریپتیقۆس)) دا هاتووە. ئەگەر ئەم تێبنییە ئاماژەبێ بۆ ئەوەی گوگووتاری ئەلفا پێش ئەم کتێبەی ئێمە نووسراوە، ئەوا مامۆستا ((دیرینگ)) بۆ ئەوە دەچێ، کە هەردووکیان لەیەککاتدا نووسرابن.

لەبڕگەی (٧٤) دا دەربڕینێك هاتووە کە کەمێك دوای ئەوە دووبارەدەبێتەوە: ((ژیان (بەتواناداری) لەسەر هەستەکان دیاردەکرێ))، دەتوانرێ ئاسۆی تێڕوانین بە تەماشاکردنی پاژەکانی ژیان فراوانتربکرێت (٣-٤، ٦٦٦ ئـ ٣٥). ڕەنگە پێناسەی بۆ هەستەکان لە بڕگەی دێت (٧٥) بەوەی، کە توانادارییە لەسەر ناسینی شت لەڕێی جەستەوە، پێناسەیەکی باوبووبێ لە ئەکادیمیادا (بەراوردی بکە بەبڕگەی —ب ٢٤ ی ئەم کتێبە، و هەروەها کۆمار ٥٣٢ ئـ). بەڵام ئەوەی، کە هەموو خەڵك داوای



مەعریفە دەکەن و لەسەر هەموو شتێکی دیکەی پەسند دەکەن (ب ٧٧)، ئەوا دەربڕینێکی سەرەکییە و ئەرەستۆ لەم کتێبەماندا لەدەوری دەسوڕێتەوە، ڕەنگە لە گفتوگۆی ئەفلاتون ((ئەوسیدیمۆس)) (٢٧٨ جـ-٢٨٢جـ) ی وەرگرتبێ، بەتایبەتی، کە ئەرگۆمێنتەکە لێرەو لەوێدا هاوشێوەن (وەك ئەوەی مامۆستا دیلمایر لە کۆمێنتەکەی لەسەر ئاکاری مەزندا سەلماندوویەتی ١-٣، ١٨٨٣ ئـ ٣-١٤ ل١٩٢).

(ب ٧٩-٨٧) لەم بڕگانەدا خستنەڕوویەکی سادە و وردی تیۆری بەناوبانگی ئەرەستۆ لەبارەی شیمانە و ناسینەوە، یان بوون بەهێز و بوون بە کردار دەبینرێت. ئەرەستۆ یەکەم کەس بوو، کە وشەی کار ((ئەنیرجایا))[10] ی بەکارهێنا (کە لەو کتێبە پزیشکیانەدا نایبینینەوە، کە لەژێرناوی ئبیکرات کۆکراونەتەوە). دەکرێ بەدوای ئەم دوو چەمکە بەرانبەردا بچین —کە دەربڕی وێنای سەرەکین لە بیرکردنەوەی ئەرەستۆدا- بەدواداچوونێك ڕەگەکانی لە دانراوەکانی خودی ئەفلاتون و ئەرەستۆدا دەبینرێت. لە گفتوگۆی ئەفلاتوندا ((ئەویسیدیمۆس)) دوو وشەی هەڤبەر دەبینینەوە یەکێکیان واتای وەدەستهێنان، یان هەبوونی مەعریفە و خاوەنداریەتی[11] مەعریفە دەدا، و دووەمیان واتای بەکارهێنان و کەڵك لێوەرگرتنی دەدا[12]. لە گفتوگۆی سیایتیتۆسدا دوو وشەی نزیك دەبینینەوە واتای خاوەنداریەتی و بەکارهێنان دەدەن (١٩٧ ب، ١٩٩ ئـ) ئەو دوو وێنایەی پێشوو (وەدەستهێنان و بەکارهێنان، یان خاوەنداری و بەکارهێنان) یەکەمجار لە تۆبیقادا هاتووە (٥-٢، ١٢٩ ب ٣٤) دواتر لەم کتێبەماندا دەیبینینەوە (پرۆتریبتیقۆس، یان بانگهێشت بۆ فەلسەفە) لەم بڕگانەدا: (ب ٥٣، ٧٩، ٨١) هەروەك لەبڕگەی (٨٣) هەمەجۆرییەك لەسەر وشەی دووەم دەبینینەوە، کە بایەخی خۆی هەیە، کە وشەی ((کار)) شوێنی وشەی ((بەکارهێنان)) دەگرێتەوە، هەروەك لەهەمان بڕگەدا لێکچواندنی موڵك و کار بە ڕیز بە نووستن و هەڵسانەوە دەبینینەوە، کە خواستنێکە ئەرەستۆ لە ئاکاری ئۆدیمیدا فراوانی دەکات (٢-١، ١٢١٩

ئـ-٩-٣٨). هەرچی ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسیی نێوان هێز و کردارە، ئـەوا بـۆ یەکەمجار لە تۆبیقا دەیبینینەوە (٤-٤، ١٢٤ ئـ ٣٢) هەروەك لەم کتێبەشماندا لـە بڕگـەی (٧٩) دەیبیـنین. لەڕاسـتیدا، ئەرەسـتۆ تیـۆرە تایبەتەکـەی خـۆی لەبارەی هێز و کرداردا لـەکتێبی سروشـتدا بـاس دەکـات (١-٨)، کـە دەڵێـت هێز، یان تواناداری (دینامیس) ئەو نەبوونەیە، کە دەکرێ لێرە و هەر ئێـستا بـوونێکی لێ پەیـداببێت. هەرچـەندە تـەنیا لـە گووتـاری ((سـیتا)) نـەبێت (لەکتێبی میتافیزیکدا ٦-٩) بەدوورو درێژی وەرینەگرتووە، کە لە چوارچێوە پێشکەوتنی فیکریدا کەمێك بە بەجێماو دادەنرێت. کارەکـە هەرچـۆنێك بێـت ئێمە دەبیـنین بنـچینەی تیـۆرە گرنگەکـەی خـۆی لەبڕگـەی (٨١) دەخاتـە ڕوو لەسەر ئەو بنەمایەی، کـە کـردار شـکۆمەندتر و بەبایـەخترە لـە هێـز و کـردار ئەوەی لەسەر هەڵچوون هەیە، کە بەئاگابوون لەسەر نووسـتنی هەیـە، ئـەوەش دەگەڕێتەوە بـۆ دووپاتکردنـەوەی چـاکیی کـردار لەسـەر هێـز لـە گووتارەکـەی پێشوو لەسەر میتافیزیك (سیتا ٩، ١٠٥١ ئـ ٤)، کە دەڵێت ئەوە ڕوونە، کـە —هەر کارێك- چاکتر و شکۆمەندترە لە هێـز، هـەروەکو لـەکتێبی ڕۆحـدا پـتر جەختی لەسەردەکاتەوە (٣-٥، ٤٣٠ ئـ ١٨)، کە ئەم دەربڕینە یەکلاکەرەوەیە دەبینینەوە ((هەمیشە کردار لە هەڵچوون شکۆمەندترە)).

هەرچی بڕگەی (ب ٨٣-٨٤) ە دەبینین ئەرەستۆ لـەبارەی کـرداری ڕۆح و ژیـانی قسەدەکات، ئەمەش شتێکە ڕەنگە لای ئێمـە وەکـو ئـەنجامی کۆتـایی بکەوێتـەوە. ئەگەر ئەوە بیربخەینەوە، کە ئەفلاتون لـەبارەی ((چـالاکیی ڕۆح)) گووتوویـەتی ئـەوا لەپشتییەوە فەلسەفەیەکی قوڵمان دەدۆزییـەوە (کۆمـار ٣٥٢ د- ٣٥٤ئـ)، ئەگـەر تەماشـای هەنـدێك کتێبـی دیکـەی ئەرەسـتۆ بکـەین، ئـەوا هـەمان ئـەو فیکرەیـە دەبینینەوە، کە بەم شێوەیە، یان بەوەی دیکە هاتووە (ئاکاری مـەزن ١-٤، ١١٨٤ ب، ٢٢-٨٥ ئـ ١، ئاکاری ئۆدیمی ٢-١، ١٢١٩ ئـ ٢٣-٣٥ و ئاکـاری نیکۆمـاخی ١-٧، ١٠٩٨ ئـ ٧-١٧). ئەوەی کە سەرنجرادەکێشێت لەو دوو بڕگەیـە و لەتـەواوی



بەشەکانی کتێبەکە ئەوەیە چاکیی ڕۆح، یان چاکترین ڕێگە بۆ بەکارهێنانی بەرزترین تواناکانی بریتییە لە ڕامانی بوونەکان و بیرکردنەوەی پەتی لە بنەچە و بنەماکانیدا، چونکە ئەمە لەبۆچوونی ئەرەستۆدا (چ لەم کتێبە و چ لەهەموو کتێبەکانی دیکەیدا بەتایبـەتی لـە میتافیزیـك و ئاکـاردا) بـەرزترین جـۆری کـردارە (هـەروەها سـەیری هەردوو بڕگەی ب ٦٦، ٩١ بکە) ئەوەش لەگەڵ ئەو فەلـسەفەیەی لەسـەر مەبەسـت (تیلۆس) هەیەتی بەتەواوی دەگونجێت. ئـەوەی دەخەمەسـەر، کـە ئێمـە لـەجیهانی بیرکردنەوەدا ڕیزبەندی و پلەبەندی ڕووە و بەرزترو شکۆمەندتر دەبینینەوە: هەنـدێك گیانلەبـەری زیـرەك (وەك مـێش هـەنگوین و داپیرۆچـکە و چـۆلەکەی بەهەشـت!) وردییان هەیە، توانایەکی زیادی بیرکردنەوە هەیە لای منداڵ و بەندە و ژن، هەتا ئەو پیـاوە ئـازادە پێگەیـشتووەی، کـە دەگاتـە لوتکـەی بیرکردنـەوە کاتێـك دەبێتـە فەیلەسوف کەڵکی خۆویستی لەپشتییەوە دەخاتە ڕوو و تێفکرینـی ڕووە و ڕامـان و گەڕانی پـەتی ئاڕاسـتە دەکـات، (ئەمـە لایـەنی تیۆرییـە) دەبێتـە بەختـەوەرترین و چاکترین و کامڵترین مرۆڤ (ئەمەش لایەنی کارەکییە). لەکتێبی سیاسەتدا فیکـرەی وێکچوو لەئاسـتی جیـاوازی بـالاً دەسـتی ئاکـاری لای بەنـدە و ئـازاد و ڕەشـۆکی و دەسـەلاًتدار دەبینینـەوە (١-١٣). لـەدەقی ئـەم بڕگەیەمانـدا (ب ٨٤) دەبیـنین ئەرەستۆ جـەخت لـە قالّدرمـەی کـرداری پلەبـەند دەکاتـەوە لـە نرخەکەیـدا. پاشـان لەبڕگـەی دواتـردا کاتێـك باسـی ژیـانی ئەوانـە دەکـا کـە مەعریفـەی فەلـسەفیان دەستخستووە، دەگاتە لوتکەی ئەرگۆمێنتە قوڵەکەی و دوای ئەمـەش هـەرگیز ئـەو لوتکەیە بەرنادا. ئەو لوتکە بەرزەش جگە لەژیانی فەلسەفی هیچی دیکە نییە، کـە لای ئەو ژیانی ڕاستەقینە و سەرچاوەی خۆشیی ڕاستەقینەیە. خوێنەر تێبینـی ئـەوە دەکات، کە ئەو ئەو داوانە کۆدەکاتەوە، کە لە بڕگەی (ب ٣٣) دا بلاًویکردبوونـەوە و لەو بڕگانەی کە ئێستا ئێمە پێیانەوە خەریکین چنینەکەیانی پتەوکردووە، و پاشان لە چنینێکی جوان و ڕێك لەبڕگـەی (ب ٩١) و بڕگـەکانی دیکـەی کۆتـایی دەقەکـە توندیکردن. ڕەنگە سیسرۆن (لەکتێبەکەیدا لـەبارەی مەبەسـتەکان[13] ٢-١٣، ٤٠)

کتێبی بانگهێشت بۆ فەلسەفە و ئەو پاژەی دەقەکەی بەشێوەیەکی تایبەت بۆ هاتبێت کاتێك گووتی: ((مرۆڤ بەمشێوەیە دەبێ —وەك ئەوەی ئەرەستۆ گووتی- بۆ دوو کار لەدایك بووە، کە بریتین لە بیرکردنەوە و کردار، وەك ئەوەی لەخودایەکی لەناوچوو بچێت)).

(ب ٨٧- ٩٢) ئەم بڕگانە تێڕوانینی ئەرەستۆ لەبارەی چێژ و بەختەوەری لەخۆدەگرن، کە لێکۆلەران لەبارەی لێکدانەوەیان لەیەك جودان. ئەو لەم بابەتەی دەقەکەدا ستایشی ئەو چالاکییە دەکات، کە هیچ بەربەستێك رێی لێناگرێت و نەبەهیچ شتێك و نەبەهیچ ئامانجێکیشەوە پەیوەست نییە، کە هەوڵی بۆ بدا جگە لەخودی کردارەکە، چالاکییەکە یان لە خۆشی و بەختەوەری لوول دراوە یان خۆی خۆشی و بەختەوەرییە. لەڕاستیدا ئەو فیکرەیەی، کە پێیوایە هەموو ئەوەی بەرجەستەیە، ئەوەیە، کە مرۆڤ دەیبینێ و گوێی لێ دەبێت، و هەموو ئازار و چێژێکیش، کە دەبێتە بەربەست لەبەردەم چالاکیی مرۆڤ لەراستیدا ئەوە سەرچاوەی بەختەوەرییە. ئەم فیکرەیە بۆ ئەفلاتون دەگەڕێتەوە، کە لە گفتوگۆی ((فایدۆن)) بەشێوەیەکی تایبەت زۆر بەکاریگەرییەوە دەیخاتە ڕوو (٦٥جـ-٦٦جـ). ڕەنگە ئەرەستۆ —لەبڕگەی (ب ٨٨)، کە خاڵی نییە لە ئاڵۆزی- هەوڵدەدا ژیانی بەختەوەر وەسف بکات، کە هیچ بەربەستێکی دەرەکی، یان کۆتێکی ڕووکاری نابێتە بەربەست بۆی، ئەمە لەکۆتاییدا ژیانی فەلسەفاندنە (هەروەها تەماشای ئاکاری نیکۆماخی بکە ٧-١٣، ١١٥٣ ئـ ١٥). هەندێك لێکۆلەر وای دەبینن، کە ئەرەستۆ لەم کتێبەدا دژی چێژە، بەلاّم ئەگەر دەقی ئەو بڕگانەمان بەهێوری خوێندەوە کە ئێمە پێیانەوە خەریکین، دواتر خستمانە چوارچێوەی گشتی کتێبەکە دەبینین لەڕیزی چێژ دەوەستێ، کە دەکرێت بە —ئەگەر ئەو وەسفە ڕێپێدراو بێ- چێژێکی شکۆمەند وەسفی بکەین. بێگومان دەبێت بۆ پاساوی ئەم بۆچوونە بگەڕێینەوە بۆ بڕگەی (ب ٧٧)، کە تێیدا ئەرگۆمێنتی ئەرەستۆ بۆ



بانگێشتکردن بۆ فەلسەفە دەگاتە ترۆپك، کاتێك گەرموگوڕییەکەی دەیگەیەنێتە ئەو ڕادەیەی بڵێت مەعریفەی فەلسەفی لەپێشترە بۆ ئەوەی مرۆڤ هەڵیبژێرێت لە هەستی تێفکرین، بەڵکو لەژیانیش لەپێشترە، چونکە ئەو ((خاتوونی حەقیقەتە)).. بێگومان دەبێ لە قاڵدرمەی بەهاکانەوە بەدوای ئەرگۆمێنتەکەیدا بچین لەم کتێبەدا. ئەو ئەم پلەبەندییە لە قاڵدرمەی بوونە سروشتییەکان لەبڕگەی (ب ١١-٢١) دەخاتە ڕوو. پاشان لە بڕگەکانی (ب ٢٢ تا ٣٠) ئەوە دەزانین، کە بیرکردنەوەی پەتی بەرزترین شێوەیە لەشێوەکانی بیرکردنەوە. دوای ئەوەی ئەوە دەسەلمێ، کە ئەم مەرجە لە کاری ئاکاریدا دەستی لێ بەرنادرێت ((هەتا ئەگەر لەدەرەوەدا هیچ کەڵکێکی پراکتیکیشی لێ نەهاتبێتە دی)) (لە ٥٨ بۆ ٦٩) دەیبینینەوە جەخت لەوەدەکاتەوە، کە ئەو بەدوای خۆشیدا دەگەڕێت (٥٦، ٩١). لەکۆتاییدا لەشێوەی سەرکردەیەکی سەرکەوتوو دەگاتە ئامانجی خۆی و (لەبڕگەی ٧٧) دا ئەوە دووپاتدەکاتەوە، کە هەموو خەڵکی هەوڵ دەدەن بۆ وەدەستهێنانی مەعریفە و لەهەموو شتێك زیاتر پەسندی دەکەن. لێرەدا تێبینی ئەو نزیکییە بەهێزە دەکەین، کە لەنێوان شێوازی ئەو دەربڕینەو دوو بڕگەکەی دیکەدا هەیە، یەکەمینیان لە ئاکاری نیکۆماخیدا (٧-١٤، ١١٥٣ ب٣٠) هاتووە، ئەویش ئەمەیە ((هەموو داوای چێژ دەکەن))، دووەمینیشیان —پێشتر گوتمان- لە بەرایی، گوگووتاری ئەلفا لەکتێبی میتافیزیکدا هاتووە: ((مرۆڤەکان هەموویان بەسروشتی خۆیان هەوڵی وەدەستهێنانی مەعریفە دەدەن)). ئایا لەمە هەمووی ئەوە هەڵدەهێنجین، کە ئەرەستۆ یەك بۆچوونی لەبارەی چێژ و بەختەوەری هەبووە و لای ئەو بۆ بیرکردنەوە و تێفکرینی پەتی یەکسانن، یان تێڕوانینی خۆی گۆڕیوە بەگۆڕانی قۆناغەکانی پێشکەوتنی بیرکردنەوەی؟ وادەردەکەوێ، لەم بارەیەوە ناتوانین بۆچوونێکی یەکلاکەرەوە بڵێین، و ڕەنگە ئەرەستۆ خۆی بەرپرس بێ لەمەدا. ئەو تاوتوێی کێشەی چێژ دەکا هەروەك تاوتوێی کێشەی

بەختەوەری دەکات لەگۆشەی جوداوە. —وەکو عادەتی خۆی لە خستنەڕووی بۆچوونی جیاواز لەهەموو ئەو بابەتانەی باسیان دەکات- وەلاّم و لێکدانەوەی جۆراوجۆر پێشکەشدەکات، کە زانایانی چاخە کۆن و نوێکانی ماندوو کردووە! ((بییگر)) بۆئەوەچووە، کەئەرەستۆ دوای مردنی ئەفلاتون[١٤] بۆچوونی خۆی گۆڕیوە، ئەمەش بە گەڕانەوە بۆ ئەو باوەڕەی، کە ئەو (واتە ئەرەستۆ) دوای مردنی مامۆستاکەی بووە خاوەنی فەلسەفەی خۆی. هەرچۆنێك بێ بۆچوونەکانی ((بییگر)) تووشی ڕەخنەو چاککردنەوەیەکی زۆر بوونەوە لەلایەن زۆر زاناوە و ئێستا زۆربەیان لەسەر ئەوە کۆکن، کە بۆچوونی ئەرەستۆ لەبارەی چێژەوە چۆن بووە هەروەك خۆی ماوەتەوە. ئەو دەقانەی لەبەردەستماندان ئاماژەن بۆ ئەوەی، کە ئەو لەگەڵ ((ئۆیدکسۆس))[١٥] هاوڕابووە بەوەی چێژ چاکەیەکی ئەرێنییە، ئەو لەماوەی قۆناغەکانی پێشکەوتنیدا، کە نکۆڵی لێ ناکرێ، هەوڵی داوە پاڵپشتی لەبۆچوونی هاوچەرخەکەی بکا بەوەی، کە چاکەیەکی سروشتیی یان ژیانییە، لەنێوان خۆی و لایەنگیرییە ئایدیالییەکەیدا، کە لایەنگیری ریزبەندی پلەبەندی دەکات لە چێژەکاندا. ئەوەمان لەبیرنەچێ، کە ئەم کتێبەی ئێمە خستنەڕوویەکی بەرنامە بۆداڕێژراوی چێژ نییە، هەروەك بەسروشتی خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە و شتە شاراوەکان دێتە دەرەوە. ئەو وەك ئەوەی ناومان ناوە بانگهێشت بۆ فەلسەفە و بانگهێشتێکی پێداگریشە، و بانگهێشتەکانیش بەسروشتی خۆیان دوورن لە ئاڵۆزی و بەهەموو شێوەیەك میوانان و بانگهێشتکراوان دەوروژێنێ.. بۆیە —وەك بینیمان- شێوازی ڕەوانبێژی و گگوتاری بەسەردا زاڵبوو. رەنگە بۆچوونی هەندێك لێکۆلەر ڕاست بێ لەوەی، کە مامۆستای یەکەم خۆی بەکتێبەکەوە ماندوو نەکردووە، بەڵکو لەخۆوە بۆ هەندێك لەقوتابییەکانی گووتووە.. هەرچۆنێك بێت دەتوانین بۆچوونەکەی وەك ئەوەی لە بڕگەکانی (٨٧ بۆ ٩٢) ئاماژەیان پێکراوە بەمشێوەیە کورت بکەینەوە:



شتی فەرامۆشکراو هەیە بەچێژ وەسفیان دەکرێت، بەلاّم چێژی چاك و راستەقینەش هەن، بۆیە کاملّترین شێوەی ژیان لە چێژی کامڵ پێکدێت. کەسی بەئاگا ژیانێك دەژییێت لەنرخیدا بەرزترە لەژیانی کەسی نووستوو، بیرمەندیش ژیانێکی کاملّتر دەژییێت لە ژیانی ئەوەی، کە لەبیرکردنەوە کەوتووە (بەهۆی دواکەوتوویی یان پێنەگەیشتنی)، ئەو خۆشی و بەختەوەرییەی لە فیکری فەلسەفییەوە سەرچاوە دەگرن ڕاستترین خۆشی و کاملّترین بەختەوەرین. ئەوە بەسە، کە لە دەربڕینی کۆتایی بڕگەی (٩١) وردبینەوە بۆئەوەی ببینین، کە کەماڵی داڕشتنی هونەری و زمانی لەگەڵ کەماڵی خۆشی و بەختەوەری بەژیان چۆن یەکدەگرن!..

(ب ٩٧-١٠٣) ئەو ئەرگۆمێنتەی، کە ئەرەستۆ لەم بڕگانەدا هێناویەتییەوە دەربڕی خەسڵەتی بیرکردنەوەیەتی. بە پاساوێکی تیۆری دەستی بەپاساوهێنانەوە کردووە بۆ ئەرگۆمێنتەکەی و بەڵگەیەکی لێوەرگرتووە ئەوەی پێ دەسەلمێنێ، کە دەیلێت. ئەو ئەرگۆمێنتە هاودەنگیی خەڵکییە لەناو هەموو میللەتێك و لەهەموو سەردەمێکدا[١٦] لەسەربوونی خوداو لەداواکردنی بەختەوەریدا. ئەوەش ئەرگۆمێنتێك بوو، کە لە چاخە کۆنەکان و سەردەمی باوانی کڵێسا ناوبانگی هەبوو، و هێشتاش لە بواری فەلسەفەی ئاییندا پێوەری حەقیقەتە. ڕەنگە لە پشت ئەو بەڵگە ((ئەنتۆلۆژییە)) بەناوبانگە شاردرابێتەوە لەسەردەمی قەشە ((ئەنسیلم)) تا دیکارت و ڕەخنەلێگرانی. گرنگ ئەوەیە ئەرگۆمێنتەکەی ئەرەستۆ ئەم توخمانەی دێن لەخۆدەگرێت:

(أ) ئەو ژیانەی، کە توانای بیرکردنەوەی تێدا نییە ژیانێکی بێ بایەخە.

(ب) توانای بیرکردنەوە و فەلسەفاندن هیچ شتێکی دیکەیان پێ ناپێورێت، و هەموو شتێك جگە لەخۆیان، هیچ نین ئەگەر لەگەڵ ئەم دووە بەراوردبکرێن.

(پ) نووستن شتێکی بەچێژ و خۆشەویستە، بەلاّم مەحاڵە لە وەئاگابوون پەسندتری بکەین، واتە لەسەر فیکری ئەرێنی چالاك.

(ج) ئێمە هەموو ئەو شتانەمان خۆشدەوێت، کە روون و ڕۆشنن، هەربۆیە بیرکردنەوە و مەعریفەمان خۆشدەوێت.

(د) لەکۆتاییدا توانای بیرکردنەوە و فەلسەفاندن مەرجێکی پێویستە بۆ هەبوونی ژیانێکی بەختەوەر و کامڵ.

لەبڕگەی (٩٨) دا دەبینین، کە ئەرەستۆ —وەك ئەوەی مامۆستاکەی دەیکرد- چۆن پەنا دەباتەبەر ئەو ئەرگۆمێنتەی لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان دژەکان[١٧] بنیاتنراوە — هەردووکیان زۆر پەنایان دەبردە بەر ئەم شێوازەی ئەرگۆمێنتەکان- ئەمەش لە پتەوی و وردی زیاد دەکات، کە خەسڵەتی دیاری ئەم کتێبەن، و بەعەقلانیەتی خۆی دەگاتە ئەوپەڕی ئەوەی، کەدەکرێ بیگەیێ. هەرچی ئەوەیە کە زۆربەی ئەرگۆمێنتەکانی —وەك چەندین جار ئاماژەمان پێداوە- ئەرگۆمێنتی رەوانبێژی و گوگووتارین و بەڵگەی دەرەکین، ئەمە لەزۆربەی بارەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ کۆی ئەنجامە دەستهاتووەکان و ئەمەش شتێکی دیکەیە..

لەبڕگەی (١٠١) دا دەربڕین هەن، کە ئاماژەن بۆ بۆچوونی یەکلایی ئەرەستۆ لە بەدرۆزانینی خەون و وادانانی ئەو روئیاو خەیاڵانەی کەلەخەودا دەورمان دەدەن جۆرێکن لە لەخشتەبردن و هیچ پشکێکیان لەحەقیقەتدا نییە. لەکاتێکدا، کە ئەفلاتون لە گفتوگۆ بەناوبانگەکەیدا لەبابەت خەونەوە (کۆمار ٥٧١-٥٧٢) بۆ ئەوە چووە، کە ((پیاوی دانا)) دەتوانێت لەخەونەکانیدا لە حەقیقەت نزیك بێتەوە بەجۆرێك، کە روئیا و وێناکردنەکان کەمترین دووری لەو واقیعەی پێی ئاشنان دوورنەکەونەوە، ئەوا ئەرەستۆ لەم کتێبەماندا و لەبابەتی دیکەدا لەکتێبەکانی دیکە ئەوە رەتدەکاتەوە، کە خەونەکان هیچ پشکێکیان لە حەقیقەت و ڕاستی هەبێت، هەرچەندە دەربڕی جۆرێکی درککردن، یان هەستکردنە، کە ئاسان نییە نە وەلای بنێی و نە قنیاتیشی پێ بکەیت (وەك لە گووتارەکەی لەبارەی خەونەوە وا دەڵێت ٤٦٢ ب١٢ هەروەها سەیری میتافیزیك بکە، گووتاری دەلتا ٢٩، هەروەها ئەو بڕگەیەی، کە ئێمەی پێیەوە خەریکین لەم کتێبەدا).



بەڵام قسەکان لە بڕگەی دێت لەبارەی هەڵاتن لە لێڵی و نادیار و تێکۆشان بۆ ڕوونی و ناسراو، ڕەنگە بەبۆچوونی ئەفلاتون کاریگەربووبێت بەوەی نموونەی چاکە — کە چاکترین نموونە و پلە بەرزترینیانە- ڕووناکی و بوون و مەعریفە دەڕێژێتەسەر ئەو شتانەی لەجیهانی هەستیدا هەن (کۆمار ٥٠٩ ئـ). ئەگەر فیکری فەلسەفی گریکیی بەشێوەیەکی گشتی لەنێوان تێفکرینی عەقلانی و تێفکرین بەچاودا بێت، بەجۆرێك، کە دەتوانین بڵێین ڕامان لای ئەو بەستراوەتەوە بە بینین و روئیای جوانی (بەتایبەتی لای ئەفلاتون!)، ئەوا نامۆ نییە کە لای ئەرەستۆ و بیرمەندە گریکییەکانی دیکەش وێنەی عەقڵ و ڕووناکی ڕامان هاتبێت (بۆنموونە سەیری گگووتاربێژی بکە ٣-١٠، ١٤١١ ب١٢، و تۆبیقا ١-١٧، ١٠٨ ئـ ١١، ئاکاری نیکۆماخی ١-٤، ١٠٩٦ ب ٢٩).

(ب ١٠٤-١١٠) لەڕۆحی ئەو بڕگانەی کۆتایی ئەو رەشبینیەی بەسەریدا زاڵبووە ( و لەڕۆحی گریکیدا رەسەنە شانبەشانی گەشبینی عەقڵی، کە ئەمە ڕووی جیاوازی دانسقەیە تێیدا!) وادەردەکەوێت، کە تایبەت لە گفتوگۆکانی فایدۆنی ئەفلاتون (٦٤ ئـ- ٧٠ ب) وەرگیراوە، کە نزیکەی هەمان فیکرە بەمشێوەیە دەخاتە ڕوو: ((فەلسەفاندن واتای ئازادکردنی ڕۆحە لەجەستە[١٨]، ڕاستە مرۆڤی ئاسایی وای دەبینیێ، کە ژیان بەبێ چێژ هیچ نرخێکی نییە (٦٥ ئـ)، بەڵام ئەو چێژە بێ نرخە، عەقڵ[١٩] ڕوونتر بیردەکاتەوە کاتێك تێدەکۆشێت بۆ وەدەستهێنانی بوون. فەیلەسوف کاتێك دەگاتە حیکمەت[٢٠] و حەقیقەت، کە بەفیکرێکی پەتی بەدوای سروشتی راستی شتەکان دا دەگەڕێ، بەڵام ناتوانێ بگاتە مەعریفەیەکی ڕاستی بوونی راستەقینە تا ئەو کاتەی ڕۆحی لەلای جەستە خراپەکەی بەجێمابێت[٢١]. بۆیە لەسەرمان پێویستە تێبکۆشین بۆ ئازادکردنی ڕۆح لەجەستە (٦٧ب) هەتا بتوانین لەچالاکیی ناوەوەدا تەرکیزمان هەبێت، و ئازاد(بێت) لە کۆتەکانی جەستە. تۆ ئەگەر لە هەموو خەڵکی ڕامای دەبینیت کە هەموو هەوڵەکانیان پووچن. (تێبینیمکرد) لەزۆربەی بارەکاندا جۆرێکە لە

ئاگربەست بۆ دوورخستنەوەی خراپییەکی دیاریکراو. ئەوان لە دوودڵییەکی بەردەوامدا دەژین و لەوە تێناگەن، کە بەتەنیا حیکمەت دراوی ڕەسەنە کە دەتوانین فەزیلەی ڕۆحی پێ بکڕین. ژیانی خاڵیش لەحیکمەت یاری و وێنەیەکە، کە بەسێبەر کێشرابێت (٦٩ ب)، ئەمە لەڕاستیدا ژیانی هاوێرکردنە)).

نزیکیی لەنێوان ئەم دەقە و ئەو بڕگانەی ئێستا ئێمە پێیانەوە خەریکین لەوە روونترن، کە ئێمە ئاماژەیان پێ بکەین. ڕاستە، کە نزیکییەکەیان زیاتر لە شێوەیە نەك لەناوەرۆك، بەڵام لەهەردووباردا ئەوە گۆ دەکات، کە ژیانی پووچ شایەنی ئەوە نییە پێی بگوترێت ژیان و ئەو بەهایانەی، کە خەڵکی پێیان شاگەشکەن تەنیا بەهۆی لاوازیانە، کە لەچاویاندا دەڕازێتەوە، ئەگینا بۆیان وا دەرناکەوێت، هەرچەندە بەگومڕاییەکی سووك و تارماییەکی دابڕاو لەهەموو حەقیەقەتێك داناندرێ. هەرچەندە ئەو نزیکییە شێوەیەی، کە لەنێوان هەردوو فەیلەسوفدایە ڕەسەنایەتی ئەرەستۆ ناسڕێتەوە، چونکە ئەوەی دەیڵێ تەنیا لاسایی کردنەوەی مامۆستاکەی نییە، و وێنەکانیشی تەنیا سێبەری لەناوچووی ئەو دانراوە بەناوبانگە نین. ئەوەش بەتایبەت کاتێك ڕوون دەبێتەوە، کە بیرمان لەو دەستهاتە کردەوە، کە ئەرەستۆ لە قسە بەتاریکی بۆیەکراوەکانی دەریاندێنێت. لەڕاستیدا، ئەو چەند لە ((بەرگری)) سۆکرات نزیکدەبێتەوە ئەوەندەش لە قسەکانی ئەفلاتون دووردەکەوێتەوە. ئەو شیمانەی گەیشتن بە مەعریفەی راستەقینە لەم جیهانەدا رەتدەکاتەوە، و واشی دانانێ ئەم شیمانەیە لە ژیانی دوای مردندا بێتە دی، بەڵام ئەوە دووپاتدەکاتەوە، کە ژیان بەبێ فەلسەفاندن شایەنی ئەوە نییە ژیان بێت. ئەو دەربڕینانەی ئەفلاتون بۆ تۆن، کە جیاوازی زۆر لەنێوان خۆی و قوتابییە پێگەیشتووە سەربەخۆکەی لەبۆچووندا روون دەکاتەوە: ((کەواتە ئەگەر گەیشتن بەمەعریفەی حەقیقی مەحاڵ بێت، ئەوا ڕۆح پەیوەست نەدەبوو بەجەستە، (مرۆڤ) تەنیا دوو بۆچوونی لەپێشە: یان ئەوەتا وەدەسخستنی مەعریفەی راستەقینە لای مرۆڤ مەحاڵە، یان ئەوەتا دوای ژیانی ئێستامان دەکرێ وەدەست بێت)) (فایدۆن،



٦٦ د). گومانی تێدا نییە، کە بڕگەکانی کۆتایی بۆ یەکەمجار ئاماژە بەڕەشبینی ئەرەستۆ دەکەن، کە ئەمە وای لە ((ییگر)) کردووە (ئەرەستۆ، بنچینەکانی مێژووی گەشەسەندنی، بەرلین ١٩٢٣، ١٩٥٥ ل ١٠٠) بڵێت ئەو لەکتێبەکەیدا (مەبەستی لە ئاکاری ئۆدیمی و ئەم کتێبەیە) خەڵکی خەڵتانی رەشبینی دەکات لەم جیهان و لە چاکییەکانی دونیادا. هەندێك لێکۆڵەری ئیتالیش (وەکو باریجاتسی بنیونە و قوتابییەکانی) بەدوای ئەودا چوون، کە زیادەڕۆییان کرد لە دووپاتکردنەوەی ڕەشبینی ئەرەستۆ لە گەنجی و لە پیاوەتیدا، تا ئەو ڕادەیەی گوتیان ئەو لەو دوو کتێبەی پێشوو داوای ئەوەی لەمرۆڤ کردووە ئەو زەوییە بەجێبێڵێ، کە بۆ مرۆڤ ئەوە نارەخسێنێ ژیانێکی یەقینی هەبێ! ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە ئەم بانگەشەیە زیادەڕۆیی تێداکراوە یان هەر لەبنچینەدا هەڵەیە. ئەرەستۆ هەرگیز دەستبەرداری مەیلە عەقلانییە گەشبینییەکەی نەبووە، و هەرگیز دەستبەرداری ئەو هەڵکەوتە نەبووە، کە بەتیژبینییەکەی چۆتە سەر هەموو بوارەکانی واقیع لەسروشت و عەقڵ و شارستانییەتدا. ئەگەر عەقڵە ئۆرستۆکراتییەکەی لەبەرزییدا وەکو هەڵۆ بوەستێت و چاودێری لایەنە لاواز، ماندووکەرەکانی مرۆیی بکات، ئەمە هیچ نییە تەنیا ئەوە نەبێت کە چاوی فەیلەسوف سەیری واقیع دەکات —هەروەك ئەسپینۆزا- لەبۆچوونێکی ئەزەلی و هەتاهەتایی دەریدەبڕێت، کەهەموو ئەوەی وێنای دەکەین و بەچاکەی دادەنێین تەنیا لەخشتە بردن و تارماییەکی ڕەویەوەیە، ئەوە دەزانێت، کە ئەو بەهایانەی ئێمە لەژیانی رۆژانەماندا بایەخیان پێدەدەین بێ نرخن. ئەگەر کەسێکی ئاسایی وەك ئێمە بە تاقیکردنەوەیەکی لەمجۆرەدا تێبپەڕێت لە هەندێك هەڵوێستی ((لابەلا))و تەنگژەی لەپڕ، ئایا لێمان سووە، کە فەیلەسوف ئەوە بەتاقیکردنەوەی رەسەنی خۆی دابنێت؟ ئایا سۆزبزوان لەگەڵ ناخۆشییە مرۆییەکان لە گەشبینی بەتوانای عەقڵ بۆ گەیشتن بە حەقیقەت و باوەڕبوون بەتوانی مرۆڤ، کە ژیانێك بژییێت خۆی شایەنی بێت؟ ئەرەستۆ لە کرۆکیدا مرۆڤێکی واقیعی بوو. ئەو واقیعە

((گریکیه)) ش وای لێکردووه، کە چاودێری بێ دەسەلاتی مرۆڤ بکات و ئەوە بزانێت، کە ناخۆشییەکانی مرۆڤ کارێکی ڕوونە لای هەمووان ((سیاسەت ٢-٧، ١٢٠٧ ب ١)). بێ دەسەلاتی مرۆڤ بەپێوانەکردنی لەگەڵ خوداوەندا بابەتێکە، کە بیرمەند و نووسەر و شاعیرەکانیان لەهۆمیرۆسەوە تا سەردەمی ئەو بەهەندیان وەرگرتووە و لایان لێکردۆتەوە. بۆیە بابەتێکی دیکەشی پێ بەستراوەتەوە، کە لەسەردەمی حەفت پاشایەکەوە لەسەدەکانی حەفتەم و شەشەمی پێش زایین بەردەوامن لەسەر باسکردنی، ئەویش پێویستی پابەندبوونە بە سنووورداری و دوورکەوتنەوە لەخۆ بەگەورە زانین و تێکۆشان بۆ مەعریفەی ڕۆح، واتە مەعریفەی مرۆڤ، کە ئەو گیانلەبەرێکی عاقڵی لەناوچووە..

هەرچی ئەوەیە، کە تەنیا عەقڵ نەمرە و هەرتەنیا ئەو خوداییە لەهەموو ئەو شتانەی، کە کیانی ئێمە لەخۆی دەگرێت، ئەمە فیکرەیەکە تەنیا لای ئەرەستۆ نەهاتووە، بەڵکو لەفیکری گریکیدا کۆنە، لەو کۆپلانە دەبیینینەوە کە هی دیۆجینیسی ئەپۆلۆنین (لەسەدەی پێنجەمی پێش زایین) (٦٤ ئـ ١٩) و ماونەتەوە هەروەها لای سیوفراست[٢٢] (لەدەورووبەری ٣٧١-٣٧٠ بۆ ٢٨٨-٢٨٧ پ.ز) ئەوەی، کە لەکتێبەکەی لەبارەی هەستەکانەوە دەڵێت (٤٢) عەقڵ (نوس) بەشێکی بچووکە لەخودا، هەروەك ئەفلاتون بە کەمێك ترسەوە گوتوویەتی (لەیاساکاندا ٨٧٥ ج) لای ئەرەستۆش هاتووە (لەکتێبی پاژەکانی ئاژەڵ ٤-١٠، ٦٨٦ ئـ ٢٨-٢٩) کە دەڵێت: عەقڵ یان بیرکردنەوە بەبەختترین کارن لە خوداوەندیدا. ئاساییە، کە ئەرەستۆ لەو ئەنجامەی لەمەدا دەستی کەوتووە لە بڕگەی پێش کۆتایی (١٠٩) بچێتە سەر ئەوەی، کە مرۆڤ بەهۆی عەقڵییەوە خودایە بەبەراوردکردنی لەگەڵ هەموو بوونەوەرە زیندووەکانی دیکەدا. سیسرۆنیش وەك پێشتر بینیمان ئەم گوتەیەی گوتووە (لەنامەکەی لەبارەی مەبەستەکانەوە ٢، ١٣، ٤٠) وا وەسفی مرۆڤی کردووە، کە لەخودایەکی لەناوچوو دەچێ، ئەپیکۆریش بەشێوەیەکی دیکە دایڕشتۆتەوە کاتێك گوتی: خودا لەناو مرۆڤدا



دەژییێت (ئەمەش لە گگووتارەکەی بوو بۆ مینۆکیۆس Ep. Ad Men ئەمەش لە ئاکارو لاهووتدا و لەهەندێك پاژیدا روبەڕووی ئەم کتێبەی ئەرەستۆ دەبێتەوە..).

لەکۆتاییدا دەنگی ئەم ئاوازە خۆشە بەرزدەبێتەوە بۆ ئەوەی لەدواین کۆپلەدا ئاهەنگبگێڕێت، گوێمان لەوە دەبێت، کە ژیانی لەناوچووی مرۆڤ بەشێکی خودا لەخۆدەگرێ، ئەمەش گوتەیەکە، کە ئەرەستۆ و —هی دیکەش- لە شانۆگەری ((میدیا)) ی یۆربیدزی شاعیری شانۆنووسیان وەرگرتووە (میدیا، دێڕی ژمارە ٧٧٠).

ئینجا دواین دەربڕین دێت لەکتێبەکەدا بۆ پتەوکردنی باوەڕی ئەرەستۆ بەوەی، کە سۆکرات لە گوگووتاری بەرگری (٣٨ ئـ) گووتوویەتی، ئەوە دووپاتدەکاتەوە، کە ئەو (واتە ئەرەستۆ) زۆر نزیکە لەو حەکیمەی — کە جورئەتی پرسیارکردنی هەیە[٢٣] — لەخودی ئەفلاتون... ((ئەو ژیانەی خاڵییە لەبیرکردنەوە و ڕامان ژیانێکە شایەنی مرۆڤ نییە)).. ڕەنگە بتوانین ئەوەشی بخەینەسەر: ژیانی خاڵی لەئازادی ڕێگە بە ڕامان و بیرکردنەوە و کار نادا، بەڵکو ڕاستییەکەی هەر ژیان نییە.....

## پەراوێز

(1) Eidos.

(●) وەرگێڕی عەرەبی لێرەدا باسی ئەو زولّم زۆرییە دەكات، كە بەرانبەر عـەرەب و خاكی عەرەب كراوە، بۆیە خۆم لەوە بواردووە و تەنیا كرۆكی قسەكانم وەرگێڕاوە (و. كوردی)

(٢) Ta Aitia یان Hai Aitiai عادەتەن بە هۆ ناسراوە.

(٣) ئیزۆكـراتیس نووسـەر و پـەروەردەكار و مامۆسـتای گوگووتاربێـژی. لـە ئەسینا —لەدەورووبەری سالّی ٣٩٢ پ.ز قوتابخانەیەكی بۆ فێربـوونی هونـەرەكانی گوگووتاربێژی دانا و لەهەموو شوێنێكی ولاّتی گریك گەنجی بـۆ خـۆی ڕاكێـشان و ژمارەیـەكی زۆر لـە نووسـەر و سیاسـەتمەدار و گوگووتاربێـژ و مێژوونووسـان لێـی دەرچوون. سیسرۆن، كە زۆر پێی كاریگەرە لەبارەیەوە گووتوویەتی: ((وەكو ئەسپی تەڕوادەوابوو تەنیا ڕێبەرانی لێ دەردەچوو ((ئـەفلاتون ئەكادیمیایەكـەی خـۆی دوای ئەوە كردەوە، كە ئیزۆكرات ماوەیەكی كـەم بـوو قوتابخانەكـەی خـۆی كردبـووەوە و ڕكابەری لەنێوانیانـدا تونـدبوو. لەجـەنگی خایرۆنیـادا مـرد، دوای ئـەوەی ئەسـینا لەبەرانبەر سوپای فیلیپی مەكدۆنی شكستی خوارد. حەفت نامـە و بیـست و یـەك گوگووتاری ماوەتەوە، كە قوتابییەكانی (و موشتەرییەكانی)) دەیانووسیەوە تا لـە دادگا بیخوێننـەوە و بـەهۆی خراپـی تەندروسـتی ئاڕاسـتەی جەماوەری نـەدەكرد، هەموویان بە جوانی شێواز و ئاوازی شیعری دەناسرێنەوە و بۆچـوونەكانی لـەبارەی پەروەردەكردنی كـارەكی و ئاكـاری گـەنجان لـەخۆدەگرن و بایـەخ بـە بـەها مرۆییـە گشتییەكان دەدات و بانگهێشتی ئـەوەدەكا، كەشارسـتانییەتی گریكـی لەسـنووری شارە سەربەخۆكان تێدەپەڕێت و ئیمپراتۆریی فارسیش لە خۆی دەگرێـت. هـەروەها كتێبەكەی ئەنتیدۆزیس Antidosis — كە شیمانەی ئـەوە دەكرێـت ئـەم كتێبـەی



ئەرەستۆ وەلاّمدانەوەی ئەوبێت- گوگووتارێك لەخۆدەگرێت، كە فەلسەفەكەی خۆی دەردەبڕێـت لـەبارەی پـەروەردەكردنی گـەنجانت، هـەروەك ململانێـی خـۆی لەگـەلّ ئەكادیمیاو قوتابخانە نوێكاندا تۆمار دەكات، وەك دەلّێت ئەوەی بـەخۆی نووسـیوە، كە لەتەمەنی هەشتاودوو سالّیدا بووە...).

(٤) كار یان پیشە Ergon.

(5) Telos.

(6) Ta Prota.

(7) an autes tes alytheias.

(8) Auto to agathon.

(9) Proairesis.

(10) energeia.(كار) لەبەرانبەر هێزو تواناداا

(11) Ktesis.

(12) chresis.

(١٣) كتێبی سیسرۆنە (١٠٦-٤٣ پ.ز) لەبارەی چاكترین چاكە و ئەوپەڕی شـەڕ، و تێیدا مەسەلەی چاكترین چاكە تاوتوێدەكات داخۆ چـێژە، یـان فەزیلـە، یـان شـتێكە پێكهاتەیەكی ئالّۆزترە.

(١٤) دەتوانین بۆ سێ نووسـراوە سـەرەكیەكەی ئەرەسـتۆ بگەڕێینـەوە (لـەپالّ ئـەم كتێبەماندا) لەبارەی چێژ لەئاكاری مەزنـدا (٢، ٧) و ئاكـاری نیكۆمـاخی (٧، ١٣-١٥، ١٠، ١-٥) و گوگووتاربێژی (١، ١١) و گوگووتاری لام لـە میتافیزیكـدا (٧) و تێبینی دیكە لەكتێبی سروشـتدا (٣٧، ٢٤٧ ئـ ١٤-١٨) كتێبـی ڕۆح (٣، ٧، ٣٤١ ئـ ١٠-١١).

(١٥) ئۆدیكۆسی كنێدییە (لەدەورووبەری ٤٠٠ بۆ ٣٤٧ پ.ز) زانایەكی گریكییە لە بیركاری و گەردوونناسی و جوگرافیادا سەركەوتووبوو. ئەندامی ئەكادیمیای ئـەفلاتون بوو و ڕەنگە، كە ئەفلاتون لێی دابـڕاوە (سـالّی ٣٦٧ لەگەشـتەكەیدا بـۆ سـقلیە) ئـەو

ببێتە بەڕێوبەر لەهەمان ئەوکاتەی، کە ئەرەستۆ چووە لای. کاتێك لەئەکادیمیا بوو لێکدانەوەیەکی بۆ تیۆری نموونە لەگۆشەنیگای زانستی سروشتی پێشکەشکرد، بۆچوونی لەسەرئەوەی چێژ چاکترین چاکەیە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئەرەستۆ هەبوو، کە تیۆرەکەی لەگوگوتاری دەیەم لەکتێبی ئاکاری نیکۆماخدا تاوتوێ دەکات، هەروەها شیمانەی ئەوە دەکرێت کە لەتیۆرەکەی لەبارەی بزوێنەری یەکەم کە نابزوێت کاریگەری لەسەر هەبووبێت..

(١٦) Argumentum e cosensu Omnium

(١٧) ex enantion ڕووبەڕووبوونەوەی بۆچوونێك بەبۆچوونێکی دیکەی دژ و پێچەوانەی ئەو. (تێبینی دەکرێت کەئەرەستۆ لێرەدا ڕەسیدە کۆنەکەی خۆی لەنموونەی ئەو ئەرگۆمێنتانەوە بەکاردێنێت کە لە ((تۆبیقا)) یان لەبابەتە جەدەلییەکانی دیکەدا خستوونیەتە ڕوو).

(١٨) یان تاوەکو جەستەفڕێدرابێت، یان فڕیدرابێتە ناوی.

(١٩) یان هەرچەندە بەرجەستە بێت.

(٢٠) یان ڕۆح.

(٢١) یان بیرکردنەوەی عاقڵی حەکیم.

(٢٢) ساوفراستۆسە، هاوڕێ و قوتابی و جێنشینی ئەرەستۆ لە سەرۆکایەتی کردنی قوتابخانەکەی ((لۆقیۆن)) لەساڵی ٣٢٢ تا ساڵی ٢٨٧ پ.ز.

(٢٣) ناونیشانی ڕۆمانێکی فەلسەفی جوانە، کە هی نووسەری ئەمەریکی ((کورا ماسۆن)) ە، مامۆستا مەحمود مەحمود وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی. قاهیرە، مکتبە الانجلو المصریە، ١٩٥٦.